# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٨٢٨ ▪ شەممە ١٥ی گەلاوێژی ١٤٠١ _ ٦ی ئاگوستی ٢٠٢٢

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا


## سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان:



– واقعییەتەکە ئەوەیە ئەو ئێرانەی کە هەموومان بەیەکەوە کاری بۆ دەکەین، بە مەیل و ئیرادەی یەکێک یان لایەنێک دروست ناکرێتەوە و بەڕێوە نابرێ... .

– حیزبی دێموکرات خاوەندارەتیی لە پرسی سەربەخۆیی کوردستان کردوە، حیزبی دێموکرات یەکەم حیزب بوو کە مەسەلەی نەتەوایەتیی لە ئێراندا هێنا گۆڕێ، حیزبی دێموکرات کاتی خۆی لە چوارچێوی ئێراندا دەوڵەتی کوردیشی دروست کردوە. سەرکۆماری هەبووە، ئەنجوومەنی وەزیرانی هەبووە و کۆمەڵێک هێمای خۆی هێناوەتە گۆڕێ... .

– ئێمە وەکوو کورد پێویستیمان بەوە هەیە لەگەڵ هەموو ئێرانییەکاندا، لە هەلومەرجێکی ئازاد و دێموکراتیکدا، ماوەیەک بەیەکەوە بژین، با ئێمە لەیەکتر حاڵی بین. با ئێمە تەجروبەی دێموکراسی بکەین، خەڵکی مەشهەد و تەورێز و تاران و ئیسفەهان و ئەوانە لەگەڵ خەڵکی ئیلام و کرماشان و سنە و ورمێ و شوێنەکانی دیکە با تێکەڵ بین، با لەگەڵ یەکتر قسە بکەین. با ئەوانە لە نیزیکە ئێمە بناسن. ئەوان لەژێر کاریگەیی کۆماری ئیسلامی و هێندێک خەڵکی شۆونیستی ئێرانی قەزاوەت لەسەر ئێمە دەکەن، کە ئەوە هەڵەیە.

(تەواوی ئەو دیمانەیە لە لاپەڕەکانی ٣-٢دا بخوێنەوە.)

## کۆبوونەوەی هاوبەشی ڕێبەریی دێموکراتەکان:

# برینەکان سارێژ دەکەین و هێز و وزەی خەباتگێڕیمان یەک دەخەینەوە



سەروتار

### فۆبیای ڕووخان و دارمان

عەلی بداغی

ئیبراهیم ڕەئیسی لە کاتێکدا یەکەم ساڵی سەرکۆماریی خۆی تێپەڕ کرد کە نەک هیچ کام لە وادەکانی سەردەمیی بانگەشەکانی بەدی نەهاتوون، بەڵکوو کۆمەڵە قەیرانێکی دیکەش بەرۆکی ڕێژیمەکەی گرتوە کە لە سۆنگەی دەسەڵاتی دژی گەلیی ئەوانە کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانن کە تێچووەکەی دەدەن.

قووڵبوونەوەی قەیرانە یەک لەسەر یەک کەڵەکەبووەکان دواجار تارانی ناچار کرد کە ڕێک لە ڕۆژی کۆتایی یەکەم ساڵی سەرکۆماریی ڕەئیسیدا بەپەلە بۆ وتووێژەکانی ڤییەن بگەڕێتەوە، ئەویش بە پاشەکشە لە بەرامبەر ئەمریکا لە قورسترین مەرجەکەی کە هێنانەدەریی سپای پاسداران لە لیستی ڕێکخراوە تێرۆریستییەکاندا بوو. ئەوەش کە ڕێژیمی ناچار بەو پاشەکشەیە -جا بەرجامی پێ بژیەتەوە یان نا- کاریگەریی ئەو گەمارۆ قورسانەیە کە لە سەردەمی سەرۆککۆماریی ترامپەوە خراوەتە سەر ئێران و لە ماوەی ساڵ و نیوێک سەرکۆماریی بایدەنیشدا درێژەیان هەبووە. ئەو گەمارۆ قورسانە کە پاشخانێکی درێژتریشیان هەیە، تەنیا لە دەیەی ڕابردوودا سەدان میلیارد دۆلاری زیان لە ئابووریی وڵات داوە، تا ئەو ڕادەیەی کە لە ئێستادا بایی دراوی وڵات ٢٧٠٠ لەسەد دابەزێ و تەنیا لە ماوەی چەند مانگدا نرخەکان ١٢ هێندەی پێشوو زیاد بکەن؛ بێگومان شەڕێکی تەواو عەیاری بیانییش نەیدەتوانی ئەو زەبرە کاریگەر و گورچکبڕە لە ئابووریی وڵات بدات.

ئەو گەمارۆیانەش تەنیا لە ئەگەری ژیاندنەوەی بەرجام و دڵنیایی کۆمەڵگەی جیهانی -وڵاتانی ٥+١- لە دەروەستییەکانی ئێران وەدی دێت، ئیبراهیم ڕەئیسییش چاوێکی هیوای هەر لەو ڕێککەوتنەیە و دەزانێ قازانج و زیانەکانی بۆ سەر کابینەکەی و ڕێژیمەکەی چەندەن، بەتایبەت ئەو قازانجانەی کە دەمودەست دەستەبەر دەبن و دەفریای دەوڵەتەکەی دێن. وەک: پشووهاتنەوەبەر کەرتی وەبەرهێنان، داهاتی مانگانەی ٣ میلیارد دۆلاری لە فرۆشی نەوت ...

درێژە لە لاپەڕەی ٢

## لە ماوەی ساڵێک سەرکۆماریی ئیبراهیم ڕەئیسیدا:

# کوژران و برینداربوونی ٣٠٠ کۆڵبەر، بەندکرانی ٦٠٠ چالاکی سیاسی، ئێعدامی ٦٥ بەندکراو تەقینەوەی مین لەبن پێی ٤٠ کەس و کوشتنی ٣٤ کەسی مەدەنی لە کوردستان

لە ماوەی ساڵێک سەرکۆماریی ئیبراهیم ڕەئیسیدا ڕەوتی سەرکوت و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە چاو ساڵانی پێشوو خێراییەکی زیاتری بەخۆیەوە گرت.

لە ماوەی ئەو یەک ساڵەدا زیاتر لە ٣٠٠ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد بوونەتە قوربانیی سیاسەتی پەرەنەسەندی ئابووری کوردستان و بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی، یان بەربوونەوە لە شاخ بەهۆی ڕاوەدوونانی هێزەکانی ڕێژیم کوژراون و بریندار بوون کە نیزیک بە ٢٠ کەسیان تەمەنیان خوار ١٨ ساڵ بووە. هەر لە درێژەی جینایەتی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستاندا لانی کەم ٣٤ هاووڵاتیی مەدەنی کورد بوونەتە قوربانیی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ڕێژیم کە ١٥ کەس لەوان کوژراون و ١٩ کەسیشیان بریندار بوون.

لەو کاتەوە کە دەوڵەتی ڕەئیسی بەڕەسمی جڵەوی کاروباری وڵاتی گرتە دەست، زیاتر لە ٦٠٠ هاووڵاتیی کورد بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی دژ بە بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی لەلایەن ناوەندە ئەمنییەکانی ڕێژیمەوە دەستبەسەر کراون، کە ژمارەیەکی دەیان کەسی لەوان ژن و منداڵی خوار تەمەن ١٨ ساڵ بوون. لەو ٦٠٠ کەسە زیاتر لە ١٥٠ کەسیان دادگایی و سزای لە سێ مانگ هەتا سی ساڵ زیندان و تەنانەت هیندێکیان سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە.

لە ماوەی یەک ساڵی سەرۆکایەتیی قازیی ئێعدام وەک سەرکۆماری ئێران لە کوردستاندا هەرنەبێ و ئەوەندەی ناوەندەکانی مافی مرۆڤ ئاشکرایان کردوە ٦٤ بەندیی کورد لە سێدارە دراون کە دوو کەس لەوان -حەیدەر قوربانی و فیرووز مووسالوو- زیندانیی سیاسی بوون. هەر لە ماوەی ئەو یەک ساڵەدا ١٦ بەندکراوی کورد لە بەندیخانەکانی کوردستاندا بەهۆی جۆراوجۆری ئەشکەنجە یا پێڕانەگەیشتنی پزیشکی گیانیان لە دەست داوە. لەو ١٦ کەسە ٧ کەسیان بەندیی سیاسی بوون.

هەر لە ماوەی ئەم یەک ساڵەدا زیاتر لە ٤٠ هاووڵاتیی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بە هۆی تەقینەوەی مین و تەقەمەنی کوژراون و بریندار بوون کە بەشی زۆر لەوان کۆڵبەر، جووتیار و مەڕدار بوون.


فێمینیزم و خەباتی نەتەوەیی هاوشان و هاوتەریب ل ٥

تێرۆر و کۆماری ئیسلامی ل ٦

ڕەوتناسیی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ل ٦

کورد و ئەسڵی دەسەڵاتی جیهانیی دەزگای دادی وڵاتان ل ٨

کوردستان
• ژمارە ٨٢٨
١٥ی گەلاوێژی ١٤٠١ _ ٦ی ئاگوستی ٢٠٢٢

◆ درێژەی سەروتار

## فۆبیای ڕووخان و داڕمان

... هەڵکشانی هەناردەی بەرهەمەکانی پێترۆشیمی و پۆڵا و کاڵا سەنعەتییەکان، داکشانی تێچووی هاوردەکردنەکان و سەقامگیریی بایی دراوی نیشتمانی و ئاوسان بەهۆی دەستڕاگەیشتنی ئێران بە پاشکەوتی دراوی لە بانکە جیهانییەکاندا. بەڵام بێتوو بەرجام نەگاتە ئەنجام، دەوڵەتەکەی ئاغای ڕەئیسی لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا لەوەندەش بەولاوەتر دەخرێتە پەراوێزەوە و ئەمجارەیان بایدن پێچەوانەی تڕامپ پشتیوانیی ئورووپاییەکانیشی بۆ سەپاندنی گەمارۆی نوێ و زیاتر بەسەر ئێراندا دەبێت.

هەلومەرجی شپرێوی ئابووریی وڵات و بەرچاوڕوونیی ڕەئیسی لەو مەترسییانە و دەستەوەستانیشی لە کۆنترۆڵی قەیرانەکان لە یەک ساڵی دەسەڵاتەکەیدا وایکردوە کە لە ئێستادا نەک هەر خەڵک و دژبەرانی کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو لەلایەن بەشێک لە ئوسوولگەراکانیشەوە بدرێتە بەر ڕەخنە، تا ئەو جێیەی "زولنور"، نوێنەری شاری قوم لە مەجلیس کە کاتی خۆی بە نامە و نووسراوە داوای کردبوو ڕەئیسی بێتە کێبرکێی هەڵبژاردنەکانەوە؛ بە کەسێکی بێکیفایەت ناوی ببات! هاوتەریب لەگەڵ گوشارەکانی خەڵک لە نێوخۆی وڵات کە خۆی لە مانگرتن، ڕێکخستنی ئامانجدارانەی پتری کۆبوونەوە و ناڕەزایەتییەکانی سەرشەقامدا دەبینێتەوە و لە دەرەوەی وڵاتیش لەلایەن ڕۆژاواوە بۆ گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیم بەتوندی لەسەر تارانە، ڕێژیم وای داناوە بەڵکوو بە نیزیکبوونەوەی زیاتر لە چین و ڕووسیە بتوانێ دەرەقەتی دۆخەکە بێت. بەڵام بەپێی ئەزموونەکان پشتیوانیی سیاسی و ئابووریی چین و ڕووسیە لە ئێران لە خانەی هاوپەیمانیی سیاسی لەگەڵ ئەو وڵاتەدا و پارێزراوبوونی بێئەملاوئەولای ڕێژیم لە بەردەم شاڵاوی مەترسییە ئەمنییەتییەکان نییە، بەڵکوو پێوەندییەکی سنووردراری ئابووریی دوولایەنەیە. پڕدیارە کە هەم چین و هەم ڕووسیە ئێران وەک کارتێکی گوشار بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا بەکار دێنن و بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانی ئەو دوو وڵاتە لەگەڵ ئەمریکا، ئورووپا، عەرەبستان و ئیسرائیل؛ هاوکارییە ئابووری و ئەمنییەتییەکانی نێوان چین و ڕووسیە لەگەڵ ئێران قەت نابنە ستراتیژیی درێژخایەن و هەمیشە سنووردار دەمێننەوە و ڕەئیسی بەو بەرچاوڕوونییەوە دووهەمین ساڵی سەرۆککۆمارییەکەی دەست پێ دەکا.

ئێستا با بزانین ڕەئیسی لە ماوەی ئەو یەک ساڵەدا چیی کرد و چیی لەدەست هات؟ هەڵبژاردنی خولی سێزدەهەمی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری کە لەودا ناوی ڕەئیسیی لە سندووقەکان هاتە دەرێ، بە کەمترین ئاستی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکان بە درێژایی مێژووی کۆماری ئیسلامی تەواو بوو. خۆ ئەگەر هەر ئەو کەمیی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکان کە دیار بوو هەمووی لە بەرژەوەندیی ڕەئیسیدا مەهەندیسی کراوە بە نیشانەی بێمتمانەیی خەڵک بە وادە و بەڵێن و کار لەدەستهاتنەکانی دابنێین، بەوپێیە خەڵک چاوەڕوانییەکی ئەوتۆی لە ناوبراو نەبووە. بەڵام بۆ ئەو کەس و لایەنانەی لایەنگری حاکمییەت کە پێیانوابوو بە یەکدەستکردنی هەر سێ دەزگای یاسادانان، داد و دەوڵەت شەڕی نێوان قوڵەکانی ڕێژیم کۆتایی دێت و هاوئاهەنگیی نێوان بەشە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەت و حکوومەت زیاتر دەبێ و کاروباری وڵات بێکێشە ڕایی دەبن؛ وا دەرنەچوو.

ڕەئیسی نەک نەیتوانی لە بارستایی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک لەدژی ڕێژیمەکەی کەم کاتەوە، نەیتوانی پشتیوانیی ئەو مەجلیسەش ڕابگرێ کە لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا دەنگی بەڵێی بە نیزیک بە تەواوی ئەندامانی کابینەکەی دابوو. بۆیە کەمتر لە ساڵێک پاش دەسبەکاربوونی دەوڵەتەکەی متمانەی لە یەکێک لە وەزیرەکانی ئەستاندەوە و کارتی زەردی بە چەند وەزیری دیکەشی پێشان داوە وێناچێ هەر بەوەندەش لێی دەرباز ببێت. ڕەئیسی لە ماوەی ئەم یەک ساڵەدا جێی شک و گومانی بۆ هیچ کەس نەهێشتەوە کە پرسی ئابووری، بێکاری، گرانی، بژێو و سلامەتیی خەڵک هێندەی پرسی حیجاب و بابەتە ئیدئۆلۆژیکەکانی ڕێژیمەکەی لای ئەو بایەخیان نییە، بۆیەش زەحمەتی ئەوەی بە خۆی نەدا لایان لێ بکاتەوە و خەمیان لێ بخوا.

کۆماری ئیسلامی لە دەوڵەتەکانی پێشوودا ئەگەر لەسۆنگەی گەڕانەوەی دۆلار و دراوەکانی خاوفرۆشیی نەوت و خەرجکردنی کەمێک لەو داهاتە توانیبووی لانیکەم بەشێک لە خەڵکی توێژی مامناوەند ڕەگەڵ خۆی بخا، بەڵام لە بەختی ڕەئیسیی چەندی دەستی لە بنی هەنبانە گێڕا، ئەوەندەی وەبەر نەهات کە بتوانێ لانیکەم درێژەدەری ئەو ڕەوتەش بێت. سەرباقی ئەوەش بە لابردنی دراوی ٤٢٠٠ تمەنی کە لە ڕواڵەتدا بۆ هاوردەکردنی کاڵا، دەرمان و پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی خەڵک تەرخان دەکرا، ئەوەندەی دیکەش گرانی کەوتە بازاڕ و لەو سۆنگەیەشەوە قەیرانە ئابوورییەکان و ناڕەزایەتییە گشتییەکان بەو دۆخە زیادیان کرد. لە نێو هەراوهەنگامەی ڕاگیرانی وتووێژەکانی ژیاندنەوەی بەرجام و دیسان دەستپێکردنەوەیاندا، بڕیارنامەی شوڕای بڕیاردەرانی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمییش کە لەودا سەبارەت بە سەرپێچییەکانی ئێران هەڵوێستی توندی لەدژ ڕێژیم گرتبوو، هێندەی دیکە دەوڵەتی ڕەئیسیی تووشی تەنگژە لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا کرد.

بە گشتی لە ماوەی ساڵێک سەرکۆماریی ڕەئیسیدا دەرکەوت کە ناوبراو نەک هیچ پلان و بەرنامەیەکی ڕوونی ئابووریی نەبوو، بەڵکوو بە دانانی کەسانی ناشارەزا لە بەرپرسایەتییە گرینگەکاندا قەیرانەکانی هێندەی دیکە قووڵتر کردەوە. لە بواری کۆمەڵایەتی و ئەمنییەتی کۆمەڵایەتیشدا، بەتایبەت ژنان ئەوەندەی دیکە گوشاریان خرایە سەر، پەراوێز خران و دەسەڵاتی جەهەندەمی و سەرکوتیان لەدژ بەکار هات، ئەویش لە حاڵێکدا کە هێزەکانی مووساد و سیخوڕەکانیان لە شەقام و شوێنە ئەمنییەتی و نیزامییەکانی ڕێژیمدا تەڕاتێن دەکەن! ناکامییەکانی ڕەئیسی لە بیاڤی دیپلۆماسیی دەرەکییشدا بەرهەستتر لەوەیە بتوانێ خۆی لێ لابدا و کورتە سەرنجێک لەسەر پێگەی ڕێژیم لە ئێستای عێراق، لوبنان و سووریەدا ئاماژەی ڕوون بە لاوازی و داڕمانی ئەو هەیکەلەن. بەتایبەت کە لەو بارودۆخەدا ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە سەردانەکەی بایدن بۆ عەرەبستان فازێکی نوێ لە گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان ئەزموون دەکا کە دەستی ئێران لەوەندەی دیکەش کورتتر دەبێت.

دەوڵەتی ڕەئیسی لە کاتێکدا پێ دەنێتە ساڵی دووهەمی خۆیەوە کە ناڕەزایەتییەکان لەنێو توێژی کرێکاران، فەرمانبەران، مامۆستایان، خانەنشینکراوان، خوێندکاران و ژنان لەوپەڕی خۆیدایە. بەڵام دەسەڵات تا ئێستا ئەم ناڕەزایەتی بە دۆخی بژێو و بە پێشێلکردنی مافەکانی بەڕەسمی نەناسیوە و بە دنەدانی دژبەران لە دەرەوەی سنوورەکانی دەبەستێتەوە و بۆ چارەسەرکردنیشیان تەنیا زمانی چەک و سەرکوت دەناسێ؛ بۆیە کۆمەڵگەی ئێران ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پتر بەئەمنیەتی دەکرێت و مەترسیی تەقینەوەی ناڕەزایەتییەکان هەردەم زیاتر دەبێت.

بارودۆخی ئێستای ئێران حەوجێی بە گۆڕانکاریی بنەڕەتییە، بەڵام ئەو هێز و ئۆپۆزیسیۆنەی بتوانێ ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتی و پێکهاتەشکێنە جێ بخات و ڕێبەریی ناڕەزایەتییەکان بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی بکا، هێشتا نەگووراوە و، بەداخەوە ئەوەش دەرفەتی هەناسەدانی هەتا ئێستای بۆ ڕێژیم هێشتۆتەوە.

## خالید عەزیزی:

# ئەگەر پرسی سەربەخۆیی ڕۆژەڤی جووڵانەوەی کورد بێت مێژوو پێمان دەڵێ ئەوە حیزبی دێموکراتە خاوەندارەتیی دەکا



**ئاماژە: ماوەی چەند ساڵێکە چەندین قەیرانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری بەرۆکی ئێران و دەسەڵاتدارانی ئێرانی گرتووە، بەو تایبەتمەنییە کە کۆماری ئیسلامی توانای ئەوەی چارەسەرکردنیانی نییە. هەر بەو هۆیەشەوە زیاتر لە پێشوو لایەنە سیاسییەکانی ئێران بە گشتی وەخۆ کەوتوون بۆ پاڵپێوەنانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و بیرکردنەوە لە چۆنیەتیی داهاتووی ئێران. لەو بارەوە دوو حەوتوو لەوەپێش میتینگێکی بەربڵاو بە بەشداریی زیاتر لە یازدە هەزار کەس بە کورد و غەیرە کوردەوە لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی کلاب هاوس بۆ کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهات، لەم وتووێژەدا ئەنجامەکانی ئەو متینگە لەگەڵ بەڕێزیان باس دەکەین.**

**کاک خالید وەکوو دەگوترێ لەسۆنگەی باشییەکانی دنیای ئینتەرنێت و تێکنۆلۆژی ئەو دەرفەتە بۆ ڕێبەرێکی کورد –کە جەنابت بی– دەرەخسێ ڕاستەوخۆ ڕوو بە ئێرانییەکان لە کلاپ هاوس قسەیان بۆ بکەی و ڕوانگەی کوردیان بۆ باس بکەی. بە گشتی ڕوانگەی خۆت چییە لەسەر ئەو کۆبوونەوەیە کە لە کلاپ هاوس بۆ جەنابت گیرا؟**

پێشەکی هەروەکوو لە نێوەرۆکی پرسیارەکەی جەنابتڕا دیارە، دەقیقەن ڕێک لەو چوارچێوەیەدا بوو کە ئێمە لەگەڵ ئێرانییەکان بەگشتی، درگای دیالۆگ بکەینەوە و باش لێک حاڵی بین. سروشتییە کە ئێمە کاتێک باسی بەرنامە و نەخشەڕێی خۆمان بۆ داهاتووی ئێران دەکەین، خەڵکانێک هەن ئەوانیش بەرنامە و نەخشەڕێی خۆیان هەیە، ئەوانیش ڕێگاچارەیان هەیە، ئەوانیش بە قەولی خۆیان باوەڕیان بە سازوکاری خۆیان هەیە، دەیجا سروشتییە لە حاڵەتێکی ئاوادا ئێمە دەڵێین ئێران سووڕەتی مەسەلەکەیە و بەو جۆرەیە: فرەچەشنە، جۆراوجۆرە لە بواری ئێتنیکی و ئایینیدا، و دەبێ وەکوو ڕاستییەک قبووڵی کەین. ڕێگاکەشی ئەوەیە لەگەڵ یەکتر لە دیالۆگ ووتووێژدا بین. دەبێ چاوەڕوانی ئەوەشمان هەبێ، کە ئەو کەسانە وەکوو ئێمە بیر ناکەنەوە، ڕێگاچارەی خۆیان هەیە و لە ئاکامدا ئەو باسانە دێنە پێشێ.

لە ڕوانگەی خۆمەوە کۆبوونەوەیەکی باش بوو. ئێمە زۆرجار گوتوومانە کە لە حیزبی دێموکراتدا لەسەر ئەوە جەخت دەکەینەوە کە مادام بەدوای چارەسەری کورد لە ئێراندا دەگەڕێین، ئەو مەسەلەیە تەنیا بە خۆمان چارەسەر نابێ. جا ئەگەر وایە خەڵکی زۆر لە ئێراندا هەیە، وەکوو ئێمە پێیان خۆشە لە ئێراندا دێموکراسی هەبێ، وەکوو ئێمە پێیان خۆشە لە ئێراندا ئازادی هەبێ، لەو چوارچێوەیەدا بەشێکی زۆر لەوانیش پێیان خۆشە ئەوانی دیکەش مافی خۆیان هەبێ. ئەوانە هەمووی شتی گشتین. کاتێک دەڵێین دێموکراسی پێموایە هەموو کەسێک دەڵێ دێموکراسی باشە. کاتێک باسی ماف دەکەی زۆربەی هەر زۆری کۆمەڵانی خەڵک دژی ماف نین. بەڵام ئەدی بۆ سیاستمەدارێک ڕێکارە عەمەلیەکان چین! لەو کۆبوونەوەیەدا کە دەهاتنە سەر بواری جۆراوجۆر، بەنیسبەت ڕێکاری عەمەلیی ئێمە پرسیاریان دەکرد، من بۆم باس دەکردن، لە زۆر شوێنی دیکە پرسیاریان دەکرد. دیسان ئەرکی ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات ئەوە بوو ئەوانە باس بکەین. هۆیەکەشی ئەوەیە نابێ چاوەڕوانیمان هەبێ کە هەموو ئێرانییەکان بەگشتی وەکوو خۆمان لە مەسەلەکە تێبگەن. ئەگەر، ئەو بەرداشتەمان هەبێ هەڵە دەکەین. ئەگەر وایە دەبێ تێبکۆشین مەسەلەی خۆمانیان بۆ ڕوون بکەینەوە.

**کاک خالید ڕوانگەیەک هەیە دەڵێ، لەنێو ئۆپۆزیسیۆندا بەرانبەر بە مەسەلەی کورد، هەیانە گاردێکی زۆر توند دەگرن، هەیانە نازانێ، شارەزای سیاسەت و مێژوو نییە، بەڵام هەیانە زۆر بەباشی شارەزای سیاسەت و مێژووە لە ئێراندا و بەتایبەتی باش لە مێژووی سیاسەتی کوردیش ئاگادارە بەڵام ئەوانە گاردگیرییەکی زۆر توند دەکەن، ئامادە نین بە هیچ جۆرێک دان بە مەسەلەی کورد دابنێن، لەو کۆبوونەوەیەشدا شتی وا لە ئارادا هەبوو، لەو بارەیەوە ڕای جەنابت چییە؟**

ئەو گاردگرتنە ڕاستە و هەست پێ دەکرێ، لەو کۆبوونەوەیە بەربەرینەشدا هەستم پێ کرد. من پێموایە دوو هۆی هەیە. هۆی یەکەم کۆماری ئیسلامییە کە ئاگاهانە و بە بەرنامە دەیهەوێ لە مەسەلەی کورد و جووڵانەوەی کورد، وێنایەک دروست بکا کە کورد و بەرنامەکەی دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئێران هەڵوەشێتەوە و ئێران تەجزییە ببێ. ئەوەی کۆماری ئیسلامی، ئاگاهانەیە، بە بەرنامەیە و هەمیشە تێدەکۆشی کە بڵێ حیزبی دێموکرات یا جووڵانەوەی کورد پێوەندی بەم یان ئەو دەوڵەتەوە هەیە، هی ئەوان ئاگاهانەیە.

هێندێکیشیان بەڕاستی نیگەرانن، من ئەوەی بەڕاستی بە ئاگاهانە دانانێم. هێندێکیان نیگەرانن کە ئێران چیی لێ دێتەوە. هێندێک لەوانە هەروەکوو ئاماژەم پێ کرد، وەکوو ئێمە باوەڕیان بە دێموکراسی هەیە، باوەڕیان بەوە هەیە کە لایەنی جۆراوجۆر چ وەکوو تاک، چ وەکوو گرووپ و میللەتەکان مافیان هەبێ، بەڵام ڕەنگە بەرنامەی ئێمەیان زۆر لێ ڕوون نەبێ. بەشێک لەوانە کە نیگەرانن، حەقی خۆیانە پرسیار بکەن بڵێن، ئەو فیدراڵیزمەی کە حیزبی دێموکرات باوەڕی پێی هەیە و دەیەوێ لە داهاتوو ئێرانی پێ ئیدارە بکات، ئەوە چۆنە بۆمانی ڕوون بکەنەوە بۆمانی باس بکەن! من ئەو نیگەرانییە بە شتێکی سەیر دانانێم. ئەوە بۆ ئێمە ئەرک دروست دەکا و ئەو کۆبوونەوەیە ڕێک لە چوارچێوەی ئەو ئەرکەدا بوو کە ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات و من لەوێدا، ئەوانە باس بکەم. یانی زۆرتر بەردەنگی من ئەو بەشە لەو خەڵکەیە کە وەکوو ئێمە دێموکراسییان پێ باشە، بەدوای مافدا دەگەڕێن، بۆ داهاتووی ئێران بە پەرۆشن، بەڵام ڕەنگە بەباشی لە بەرنامەکانی ئێمە نەگەن.

**کاک خالید باسی کۆماری ئیسلامییت کرد و ئەو تەیفە کە نیگەرانن و دەیانەوێ بزانن، بەڵام بەشێکی دیکە وەکوو عەرزم کردی زۆر باش ئاگاداری مێژووی ئێمە و زۆر باش ئاگاداری جیهانی سیاسەتن، بەڵام گاردگیرێکی زۆر توند دەکات و ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییشە. جاری وا هەیە تەنانەت دان بە زمانی دایکی ئێمەدا نانێن، ئەی لە بەرامبەر چی؟ ڕەنگە کێشەکە زیاتر لەو بەشەدا بێ؟**

لە بەرانبەر ئەوانەشدا ئێمە هەمیشە وڵاممان هەیە. وڵامەکەی ئێمە ئەوەیە دەڵێین ئێوە کە وەکوو ئێمە بیرناکەنەوە، چ مەشرووتەخواز بن، سەڵتەنتەڵەبن، موجاهدین بن، چ شوڕای گوزارن، چ هەمبەستەگین، چ شوڕای کار بۆ دێموکراسیخوازین، چ کۆنگرەی میللیەتەکانی جۆراوجۆرن، چ ئەوانەی لە نێوخۆی وڵات لەدژی کۆماری ئیسلامی خەبات و تێکۆشان دەکەن، هەموومان دەبێ واقعییەتێک قبووڵ کەین. واقعییەتەکە ئەوەیە ئەو ئێرانەی کە هەموومان بەیەکەوە کاری بۆ دەکەین، بە مەیل و ئیرادەی یەکێک یان لایەنێک دروست ناکرێتەوە و بەڕێوە نابرێ.

بۆیە ئەگەر ئێمە لێرە بە خوێندنەوەیەک گەیشتین لەسەر سووڕەتی مەسەلەکەی ئێران، ئەوەمان وێنا کرد، هێنامانە گۆڕێ، گوتمان سووڕەتی مەسەلەکە ئەوەیە، تەبیعەتەن چارەسەرەکانیشیان لە پێش دادەنێین. جا بەشێک لەوانەش کە جاری وایە ئاوا گارد دەگرن، هەڵوێست دەگرن، ئەرکی ئێمە ئەوەیە بێئەوەی کە سووکایەتی و بێڕێزی بە هیچ لایەک بکەین، (ئەوە نە زمانی ئێمە وەکوو میللەتێک کە بە دوای مافەکانی خۆماندا دەگەڕێین، نە سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانە و نە ئێمە بەدوای خسوومەت و دوژمنیدا هەین، لەدژی هیچکام لەو حیزب و هێزانەی کە لە دژی کۆماری ئیسلامی خەبات دەکەن.) لەوێشدا ئێمە وەزیفەمانە کە گەڵاڵەی خۆمان بدەین. لەوێشدا کە ئێمە گەڵاڵەی خۆمان دەدا، لەڕاستیدا ئێمە وەکوو کورد و لایەنە کوردییەکان، بەگشتی دەبێ ڕوونکردنەوەمان هەبێ لەسەر ئیدارەی داهاتووی ئێران.

ئێمە هەتا ئێستا گوتمانە باوەڕمان بە فیدراڵیزمە، هەموو لایەک بەشدار دەکەین تێیدا. ئێمە دەڵێین ئێران لە سەردەمی پەهلەوی و لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی، بەشێوەی موتەمەرکز ئیدارەی بووە، لایەنەکانی دیکە حەزف کراون، هەر کەس دەسەڵاتی خۆی سەپاندوە، ئەوە بووەتە هۆی ئەوەی، ئێرانییەکان بەشێکی زۆریان وەکوو تاک و بەشێکی دیکەیان وەکوو نەتەوەکان، لەگەڵ ناوەند نەبن، لەدژی ناوەند بن. ئەگەر قەرار بێ دان بە مافەکانی ئێمەدا نەنێن، تەبیعییە کە ئێران ئەمنییەت و ئارامش بەخۆیەوە نابینێ.

ئەڵبەتە ئەگەر بەراوردێکی ئەو باس لەگەڵ باسەکانی پێشووتر لەگەڵ ئێرانییەکان بکەم، من کەم و زۆر گۆڕانکاری لە بۆچوونی بەشێک لە ئێرانییەکاندا دەبینم. دۆخەکە وەکوو ٢٠ ساڵ لەوە پێش نییە، بەشێکی زۆر لەوان بەو قەناعەتە گەیشتوون کە چارەسەری کێشەی ئێران و قبووڵکردنی ئەو ڕاستییە کە دەبێ میللەتە جۆراوجۆرەکان لەنێو ئیدارەی ئێراندا هەبن. بەتایبەت بۆ کورد کە مێژوویەکی دووردرێژی لە خەبات و تێکۆشاندا هەیە، تازە ئەمری واقعە.

**لە بەرانبەر ئەو گاردگیرییە توندەی غەیرە کوردەکەدا، لەنێو کوردیشدا دژکردەوە پەیدا دەبێ، دژکردەوەیەک هەیە پێی وایە، کورد مادام خودموختاریی لێ وەرناگیرێ، فیدراڵیزمی لێ وەرناگیرێ، وڵامی داخوازییەکانی نادرێتەوە، دەرفەتی ڕێفراندۆمی بۆ نارڕخسێ، ئەی باشە بەو هەمووە تێچووە کە دەیدین، بۆ داوای سەربەخۆیی بۆ کوردستان نەکەین ئەم ڕوانگەیە هەیە لەنێو کۆمەڵگەی کوردستاندا.**

ئەگەر قسە لە سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی کوردییە، تا ئەو جێگایە پێوەندی بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە، بێگومان ئەگەر سیاسەتێکی وا بێتە پێشێ و ئەوە دروست بێ، من پێموایە زیاتر لە هەموو لایەک بە بەژن و باڵای حیزبی دێموکرات بڕاوە و ئەوە حیزبی دێموکراتە خاوەندارەتیی ئەو بابەتە دەکا. حیزبی دێموکرات یەکەم حیزب بوو کە مەسەلەی نەتەوایەتیی لە ئێراندا هێنا گۆڕێ، حیزبی دێموکرات کاتی خۆی لە چوارچێوی ئێراندا دەوڵەتی کوردیشی دروست کردووە. سەرکۆماری هەبووە، ئەنجوومەنی

**ئێمە وەکوو کورد پێویستیمان بەوە هەیە لەگەڵ هەموو ئێرانییەکاندا، لە هەلومەرجێکی ئازاد و دێموکراتیکدا، ماوەیەک بەیەکەوە بژین، با ئێمە لەیەکتر حاڵی بین. با ئێمە تەجرووبەی دێموکراسی بکەین، خەڵکی مەشهەد و تەورێز و تاران و ئیسفەهان و ئەوانە لەگەڵ خەلکی ئیلام و کرماشان و سنە و ورمێ و شوێنەکانی دیکە با تێکەڵ بین، با لەگەڵ یەکتر قسە بکەین. با ئەوانە لە نیزیکە ئێمە بناسن. ئەوان لەژێر کاریگەیی کۆماری ئیسلامی و هێندێک خەڵکی شۆڤینیستی ئێرانی قەزاوەت لەسەر ئێمە دەکەن، کە ئەوە هەڵەیە**

وەزیـرانـی هـەبـووە و کۆمـەڵێک هێمـای خۆی هێناوەتە گۆڕێ و ئەزموونی مەسەلەی کورد هەمووی بۆتە ئەوانە. بەڵام لە هەموو گۆنگرەکانی خۆیدا و ئاخرین کۆنگرە حیزبی دێموکرات بڕیاری داوە کە لە حاڵی ئێستا چارەسـەری مەسەلەی کورد لە چوارچێوی ئێراندا دەبینێ. دەمەوێ ئەوە بڵێم تاکەکانی کورد لەنێو ئێراندا و لە هەر شوێنک کە هەن، حەقی خۆیانە کاتێک کە بیر لە ئێستا و داهاتووی میللەتی کورد دەکەنەوە، بیروبۆچوونی جۆراوجۆریان بۆ مەترەح بێ. ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات ڕێز لەوانە دەگرین.

**باشە بە هەموو ئەمانەوە وەکوو بەڕێزیشت فەرمووت، ئەوە لە پرستیژی حیزبی دێموکراتدا هەیە، حیزبی دێموکرات ئەو ئیعتبار و پرستیژ و توانایی و کاریگەرییەی هەیە، بڵێ خەڵکینە من لـەوە بـەدوا دوای سەربەخۆیی دەکـەم بۆ کوردستان و ئەمە بابەتەش هیچکام لە ڕێبەرانی کورد و حیزبی دێموکرات حاشایان لێ نەکرد[دوە، ئەگەرچی لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتدا بە ڕاشکاوی نەهاتوە. مادام حیزبی دێموکرات ئەو ئیعتبارەی هەیە ئەی بۆ داوای سەربەخۆیی ناکا؟**

حیزب، پێکهاتووە لە کۆمەڵێک ئەندام، حیزب تابیعی کۆنگرە و کۆنفڕانسەکانی خۆیەتی، حیزب تابیعی ئەو بڕیاراتەیە. ئەندامانی حیزب لە کۆنگرەی حیزبدا کۆ دەبنەوە، تەیفی جۆراوجۆریان تێدا هەیە، لە جۆغرافیای جۆراوجۆرەوە دێن، لە نێوخۆی وڵات کاریگەرییان هەیە، لە دەرەوی وڵات کاریگەرییان هەیە، لە بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات کە بەشێوەی داییم کار دەکەن، کاریگەرییان هەیە، ڕێبەریی ئەو حیزبە کە بەهۆی ئەو تەشکیلاتە بەربەرینە هەیەتی لەگەڵ جیهانی دەرەوە لەگەڵ کۆمەڵێک فاکتۆر سەروکاری هەیە، هەمووی ئەوانەمان لێکداوەتەوە، هەڵمانسەنگاندوە لە کۆنگرەکانی خۆمان، بەڵام تا ئێستا لەنێو حیزبی دێموکراتدا بۆچوونێک نەبووە کە بڵێ ئەوەی تا ئێستا هەبووە نادروستە و بەدوای ڕێگا چارەیەکی دیکەدا بڕۆین. دەمەوێ بڵێم ئەوەی کە کەسایەتیەک وەکوو خۆی یان هێندێک گرووپ دروست دەبن، چەند کەسێک لێرە و لەوێ باسی دەوڵەتی کوردی دەکەن، دەڵێن ئێمە ماندووبووین لەگەڵ ئێرانییەکان با لەگەڵ ئێرانییەکان چی دیکە سـەری خۆمان نەهێشێنین، جاروبار هێندێک لەوانە توندیش قسە دەکەن. ئەو شێوە قسەکردنە بۆ حیزبێکی سیاسیی بەرپرسیار و مەسئوول نابێ. حیزبێکی سیاسیی مەسئوول پانۆڕامایەک دادەنێ، لەسەر مەسەلەکی خۆی، لەسەر ئیمکانەکان، لەسەر زەرفییەتەکان، تواناکان، نێوخۆی ئێران دەڵـێ چـی؟ نێوخۆی ڕۆژهـەڵاتـی کوردستـان دەڵـێ چـی، هاوکێشەی نێودەوڵەتی دەڵێ چی؟ بەگشتی مەسەلەی کورد چۆنە و لەژێر ئەو ڕوانگەیە بە دوای چارەسەردا دەچێ. بۆیە من بەشبەحاڵی خۆم چارەسەریی حیزبی دێموکرات و بەرنامەی ئەم حیزبە تا ئێستاش بە ڕێگا چارەیەکی دروست دەزانم، بەڵام لە داهاتوودا ئاڵوگۆڕەکان چیی لێ دێ، ئێران چیی لێ دێ، ناوچەکە چیی لێ بەسەر دێ، نەسڵی داهاتوو چۆن لەسەر داهاتووی خۆی ، بە تەبیعەتی باوەڕی حیزبی دێموکرات بە دێموکراسی و بە بەشداری ئەندامان و ڕای جۆراوجۆر لە کۆنگرەدا، لە داهاتوودا دەتوانێ بیر لەوە بکاتەوە. بەڵام لە حاڵی ئێستادا، سیاسەتی حیزبی دێموکرات هەر ئەوەیە کە لە چوارچێوی ئێراندا بەدوای ئەو چارەیەدا بگەڕێن، لە چوارچێوی ئێران بەردەنگ بۆخۆمان ببینینەوە.

**کاک خالید ئەمە جادەیەکی یەک ساید نییە کە بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکرات پێیدا دەڕوا؟ باوەڕی بە دێموکراسی هەیە، باوەڕی بە بایەخە ئەوڕۆپییەکان هەیە، باوەڕی بە مافی مرۆڤ هەیە، باوەڕی بە مافی چارەنووس بۆ گەلانی ئێران هەیە، بەڵام لایەنی بەرامبەرت چ بە دەسەڵاتەوە و چ بە ئۆپۆزیسیۆنەوە وڵامدەر نییە، لە دوایین دەرکەوتنی کوڕی شاشدا، بە نموونە و هەرچەند لایەنی دیکەش هەر زۆرن، ئەوە بوو کە نەتەوەکانی بە ئیلات و عەشایەر و شتی وای باس کردەوە و ئەوە دژکردەوی بەڕێزتانیشی بە دواوە بوو. پرسیار ئەوەیە، ئەم جادەی یەک تەرەفە تا کەی، یانی ئەمە بەڕاستی وڵامدەرە؟**

جاروبار کە ئێمە قسە لەسەر موخالفینی کۆماری ئیسلامی دەکەین، زۆرتر سەرنجمان لەسەر ئەو کەسانە هەیە چ بە کوڕی شا، چ بە کەسایەتییە ئێرانییەکان کە لە ئورووپا و ئەمریکا دانیشتوون، یان ئەو حیزب و ڕێکخراوانە کە لە دەرەوە دروست بوون. ئەگەر ئاوا بۆ مەسەلەکە بچین لە هەڵەداین. بەردەنگی ئەسڵیی ئێمە، هەموو ئێرانییەکان بەتایبەتی خەڵک لەنێوخۆی وڵاتن. بە باوەڕی من ئێمە وەکوو کورد پێویستیمان بەوە هەیە لەگەڵ هەموو ئێرانییەکاندا، لە هەلومەرجێکی ئازاد و دێموکراتیکدا، ماوەیەک بەیەکەوە بژین، با ئێمە لەیەکتر حاڵی بین. با ئێمە تەجرووبەی دێموکراسی بکەین، خەڵکی مەشهەد و تەورێز و تاران و ئیسفەهان و ئەوانە لەگەڵ خەلکی ئیلام و کرماشان و سنە و ورمێ و شوێنەکانی دیکە با تێکەڵ بین، با لەگەڵ یەکتر قسە بکەین. با ئەوانە لە نیزیکە ئێمە بناسن. ئەوان لەژێر کاریگەیی کۆماری ئیسلامی و هێندێک خەڵکی شۆونیستی ئێرانی قەزاوەت لەسەر ئێمە دەکەن، کە ئەوە هەڵەیە.

هەموو شەڕ و کێشەکان لەسەر مێدیاکان دێن و دەچن. هەر ئەو کۆبوونەوەیە کە بۆ من پێک هات لەگەڵ ئێرانییەکان، قسە کرا و باس کرا، بە بڕوای من زۆر دەرس بە ئێمە دەڵـێ. ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە. تا ئێستا ئێران دێموکراسیی تێدا نەبووە، هیچ شتێک لە مەیدانی عەمەلی ڕۆژانەدا تەجرووبە نەکراوە، مەسائیلی ئێران زۆرتر کەوتووەتە نێو بازنەی نوخبەگان. زۆرتر کەوتووتە نێو کەسانێک کە بڵاوبوونەتەوە و لە نێوخۆی ئێران نین. حیزبی دێموکرات بەخۆشییەوە نەکەوتە نێو ئەو بازنەیەوە، هەمیشە پێوەندی خۆی لەگەڵ خەڵک لەنێوخۆی وڵات ڕاگرتوە و بە ئیعتباری ئەوە هەمیشە هەوڵی داوە وێنایەکی جوان لە مەسەلەی کورد دروست بکات. جا من ڕێگا چارەکە لـەوەدا دەبینم، کە خەڵکی تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان عیلاقات و پێوەندییان لە نێوخۆی ئێران لەگەڵ خەڵکی غەیرە کورد زۆرتر بێ و زۆرتر لە مەسەلەکەی خۆمانیان بگەیەنین، زەمینە و ئیستعدادێکی زۆرتر هەیە.

کەسی وا هەیە لە دژی ئێمە قسە دەکا بەڵام ناتوانێ ڕێز بۆ خەبات و تێکۆشانی ئێمە لە ڕابردوودا بەگشتی و حیزبی دێمرکراتدا نەنێ. هەروەختێک باسی دوکتور قاسملوو دەکرێ، زۆرێک لە ئێرانییەکان، ڕەنگە ڕەخنەشیان لە حیزبی دێموکرات هەبێ، بەڵام زۆرێک لەوانە بە ئیحترام و شانازییەکی گەورە باسی دوکتور قاسملوو دەکەن. یانی من مەبەستم ئەوەیە ئێمە وەکـوو حیزبی دێـمـوکرات و کـورد لـە ئێران، سەرمایەیەکی بەهێزمان هەیە و پێویستە ئەو سەرمایەیە بکەین بە بنەمایەک بۆ گوفتگۆیەکی زۆرتـر لەگەڵ ئێرانییەکان. تـووڕە نەبین، پەلە نەکەین، حەوسەلەمان هەبێ، لە تووڕەبووندا چ ئێمە قسەی توند بکەین و تووڕە بین، لەوانەیە بڕیاری هەڵە بدەین. چ ئەوان تووڕە بن و قسەی توند بکەن بە هیچ جێگایەک ناگەین. جا بۆیە من ڕێگاکەی هەر لەوەدا دەبینم.

**نیزامی کۆماری ئیسلامی بەرهەمی پرۆژەیەکی سیاسییە، ئەو پرۆژەیە هەتا ئێستا ماوە و دەبێ پرۆژەی سیاسی هەبێ لەدژی ئەو نیزامە هەتا بڕوا و نەمێنێ. پرۆژەی سیاسیش، بەو بەربڵاوییەی ئۆپۆزیسیۆن ناکرێ، من زۆرجار گوتوومە زۆربەی زۆری کۆمەڵانی خەڵک، موخالفی کۆماری ئیسلامین. ئەوە هونەر نییە، هونەر ئەوەیە ئەوە بکەی بە ئاڵترناتیڤ**

**کاک خالید کاتێک جەنابت باسی دنیای سیاسەت دەکەی، بێگومان دەزانم چاوێکیشت لـەسـەر سیاسەت لـە جیهان و سیاسەتی نێودەوڵەتییە، زۆرجـار باست لەسەر ئەوە کـردوە کە ئێمە دەبـێ، دنیای نێودەوڵەتی تێبگەیەنین و دۆست بۆخۆمان پەیدا بکەین، کە مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەمەیە بۆ ئەمە چیتان کردوە بۆ ئەم بەرنامە چییە؟**

بـۆ ئـەوەش دیـسـان تـۆ دەبـێ سـوورەتـی مەسەلەکەت هەبێ، کاتێک لەگەڵ دنیای دەرەوە دادەنیشین لـەگەڵ لایـەنـی جـۆراوجـۆر، حیزبی دێموکرات مەوقعیەتێکی باشی هەیە لەو بابەتەوە، لە زۆر کۆڕوکۆمەڵدا دەستمان پێیان دەگا. لانیکەم گوێمان دەدەنێ. سوورەتی مەسەلەکە لای ئێمە و لای ئەوان بەتایبەت، دیسان چارەسەری مەسەلەی کورد لە چوارچێوی ئێرانـدایە. جا کاتێک دێینە سەر ئەو باسە ئێمە دەبێ پێیان بڵێین بۆ داهاتووی ئێران بەرنامەمان چییە! ئـەوان دەڵێن دی باشە بـەردەنگی کـورد بـە لـەحـازی سیاسی، لەنێو لایەنەکان کێن. دەبێ بۆیان باس کەین هەموو ئەو لایەنانە کە باوەڕیان بە دێموکراسی و مافی مرۆڤ هەیە، دەتوانن بەردەنگی ئێمە بین. لەچوارچێوەیدا بۆ جارێکی دیکە دەمـەوێ ئـەوە بڵێم، ئـەرک و وەزیفەی ئێمە ئەوە دەبێ جیاواز لەوەی کە خۆمان وەکوو کورد بەخۆشییەوە ڕابردوویەکمان هەیە، کە لەگەڵ توندوتیژی تێکەڵاو نییە، ڕابردوویەکمان هەیە تێکەڵاوی لەگەڵ زۆر دۆست و ئاشنا هەیە لـە دەرەوە، ڕابـردوویـەکـمان هەیە کە ئێحترام بۆ مافی مرۆڤ و چارتێرەکانی مافی مرۆڤ لە دەرەوەی وڵات دادەنـێن، ڕابردوویەکمان هەیە تێرۆریان کردووین بە تێرۆر وڵامان نەداوەتەوە، ڕابردوویەکی مەدەنی و باش و ڕێکوپێکمان هەیە کە لە نێوخۆی وڵات ئێستا لەسەر خەتن، هەمووی ئەوانە سەرمایەی باشن.

کاتێک قسەیان لەگەڵ دەکەین بەو ڕابـردووە و بـەو سەرمایەیە، ئاماژەی پێ دەکەین دەڵێن ئەگەر ئێوە چارەسەرێکتان بۆ داهاتووی ئێران هـەیـە، ڕاستییەکەی نابێ جۆراوجۆریی ئێران نادیدە بگرن، نابێ مەسەلەی کورد نادیدە بگرن، بۆیە گلەییەکیشمان لێیان هەیە، گلەییەکەشمان ئەوەیە ئێوە هەموو شت لە چوارچێوەی بەرنامەی ئەتۆمی ئـێـران‌دا و لـەچـوارچێـوی چارەسـەری کێشەی بەرجامدا دەبینین، ئێوە لـەوەدا خەڵکی ئێران بەگشتی و لایەنەکانتان غایب کردوە. جا لەوێدا ئەرکی ئێمە ئەوەیە چ بە ئەندامانی حیزب و چ بە ئەوانەی کە لە بواری دیپلۆماسی کار دەکەن و چ بـەوانـەی کە پێوەندی و تێکەڵاویان لەگەڵ کەسایەتیی و حیزبەکان و کەسایەتییەکانی ئێرانی هەیە، ڕاستییەکی لەوچوارچێوەیەدا لەگەڵ ئەوان کار بکەن و بڕۆنە پێشێ.

**کاک خالید بە هەموو ئەمانەوە کە باست کـرد، لەم قۆنـاغە تـازەیـەدا ئەگەر بتوانین ناوی بنێن قۆناغی تازە، جموجۆڵی زۆر لە ئـارادیـە، لە نێوخۆ بەتایبەتی لەنێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ئێران، لە دەرەوە بە هەموو ئەمانەوە تەتانەت لەنێو دەسەڵاتیشدا، بەهەموو ئەمانەوە وەزیفەی کورد، چالاکانی سیاسیی کـورد، بزووتنەوەی کوردستان و بەتایبەتی حیزبی دێموکرات، چییە؟**

دیسان وڵامی ئەو پرسیارە دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە ئێمە دوورەدیمەنمان و چارەسەرەکەی چـۆن دەبینین. تا ئـەو جێگایەی پێوەندی بە دژایەتیی کـۆمـاری ئیسلامییەوە هەیە، دەتوانم بڵێم زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵانی خەڵک دژی ئـەو نیزامەن. ئـەو نیزامە لە هەموو بوارەکانی بەڕێوەبردنی ئێراندا نیزامێکی ناسەرکەوتووە. نیزامێکی خۆشەویست نییە، ئـەو نیزامە دەبێ بـڕوا. هەم خەڵکی ئێران لێی ماندوو و جاڕزن، هەم خەڵکی ناوچەکە لێی ماندوو و جاڕزە، هەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. بەس خۆ نیزامێک تەنیا لەبەر ئەوەی کە خەڵک لێی ناڕازی بن، خۆپیشاندان بکەن و هەر جارێک بە بۆنەیەکی سینفی و هەر جارێک لە گۆشەیەکی ئێراندا نارەزایەتی دەربڕن، نیزامێک ئاوا ناڕووخێ. نیزامی کۆماری ئیسلامی بەرهەمی پرۆژەیەکی سیاسییە، ئەو پرۆژەیە هەتا ئێستا ماوە و دەبێ پرۆژەی سیاسی هەبێ لەدژی ئەو نیزامە هەتا بڕوا و نەمێنێ. پرۆژەی سیاسیش، بەو بەربڵاوییەی ئۆپۆزیسیۆن ناکرێ، من زۆرجار گوتوومە زۆربەی زۆری کۆمەڵانی خەڵک، موخالفی کۆماری ئیسلامین. ئەوە هونەر نییە، هونەر ئەوەیە ئـەوە بکەی بە ئاڵترناتیڤ. لەوێدا گرفتێک هەیە، گرفتەکە ئەوەیە تا ئێستا لایەنەکان سەرکەوتوو نەبوون، بەڵام ئێمە وەکوو کوردەکان، بە بـەراورد لەگەڵ ئێرانییەکان، تا ڕادەیەکی زۆر باشتر چووینەتە پێشێ، مەسەلەی یەکگرتوویی و یەکریزی لە نێوماندا کاری لەسەر دەکرێ، حیزبەکانی کوردی لەگەڵ یەکتر عیلاقاتیان باشترە، هەوڵمان داوە زۆرجار بە هەماهەنگی و بە وێژمانێکی نیسبی کە لەسەری بە ڕێککەوتن دەگەین، قسەی لەسەر بکەین. ئەوانە بەشێکی ئەسڵی کاری ئێمە و ئێمە لەو بوارەدا تەجروبە و ئەزموونمان زۆرترە.

**کاک خالید زۆر سپاس کە کاتت بۆ ئێمە و ئەو دیمانەیە دانا**

ئێوەش ماندوو نەبن لە ئەرک و کارەکانتاندا

## ڕاگەیەندراوی خەبەری:

# کۆبوونەوەی ڕێبەریی دوولایەنی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو



لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی ڕێبەریی دوولایەنی حیزبی دێموکراتدا دواقۆناغەکانی پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان تاوتوێ کران.

ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە، ١١ی گەلاوێژ ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ هەڵسەنگاندن و تاوتوێی دواقۆناغەکانی پڕۆسەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان کۆ بوونەوە.

لـە بڕگـەی یەکـەمـی دانیشـتنـەکـەدا بـەرپرسـانی هەیئەتەکانی دانوستانکاری دوولایـەنـی دێموکرات دواڕاپـۆرتـی خۆیان لەسەر پڕۆسەی وتووێژەکان بۆ وەسەریەککەوتنەوە بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکرات پێشکێش بە کۆبوونەوەکە کرد. لەو ڕاپۆرتەدا وێڕای ئاماژەی ورد بەو پێشڤەچوونە گرینگ و دەسکەوتە بەرچاوانەی لە ڕەوتـی پڕۆسەی یەکگرتنەوەدا وەدیهـاتوون، وردەکارییەکانی دواقۆناغی پڕۆسەکە بۆ بەرچاوڕوونیی زیاتری ئەندامانی ڕێبەریی دوولایەنی دێموکرات تیشکیان خرایە سەر.

لە بڕگەی دووهەمی کۆبوونەوەکەشدا بەڕێزان مستەفا هیجری، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای سپاس لە پشوودرێژیی هەیئەتەکانی دانوستانکار و هەروەها شێلگیریی ڕێبەریی دوولایەنی حیزبی دێموکرات لە بەئەنجامگەیاندنی پڕۆسەی سەخت بەڵام هیوابەخشی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان، دوورەدیمەنی کار و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی یەکگرتوو، و ئەرک و دەروەستییەکانی قۆناغی داهاتووی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتیان دەستنیشان کرد.

کاک مستەفا هیجری لە قسەکانیدا تیشکی خستەسەر ئەو بابەتە کە بە هیممەت و ئەرکوەخۆگریی هەمووانە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات دەخەینەوە سەر یەک و قۆناغێکی نوێ و هیوابەخش لە بەهێزکردنی خەبات و تێکۆشانی حیزبەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەپێناو دەستبەری مافە زەوتکراوەکانی نەتەوەکەمان لە ئێراندا درێژە پێدەدەین.

بەڕێزیان وێـڕای ئاماژە بە زیـان و خەسارەکانی لێکدابرانی ڕیزەکانی حیزب و ئەو زەبرەی لە یەکگرتوویی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات کـەوت، پێی لـەسـەر ئـەوە داگـرت کە دەبـێ بە وەسەریەککەوتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات و یەکخستنەوەی وزەی خەباتگێڕیمان هەم قەرەبووی ئەو قۆناغەی دابڕان بکەینەوە و هەم گوڕوتینێکی پتر بە جووڵانەوەی مافخوازیی گەلەکەمان بدەین.

کـاک خـالـید عـەزیـزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش لە قسەکانیدا تیشکی خستە سەر ئەو بابەتە کە ئەوەی تا ئێستا هەیئەتەکانی دانوستانکار بە یارمەتیی فکریی ڕێبەریی دوولایـەن بە مەبەستی بەئەنجامگەیاندنی پڕۆسەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان تا دواقۆناغی خۆی کردوویانە، ئەرکوەخۆگری و هەست بە بەرپرسایەتیی مێژوویی و خەباتگێڕی بووە؛ بەڵام ئەوەی لە داهاتووی خەباتی هاوبەشمان لە یەک ڕیزدا و بۆ گەیشتن بە ئامانجی جووڵانەوەکەمان لەسەرشانی هەمووان قورسایی دەکات، دەروەستییەکە کە دەبێ تا سەر پێی پابەند بین.

بەڕێزیان لە درێژەی قسەکانیدا هاتە سەر ئەو بابەتە کە ڕاستە ئێمە دوولایەنی حیزبی دێموکرات بەهۆی دابڕانمان لەگەڵ یەکتری لەو ماوەیەدا بەجیا خەبات و تێکۆشانمان بووە، بەڵام سەربەرزین بەوەی شێلگیرانە دژی کۆماری ئیسلامی خەباتمان کردوە، خاوەندارەتیمان لە پرسی کورد لە ئێران و مێژووی پڕشنگداری هاوبەشمان کردوە و، ئێستاش بۆ بەهێزکردنی پێگەی کورد و هەنگاوی کاریگەر لە سەرخستنی خەباتی نەتەوەکەمان ڕیزەکانمان یەک دەخەینەوە.




لەو کۆبوونەوەیەدا شێلگیری و ئیرادەی ڕێبەریی دوولایەنی حیزبی دێموکرات لە وەڵامدانـەوە بەو زەروورەتـە مێژووییە و گەیاندنی پڕۆسـەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بە دواقۆناغـەکانی خۆی بەرز نرخێندرا. کۆبوونەوەی هاوبەشی ڕێبەریی دوولایەنی حیزبی دێموکرات پاش باس و تەتەڵەی دواقۆناغەکانی پڕۆسەی یەکگرتنەوە و، هیوابەخشی بە ڕاگەیاندنی کۆتایی پڕۆسەکە لە داهاتوویەکی نیزیکدا؛ کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

# حیزبی دێموکرات و گرینگیدانی بە پرسی کۆمەڵایەتی

## (١-٢)

جەلیل گادانی



**ئاماژە: ئەم بابەتە دوانووسینی نەمر جەلیل گادانی بوو کە بۆ یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزب نووسیبووی و لە کتێبی "حیزبی دێموکراتی کوردستان، قەڵای خۆڕاگری ناسنامەی نەتەوەیی"دا کە هەر بەبۆنەی یوبیلی ئەڵماسی حیزب چاپ بوو، بڵاو کرایەوە. "کوردستان" لە دووهەمین ساڵیادی کۆچی دواییدا بۆ ئەمەگناسی و ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی کاک جەلیل ئەم دوانووسینەی بەڕێزیان لە دوو بەشدا بڵاو دەکاتەوە.**

هێشتا ساڵێکی تەواو بەسەر هاتنی هێزی هاوپەیمانانی شەڕی دووهەمی جیهانی بۆ ئێران بە تایبەتی داگیرکردنی باکوور و ڕۆژئاوای ئێران لەلایەن ئەرتەشی سوور کە بوونە هۆی نەمانی هێزی نیزامیی ڕەزاشای دیکتاتۆر لە بەشێک لە کورستان تێنەپەڕیبوو، پیاوانی تێکۆشەری کورد لە شاری مەهاباد "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد"یان لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢١دا دامەزراند.

چونکە حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بنەمای ئەو کۆمەڵە دامەزراوە، بە پێویست دەزانم ئاماژە بە هێندێک لە کارەکانی کۆمەڵەی ژێکاف بکەم. تێکۆشانی ئەو کۆمەڵە لە ناوچەی موکریان زۆر زوو پەرەی ئەستاند. حکوومەتی تاران لە کردەوەدا حاکمییەتی خۆی لەم دەڤەرە لەدەست چووبوو، و بەشی زۆری ئەرکەکانی حکوومەتی کەوتبووە سەرشانی خەڵک خۆی. لەو سەردەمیشدا کۆمەڵە ژ- ک یەکەم ڕێکخراوی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. وێڕای تێکۆشانی سیاسی و پەرەدان بە هەستی نەتەوایەتی لە زۆر شوێن بە تایبەتی لە شاری مەهاباد، زێدی لە دایکبوونی، زۆربەی گرفتەکانی خەڵکیان حەل دەکرد. بە تایبەتی لە دوو بواری فەرهەنگی و ئاسایشەوە هەنگاوی بەنرخی هەڵێناوە.

"قۆڵسوور"ەکانی ژ-ک خۆبەخشانە شەو و ڕۆژ ئامادەی خزمەت بوون، ئەرکی ئەمنییەت و ئاسایشی شاریان وەئەستۆ گرتبوو، هەموو کات ئامادەی بەرەنگاربوونەوەی هەر هێرشێک بوون کە ڕەنگبوو لە لایەن هێندێک عەشیرەتی هەلپەرست بۆ تالان و بڕۆ بکرێتە سەر شار. لە زۆربەی گەڕەکەکانی شار بنکەی تایبەت دانردابوون. شەوانەش بە شێوەی گەڕۆک لە کوچە و کۆڵان و شەقامەکان ئەرکی پێ ئەسپێردراویان ئەنجام دەدا. ئەگەر ڕووداوێک لە دوور و نیزیک تەنانەت لە دێهاتی دەوروبەریش ڕووی دابا بە هانای خەڵکەوە دەچوون.

هێندێک بنیاتی حکوومەتی وەک سەربازخانە کە ئەو هەمووە هێزەی تێیدابوو بە دوو بۆمبی گچکە و کەم هێزی تەیارە ڕەشەکەی سۆڤییەت کونەمشکیان لێ ببوو بە قەیسەری و هەڵاتبوون و چۆڵیان کردبوو، یا سیلۆ و ژاندارمەری کە بێخاوەن مابوونەوە، هەرچەند هێندێکیان تاڵان کرابوون، بەڵام ژ-ک پارێزەری تایبەتی بۆ دانابوون تا بیناکان وێران نەبن و لەوەی کە لە یەکەم ڕۆژەکانی چۆلبوونیاندا تالان کرابوون زیاتر وێران نەکرێن. بۆ نموونە هەر سەربازخانەکە دواتر کرایە پێشمەرگەخانە.

لە بواری فەرهەنگییشەوە مەجالیان نەدا ئەو خوێندنگانەی هەبوون دابخرێن و ئەندامانی فەرهەنگیی شار کە زۆریان ببوونە ئەندامی کۆمەڵەی ژ- ک نەیانهێشت قوتابییەکان لە خوێندن دواکەون، بەڵکوو هەنگاوی گەورەشیان هەڵگرت. بە دانانی دوو قوتابخانەی شەوانە بە ناوەکانی "گەلاوێژ" و "ئازادی" بۆ فێرکردنی زمانی کوردی کە تا ئەودەم خوێندن و نووسین بە کوردی بەتەواوی یاساغ بوو خزمەتێکی باشیان بە لاوان کرد. یەک لەو مەدەرسانە "گەلاوێژ" لە خانووی حاجی ئەحمەد گادانی لە گەڕەکی قووڵەقەبڕان، بە سەرۆکایەتیی مەلا عەبدوڵڵا داوودی، ناسراو بە خاڵە مەلا یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ- ک و دووهەمیان لە گەڕەکی هەرمەنیان بە ناوی "ئازادی" لە کوچەی محەممەدی مەولوودی، بە لێپرسراوی فەرهەنگیی بەوەج "عەلی گولجەبینی" بەڕێوە دەچوون. جگە لە چەند مامۆستای خۆجێیی بەڕێزان؛ ڕەوانشادان عوسمان دانش، محەممەد تۆفیق وردی، کەریم زەند، نووری ئەحمەد تەها بە نۆبە لەو دوو قوتابخانەیە دەرسیان دەگوتەوە. ئەو بەڕێزانە توانییان لە ماوەیەکی کەمدا پۆلێک لاو بە چەشنێک فێری خوێندن و نووسینی زمانی کوردی بکەن کە پاش تەواوبوونی دەورەکەیان هێندێک لەوان بوونە مامۆستای کوردی گوتنەوە و خزمەتی باشیان کرد.

وابزانم زیاتر بە مەبەستی تەمرینی حکوومەتداری بوو کە ژ- ک میرمیرێنی نەریتی کۆنی کوردیی زیندوو کردەوە. یەکیان بە میرایەتیی مستەفا سیاسەری لە گەڕەکی هەرمەنیان و ئەویتریان لە گەڕەکی ڕزگەریان بە میرایەتیی حەمەدەمین یا حەمەی حەسەن زارا بەڕێوە دەچوو. ئەو دوو میرانە جلوبەرگی تایبەتییان بۆ ساز کرابوو. هەرکام پۆلێک لاوی بەوەج و کارگێڕ یان قۆڵسووری ژ-ک یان بۆ دابینکردنی ئەمنییەت لە دەور بوو، هەر حوکمێکی کردبایان بەڕێوە دەچوو.

کۆمەڵەی ژ- ک بە هێنانە سەرشانۆی دوو نمایشی "سوڵتان سەلاحەدین" و "دایکی نیشتمان" لە مەهاباد و نەغدە و شنۆ و بۆکان، کە لە هەر کام لەو شارانە چەند ڕۆژ نیشان دران، کاریگەریی زۆری لە سەر گەشەکردنی هەستی نەتەوەیی و بڕوابەخۆ بوونی خەڵک کرد. چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری بەپێزی "نیشتمان" وەک یەکەم بڵاڤۆکی کوردی لە ڕۆژهەڵات و ئۆرگانی کۆمەڵە لەو سەردەمەدا یەک لە کارە بەرچاوەکانی فەرهەنگی و ڕووناکبیریی سەردەم بوو کە بۆ چاپکرانی چەند ژمارە دەچوونە تەورێز و لە ڕێگەی دۆستانێک کە دەستیان دەکاری چاپ و چاپخانەدا بووە، چاپیان دەکرد و دەیانهێناوە کوردستان و بڵاویان دەکردەوە.لەڕاستیدا خەڵک ئەوەندەیان بڕوا بە کارەکانی ژ- ک هەبوو کە نەتەنیا بە قسەی "فەرماندار"ی دیاریکراوی حکوومەتی ئێرانیان نەدەکرد کە لەوکاتدا لە سەرۆک عەشیرەتەکان دادەندران، بەڵکوو یەک دوو جار بە خۆپیشاندان لە شار وەدەریان نان.

بە هاتنی قازی محەممەد بۆ نێو کۆمەڵەی ژ- ک و بوونی بە ئەندامی ئەم ڕێکخراوە، وەزعی ژ- ک زۆر بەرەو پێشتر چوو. هەم وەزنی چووە سەر و هەم کەسایەتییەکانی کوردستان لە دوور و نیزیک ڕوویان تێ کرد. هەروەک هێندێک لە ئەندامانی بەڕێوەبەری پێشبینییان کردبوو دوای ماوەیەک قازی محەممەد بوو بە مۆرەی هەرە گرینگی ئەم ڕێکخراوەیە.

دوای یەک دوو سەفەر بۆ ئازەربایجانی سۆڤییەت و نیزیکیی دۆستانە دەگەڵ فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان لەلایەک و پاش تەکبیروڕایەکی زۆری بەڕێوەبەرانی ژ- ک، بە حوکمی پێویستیی هەلومەرج و زەمان، بە دەنگی زۆربەی هەرە زۆری ڕێبەڕانی کۆمەڵە، ئەو ڕێکخراوە بوو بە "حیزبی دێموکراتی کوردستان". ئەو حیزبە مۆدێرنە بە ڕاگەیاندنی بەرنامەیەکی ٨ مادەیی کە لە ١/ ٨/ ١٣٢٤ بە واژۆی دەیان کەس لە ڕێبەڕان و کەسایەتییەکانی کۆمەڵە چاپ و بڵاو کرایەوە بوونی خۆی ڕاگەیاند. لەو ڕاگەیاندراوەدا بەشی بەرچاوی پێویستییەکانی ئەو کاتی کۆمەڵگە گونجابوو.

لە ماوەیەکی کورتدا ئەو حیزبە کە لە سەر بنەمای کۆمەڵە دامەزرا، یەکەم کۆنگرەی هەر لە شاری مەهاباد بەست و دوای خستنە بەر باسی بەرنامەکە و باس و خواسێکی زۆر لەسەری، هەر لەم کۆنگرەیەدا گرینگیی زۆر زیاتر درابوو بە ٢٢ مادە کە دواتر لە مانگی سەرەماوەزی ١٣٢٤ی هەتاویدا بڵاوکرایەوە کە بریتی بوو لە چوار فەسڵ و ٢٢ مادە. هەر لەو کۆنگرەیەشدا قازی محەممەد وەک سەدری حیزب و ڕێبەڕ و ٢٣ کەس ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران. لەو بەرنامە نوێیەدا هەموو پێداویستییەکانی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و پێشکەوتوو، کە ئێستاش لە زۆر وڵات پیادە کراوە پێشبینی کرابوو. بۆ نموونە ئاماژە بە چەند خاڵ لەو بەرنامە دەکەین کە زیاتر باری دێموکراتی و کۆمەڵایەتیی دەگرتەوە:

**١- ناوی حیزب: حیزبی دێموکراتی کوردستانە**

بە باوەڕی من لێرەدا بۆیە ئاماژە بە ئێران یان بەشێک لە ئێران نەکراوە کە کوردستان بە یەک خاک و یەک نەتەوە دەناسێندرێ.

**٢- حیزب لە سەر ئەو بناخەیە دامەزراوە: "حەقیقەت، عەداڵەت، تەمەدون."**


هەموو نیزامنامە و قانوونەکانی حیزب پاش پەسند کران لە کۆنگرە، جێبەجێ ئەکرێن.

بەم واتایە بۆ یەکەم جار حیزب لە ڕێبەریی تاکەکەسی و عەشیرەتی و کوێخامەنشی و شێخایەتی دەردەچێ و بەشێوەی دێموکراتیک و بڕیاری گشتی بەڕێوە دەچێ.

**٤- لە کوردستان ئەبێ لە سەر بنچینەی دێموکراسی، قازانجەکانی کۆمەڵانی خەڵک ڕەچاو بکرێ. ئەبێ بێ گوێدانە جیاوازیی میللی و قەومی و مەزهەبی، بۆ هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ مەجلیسی شوڕای میللی مافی وەک یەکیان هەبێ.**

**٥- ئامانجی حیزب بریتییە لە پەرەپێدانی دێموکراسی، لەسەر ئەو بنچینەیە تێدەکۆشێ بۆ خۆشی مرۆڤایەتی.**

**٨- یەکەمین هەنگاوی حکوومەتی میللی ئەوەیە دەست دەکا بە ئاوەدانکردنەوەی وڵات.**



**٩- ئەبێ هەموو مەئمورانی کیشوەری و سیاسی و دایرەکان و کشتوکاڵ کورد بن. لە ئیداراتدا دەبێ بە زمانی کوردی بنووسرێ.**

**١٠- حیزب تێدەکۆشێ بۆ گەشەپێدانی کشتوکاڵ ماشێن بکرێ و هەوڵ ئەدا ئەو بەروبوومەی جوتیاران بەرهەمی ئەهێنن، بەباشی بفرۆشرێ.**

**١١- حیزب تێدەکۆشێ بۆ ئاوەدانی و پاراستنی لەشساغی دێهات و بۆ نەهێشتنی ئەو کۆسپانەی لە ڕێی هاتوچۆ لە دێیەک بۆ دێیەکی دیکە.**

**١٢- حیزب بەبێ جیاوازی نەتەوایەتی و قەومی و مەزهەبی حیمایەت لە ژیانی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی و لەشساغیی هەموو زەحمەتکێشان دەکات کە لە کوردستان دەژین.**

**١٣- بە مەبەستی پەرەپێدانی زانست و شارستانیەتی نێو خەڵکی کوردستاندا خوێندنی قۆناخەکانی سەرەتایی و ناوەندی ئەکرێتە ئیجباری و لە هەموو قوتابخانەکاندا بە زمانی کوردی دەرس دەخوێندرێ.**

**١٩- حکوومەتی میللی بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی خەڵکی کوردستان بە ڕێگای هەرزان و ڕەحەت، بەتوندی دژی سەلەم و گرانفرۆشی و موحتەکران ڕادەوەستێ.**

**٢١- ئەبێ لە هەموو کاروباری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا ژنان وەکوو پیاوان مافی وەک یەکیان هەبێ.**

**٢٢- ئەبێ مافی کەمە نەتەوەکان کە لە کوردستاندا ئەژین، وەکوو ئازەربایجانی، ئەرمەنی و ئاشووری بەتەواوی دابین بکرێ.**

بە باوەڕی من نوقستانیی گرینگی ئەو بەرنامە ئەوەیە کە مادەی ٥ی بەرنامەی پێشوو هەڵگیراوە کە بریتی بوو لە: "دەبێ لەسەر ئەساسی قانوونێکی گشتیی نێوان لادێیی و خاوەن ملکدا ڕێککەوتنێک پەسەند بکرێ کە دوارۆژی هەردوو لا دابین بکرێ."

بەمجۆرە حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو بە جێی ئومێدی هەموو کوردێکی خاوەن هەست. لەڕاستیدا نەک هەر درێژەدەری هەموو کارە باشەکانی "ژ-ک " بوو، بەڵکوو گەلێک مەسەلەی نوێی هێنا ئاراوە کە لەگەڵ دنیای مۆدێرن و پێشکەوتوو دەگونجا و بێگومان نە لە حکوومەتی تاران بەڵکوو لە سیستەمەکانی پاشایەتی و کۆماریی دەوروبەر باسیشیان لێ نەدەکرا.

ئەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە توانی لە دونیای قەیراناویی ئەو سەردەمەدا بە باوەشی گەرم چەند هەزار کەس لە بنەماڵە و جەنگاوەرانی پەڕیوەی دوای نسکۆی شۆڕشی بارزان وەرگرێ کە دوای هێرشی دڕندانەی ئەرتەشی حکوومەتی پاشایەتیی عێراق و پشتیوانیی هێزەکانی بریتانیا ڕوویان کردە ڕۆژهەڵات. هەر لە شنۆوە تا بۆکان لە شار و گوندەکانی کوردستان جێگیریان بکا و بەوپەڕی دڵئاوڵاییەوە و بە هیمەتی خەڵکی دڵسۆز لەو وەزعە شپرزەیەی هەیان بوو ڕزگاریان بکا و بەپێی ئیمکاناتی ئەو سەردەم دەیانمەزرێنێ و دواتریش ڕاستەوخۆ لە کۆماری کوردستاندا بەشداریان بکا.

بێگومان لوتکەی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات کەلکوەرگرتن لە هەلومەرجی گونجاو و دەرفەتی هەڵکەوتوو، دامەزراندنی کۆماری کوردستانە. گەرچی ئەو کۆمارە بە پیلانی دوژمنانی تەمەنێکی زۆر کورتی هەبوو، بەڵام بە بۆنەی ئەو ڕەفتار و کارە باش و ناوازانەی کە لە ئەو ماوە کورتەی بوونیدا ئەنجامی داون بۆتە مادەیەکی مێژوویی جێی شانازیی کورد و کوردستانیان.

بەر لە ڕاگەیاندنی کۆماریش جگە لە هێندێک کاری گرینگی سیاسی و ڕێکخراوەیی وەک هەڵکردنی ئاڵای کوردستان بەشێوەی ڕەسمی، ئامادەکردنی پێشمەرگەخانە بۆ پەروردەکردنی هێزی پارێزەری نیشتمان، لە بواری فەرهەنگی، کۆمەڵایەتیشەوە هەنگاوی گرینگی وەک دانانی چاپخانە، بڵاوکردنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردستان و بەڕۆژانەکردنی مەدرەسەی شەوانەی گەلاوێژ و ڕەسمیەتدان بە خوێندنی زمانی کوردی لە هەموو قوتابخانەکان هەڵێنرانەوە. لە هەمووی ئەوانە گرینگتر ئەوە بوو کە توانی ئاشتەوایی و برایەتی لەنێو ئەو هەموو عێل و عەشیرەتانە پێک بێنێ کە پێشتر بە دەسیسەی دوژمنانی کورد پێکەوە زۆر ناتەبا بوون و بە نرخی ئەو یەکدڵی و برایەتی و تەباییە توانی کۆماری کوردستان دابمەزرێنێ.

ئەو ئەرکە کۆمەڵایەتییانەی لە ژێرەوە بەکورتی ئاماژەیان پێ دەکەم کە لە تەمەنی کورتی یازدە مانگەی کۆماریدا بەپێی بەندەکانی بەرنامەی حیزب بەڕێوە چوون. بێگومان ئەگەر هیممەت و ئیرادەی بەڕێوەبەران و ئەندامانی دڵسۆزی حیزب نەبا و باوەڕی قووڵ بە پیادەکردنی ئەو بەرنامە نەبایە لەو ماوە کەمەدا بە ئاکام نەدەگەیشتن.

١- بۆ یەکەم جار بەشدارکردنی ژنان لە کاری کۆمەڵایەتیدا و دامەزراندنی "حیزبی ژنان" یان "یەکیەتی یایانی دێموکرات".

٢- بەرچاوگرتنی مافی زەحمەتکێشان شار و دێ.

٣- ڕەسمییەتپێدانی ڕێکخراوی لاوانی دێموکراتی کوردستان.

٤- بەرێکرانی پەنجا تا شەست کەس لە لاوە خوێندەوارەکان بۆ باکۆی پێتەختی ئازەربایجانی سۆڤییەت و تەورێز بۆ خوێندن.

٥- ڕەسمییەتدان بە خوێندنی دەرس بە زمانی کوردی لە هەموو خوێندنگاکان و نووسینی کاروباری ئیداری بە زمانی کوردی لە هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆمار.

٦- بایەخدانی بە کردوە بە مافی کەمایەتییەکانی ڕەگەزی و ئایینی، دانانی مەکتەب و خوێندن بە زمانی خۆیان.

٧- یەکڕەنگ و یەکفۆرم کردنی جلوبەرگی هەموو قوتابیان لەسەر تێچووی کۆمار.

٨- ئیجباریکردنی خوێندن بۆ هەموو ئەو کچ و کوڕانەی دەگەیشتنە تەمەنی خوێندن.

٩- دانانی کلاسی شەوانە بۆ خوێندنی گەورەساڵان.

١٠- دانانی فەقیرخانە و کۆکردنەوەی سواڵکەران و بەخێوکردنیان.

١١- دانانی رادیۆی F.M بۆ ئاگادارکردنی خەڵک لە ڕووداوەکان.

١٢- یەکێک لەو کارانەی کۆمار کردی و تا ئەودەم لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هیچ دەوڵەتێک نەیکردبوو ئەوە بوو کە هەموو ئەو لاو و تازەلاوانەی کە لە بەر بێ ئیمکاناتی و بێکاری و نەداری لە کوچە و کۆڵانان یا لە بازار دەخولانەوە و سواڵیان کۆ دەکردوە، بە سەر ماڵە دەوڵەمەندەکاندا دابەشی کردن کە وەک منداڵەکانی خۆیان سەیریان بکەن و هەروەک کوڕ و کچانی خۆیان بە خێویان کەن و بیان نێرنە خوێندنگە. هێندێک لەوانە دواتریش درێژەیان بە خوێندن دا و پێگەیشتن.

هەرچەند تەمەنی کۆمار ئەوەندە کورت بوو نەیتوانی هەڵبژاردنی پارڵەمان بەڕێوە بەرێ، بەڵام بەگوێرەی پێویست لە لایەن دەوڵەتی کوردییەوە بۆ نرخی کەلوپەل پێشگیری لە گرانفرۆشی و زۆر مەسەلەی دیکە بڕیار دەدرا و لە ڕێگای ڕۆژنامە و ڕادیۆ و بڵێندگۆکانی دامەزراو لە مەیدان و شەقامەکانی شار یا بەشێوەی بانگەواز خەڵک لەو بڕیارانە ئاگادار دەکران. هەر بڕیارێکی درابا بە سەرڕاستی بەڕێوە دەچوو.

لە بواری ئاوەدانکردنەوەدا هەنگاوی باش هەڵگیرا، بۆ نموونە شوێنی سینەما سازکردن دیاری و کەرەستەشی بۆ ئامادە کرا، بەڵام فریای سازکردن نەکەوت. یان بۆ نموونە، ئاوەڕۆی شاری سابڵاغ بە درێژایی سێ کیلومیتر زیاتر لە دووسەد ساڵ هەر وا بەسەر ئاواڵەیی مابۆوە لە باشووری شار تا باکوور بە نێوەڕاستی شار و بازاریشدا دەڕۆیشت و بۆگەنیوی بێزارکەر بوو، بەڵام لە ماوەی چەند مانگدا بە خشتی سوور و خەرپشتە و تاق هەموویان داپۆشی و شاریان لەو زەلکاوە ڕزگار کرد و دیمەنێکی تازە لە پاک و خاوێنیان بە شار دا.

لە بواری پزیشکییەوە سەرەڕای ئەوەی شار تەنیا دوکتورێکی بەناوی "وێنەتان" لێ بوو، نەخۆشخانەی شێروخۆرشید تەنیا نەخۆشخانەی شار بوو کە ١٠ تا ١٥ قەرەوێڵەی زیاتر نەبوو، بە دەردی خەڵک ڕادەگەیشتن و دوکتورێکی ئەرتەشی ئێرانیش بە ناو "موبەسیری" کە لە شەڕەکانی سەقزدا بەدیل گیرابوو ئیزنی پێ درا کاری پزشکی بکا و دواتریش چەندین ساڵ لە مەهاباد مایەوە و کاریگەری زۆر باشی لەسەر ئەم بابەتەوە هەبوو.

(درێژەی هەیە)

# فێمینیزم و خەباتی نەتەوەیی هاوشان و هاوتەریب

## (فیمینیزمی ڕەش)

(١-٣)



د. ئازاد محەممەدیانی



### پێشەکی

فێمینیزم وەک یەک لە ڕوانگە کۆمەڵناسی، سیاسی و فەلسەفییەکانی سەدەی نۆزدە و بیست توانیویەتی بە وێنەی بەشێک لە کەڵکەڵە هزرییەکانی کورد لانیکەم لەو ساڵانەی دواییدا دەرکەوێ، بەڵام فێمینیزم وەک ئیدئۆلۆژی نەبووەتە بنەمایەکی ڕوون بۆ پرسی ژنان و چەشنی چەمکێکی گرینگی پێوەندیدار بە خەباتی نەتەوەییەوە بوونی نەبووە. دیارە وێڕای دەستپێکی خەباتی مودێڕن لەسەر بنەمای حیزبایەتی، دامەزراوەکانی ژنان بۆ یەکەم جار ساز بوون و لە سەرەتای شۆڕشی نوێی ڕۆژهەڵات ژنان تێکەڵ بەو شۆڕشە بوون. ئەوە لە کاتێکدایە کە لە مەیدانی مەدەنی و خەباتی شاردا، ژنان بە شێوەیەکی ڕوونتر و بەرچاوتر وەک سووژەیەکی کارامە شوناسی خۆیان پاراست و لە قەوارەی نەریتخوازانەی بیری کۆمەڵگە هاتنە دەرێ.

بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواریی ئافرەتان و حوزووریان لە دامەزراوە مەدەنییەکان کە بەرهەمی عەقڵی مودێڕن و ڕخنەگرانەی مرۆڤی سەردەمن، پێکهێنەری شۆڕشێکی دژ بە ئۆبژەگی مێژوویی مێیینە بوون. لەم ڕووەوە ژنی کورد ئەزموونێکی نوێی لە مافخوازی و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ چەند جۆر ستەمی تاقی کردەوە؛ ستەمی چینایەتی، ستەمی نەتەوایەتی و ستەمی ڕەگەزایەتی. خۆ ئەگەرچی حووزووری شۆڕشگێڕانەی ئافرەتان لە دوو باڵی خەباتی شار و شاخدا بەرچاو و ماناداری بووە، بەڵام جۆری پێوەندی ئەم تێکەڵبوونە لە چوارچێوەی شۆڕشی فێمینیستیدا نەبووە و بنەما تێئۆریکەکانی ئەم ئیدئۆلۆژییە کۆمەڵایەتی و سیاسیە نەپارێزراوە و شێوەی گرێدرانەوەی بە خەباتی نەتەوایەتی کوردەوە کەمهێز بووە.

لە وەها دۆخێکدا پرسیاری سەرەکی دەتوانێ ئەوە بێ کە ئایا بزووتنەوەی کورد لە سەر بنەمای ناسیۆنالیسمی کوردی توانیویەتی فێمینیزم وەک یەک لە دالەکانی گوتاری سیاسیی خۆی مەفسەڵبەندی بکا یا بە زمانێکی ساکارتر ئایا ناسیۆنالیسم و فێمینیزم توانیویانە وێڕای یەکتر خەباتی خۆیان بۆ سڕینەوەی ستەمە نەتەوایەتی و ڕەگەزایەتییەکان و باقی ستەمەکانی دیکە لە ئێرانی فرەنەتەوەدا بەرنە پێشێ؟

بۆ وەڵامدانەوە بەو پرسیارە پێویستە لێکدانەوەیەک لەسەر ئەو جۆرە لە فێمینیزم بدەینە دەستەوە کە توانایی ئەوەی هەیە چوارچێوەیەکی تەحلیلیی بەهێز بۆ هاوڕێیەتی بزووتنەوەی نەتەوەیی و بزووتنەوەی ژنان بە مەبەستی سڕینەوەی ستەمەکان پێک بێنی و پێوەندی فێمینیزمی کورد و ئێرانی وەک ژینگەی سیاسیی ژنی کورد باس بکەین.

### سێ ڕوانگەی گشتی بۆ وەڵامی پرسیارە سەرەکیەکەی ئەم وتارە بوونی هەیە:

یەکەم؛ ڕوانگەی گشتیی زۆر یەک لە چالاکانی سیاسی و سیاسەتمەداران کە پێیان وایە کاتێک بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی لەسەر بنەمای ناسیۆنالیسم لە ئارادایە باسکردن لە فێمینیزم و هەر جۆرە خەباتێکی لەو چەشنە دەتوانێ چەواشەکردنی ڕەوتی بزووتنەوەکە بێت. ئەو ڕوانگەیە دەڵێ بۆ ئەوەی هەر جۆرە ستەمێک کۆتایی پێ بێ -کە ستەمی ڕەگەزایەتییش یەک لەوانە- پێویستە گشت کۆمەڵگە پێکەوە و یەکگرتووانە هەوڵ بدەن بۆ سڕینەوەی ستەمی نەتەوایەتی، کە لە ئاکامی ئەم هەرەوەزەدا سەرکەوتن ڕوو دەدا و هاوکات هەموو ستەمەکانی دیکەش وێڕای ئەو ستەمە یا بە دوای ئەودا کۆتاییان پێ دێت و ستەم بەدژی ژنانیش دەبڕێتەوە. لە ڕاستیدا ئەم ڕوانگەیە لە زۆر وڵات و تەنانەت کوردستانیشدا زاڵ بووە و بزووتنەوەی ژنان وەک بزووتنەووەی پاشکۆی نەتەوەیی چاوی لێ کراوە و هەموو شتێک لەم بڕوایەوە بەستراوەتەوە بە سەرکەوتوویی یا ناسەرکەوتوویی بزووتنەوەی نەتەوایەتی.

دووهەم؛ دووهەم ڕوانگە ڕیشەی لە شەپۆلی دووهەمی فێمینیزمدایە. ئەم شێوە ڕوانینە جەخت لە سەر جیاوازییەکان دەکات و بڕوای بە شوناسێکی تایبەت و جیاواز بۆ بزووتنەوە فێمینیستیە ئێتنیکی و ڕەچەڵەکییەکان هەیە. کەواتە ناکرێ بزووتنەوەی ژنان بخرێتە چوارچێوەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی یا ئێتنیکییەوە و هەوڵ بدرێ لەو قەوارەیەدا شکڵ بگرێ. لە ڕاستیدا خاڵی ڕوونکەرەوەی ئەم ڕوانگەیە ئەوەیە کە ئەگەر پرسی ژنان لە قەوارە و بەستێنێکی نەتەوەییدا باس بکرێ، شوناسێکی تایبەت بە ئافرەتانی ئەم نەتەوە یا ئێتنیکەی دەبێ. لەم ڕوانگەیەوە پرسی ژنان پرسێکی تەواو جیاوازە و خەبات بۆ ئەم پرسە جیاوازە ڕەوتێکی جیاوازیش دەپێوێ. وەک دیارە ئەم ڕوانگەیە ڕاست ئەودیوی ڕوانگەی یەکەمە و، جیاوازیی بزووتنەوەی ژنان بەپێی بارودۆخ و تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی بەفەرمی دەناسێ؛ بەڵام هەوڵ بۆ سازکردنی پێوەندییەک لە نێوان خەباتە جۆراوجۆرەکان دژبە ستەمە چەند فاقەکان نادا.

سێهەم؛ ڕوانگەی سێهەم لەسەر بڕوامەندبوون بە شوناسە چەندفاقەکان و تێکهەڵکێشانی گونجاوی کەڵکەڵە و داواکارییەکان دامەزراوە. لە ڕاستیدا ژن دەتوانێ هەم کەڵکەڵەی نەتەوەیی هەبێ، هەم داواکاری فێمینیستی و هەم ویستی چینایەتی و... . لەم ڕوانگەیەوە دەتوانرێ ئەو بڕوایە کە فێمینیستەکان دەتوانن لە ڕەوتی نەتەوەسازی و بابەتە نەتەوەییەکاندا نەخشیان هەبێ بێتە بەر باس. ئەم ڕوانگەیە پێیوایە کە چالاکییە فێمینیستیەکان دەتوانن هاندەر و ڕێکخەری نەتەوەخوازییش بن. "نیرا یووال" و "فلۆیا ئانتیاس" پێیان وایە ئافرەتان لەو ڕێگایانەی خوارەوە بەشداری چالاکییە نەتەوەیی و ئێتنیکیەکان دەکەن:

نوێنەرایەتیکردنی کەمایەتییە ئێتنیکیەکان، دیاریکردنی سنووری پێکهاتە نەتەوەیی و ئێتنیکیەکان، ڕاگواستنی بایەخە کۆمەڵایەتییەکان، ڕوونکردنەوەی جیاوازییە نەتەوەیی و ئێتنیکیەکان و بەشداریی چالاکانە لە شۆڕشە نەتەوەییەکاندا. لە هەمووی ئەم چالاکییانەدا ژنان بە شێوەیەکی جیاواز لە پیاوان حوزووریان لە پرۆژە نەتەوایەتی و ئێتنیکییەکان بە تایبەتمەندیی شوناسی ژنانەوە هەیە (فریدمن، ١٣٨٢). کەواتە لەم ڕوانگەیەوە پێویست نییە وەک دوو شتی جیاواز یا دژ بە یەک بڕواندرێتە ڕەگەزایەتی و شوناسی نەتەوایەتی و دەکرێ بزووتنەوە فێمینیستییەکان هاوتەریب و هاوڕێی بزووتنەوە نەتەوایەتیەکان ببیندرێن.

ئەم ڕوانگەیە کە لەسەر بنەمای تێکهەڵکێشانی شوناسی چەندفاقەکان ساز بووە، پێی وایە جیاوازی ڕەگەزی و ڕەچەڵەکی، ئێتنیکی و نەتەوەیی دەتوانێ بەرهەمهێنی ستەم و چەوساندنەوە بێ و مرۆڤێک بە هۆی ئەوەیکە ژنە و ڕەگەز، ڕەچەڵەک، ئایین و ئێتنیکێکی جیاوازی هەیە وێڕای یەک تووشی چەوسانەوە بێت. ئەم بڕوایە لە ڕاستیدا بنەمای هزری فێمینیسمی ڕەش پێک دێنێ، جۆرێک لە فێمینیسم کە دوو شوناسی جیاوزی ژنێتی و ڕەش پێستی هۆکاری دوو جۆر ستەمی ڕەچەڵەکی و ڕەگەزایەتی بوون. لەم ڕوانگەیەوە شوناسە چەندفاقەکان تایبەتمەندی ئاسیایی، ڕەش پێست و بە گشتی ژنانی ئێتنیک و نەتەوە ڕەنگینپێستەکانە (هەمان سەرچاوەی پێشوو).

کەواتە فێمینیزمی ڕەش دەتوانێ ئەو شێوەیە لە فێمینیزم بێ کە یارمەتیدەرە بۆ گەیشتن بە وەڵامی پرسیاری سەرەکیی ئەم وتارە، چون ئەم جۆرە لە فێمنیسم لە بارودۆخێکی هاوشێوەی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی گەلانی جیاوازی دنیادا کە لە ژێر ستەمە جۆراوجۆرەکان دان، دامەزراوە.

### فێمینیزمی ڕەش

کەسانی وەک باربارا ئیسمیت، ئێدرێلێرد، گلۆریا جۆزێف، گلۆریا هاڵ وئالیس واکێر هەوڵیان داوە بۆ خولقاندنی هێندێک تێئۆری کە پێداویستیی ژنانی ڕەشە بۆ خەبات لە پێناو چاککردنی ژیانی ڕۆژانەیاندا. لە ڕاستیدا تیۆریی فێمینیزمی ڕەش خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ پێوەندی لەگەڵ فێمینیستە سپییەکان پێشکەش دەکا تا بە شێوەیەکی هەمەلایەنە لەنێو کۆمەڵگەیەکی ڕەگەزپەرەستدا دژایەتییەکانی نێوان ڕەگەز، ڕەچەڵەک و چین لێک بداتەوە (هام و گەمبێل، ١٣٨٢).

لێکدانەوەی بنەڕەتی فێمینیزمی ڕەش ئەوەیە کە ژنانی سپی پێست ناتوانن لە کێشەکانی پێوەندیدار بە ستەمی ڕەچەڵەک پەرەستانە کە دەستەویەخەی ڕەشپێستەکانە بگەن. بە درێژی خەباتی فێمینیستی ئەوەی کە پتر لە هەر لایەنێک بۆتە هۆی کپکردنی دەنگی ئافرەتانی ڕەش، ژنانی فێمینیستی سپی بوون و بایەخێکیان بۆ ئازاری ژنە ڕەنگینپێستەکان دانەناوە (مشیرزادە، ١٣٩٠). هۆکس پێی وایە هێندەی هیچ پێکهاتەیەک لە ئامریکا نکۆڵی لە شوناسی ژنانی ڕەش نەکراوە. بەدەگمەن هەڵدەکەوێ لەم کولتوورەدا وەک تاقمێکی جیاواز لە پیاوانی ڕەش یا ژنانی سپی دان بە ژنی ڕەشدا بهێنرێ. کاتێک باس لە ڕەشپێستەکان دەکرێ مەبەست پیاوانی ڕەشە و هەر کاتێکیش باسی ئافرەتان دەکرێ ژنانی سپی مەبەستن (هەمان سەرچاوەی پێشوو).

ئەگەرچی کەڵکەڵەی سەرەکیی فێمینیزمی ڕەش هەر ئەو خاڵانەن کە ڕەوتی سەرەکیی فێمینیزم لەسەری پێداگرن، بەڵام جیاوازی ئەم جۆرە لە فێمینیزم دەگەڕێتەوە بۆ ئەم ڕاستییە کە ژنی ڕەش لە هەر سێ لایەنی ڕەچەڵەک، ڕەگەز و چینەوە لەژێر ستەمدایە، بۆیە دەگوترێ پێداویستی لاکردنەوە لە هەموو ستەمەکان، لە تایبەتمەندییە گرینگەکانی فێمینیزمی ڕەشە.

دیوراکینگ کەڵک لە واتای "مەترسیی چەند لایەنە"بۆ باس لە دۆخی ژنانی ڕەش وەردەگرێ. ئەو پێی وایە؛ ئەم ئافرەتانە لە سێ لایەنی ڕەچەڵەک، ڕەگەز و چینەوە لەژێر ستەمدان و جۆری پێوەندیی ئەم سێ ستەمە دەبێتە هۆی چەند قاتبوونی کاریگەری ئەم ستەمانە لەسەر ئافرەتانی ڕەش پێست (هەمان سەرچاوەی پێشوو) .

بەپێی ئەو ڕوانگەیە ژنانی ڕەش نەتەنیا دەیانهەوێ پێش بە مێینەیەکی ئۆبژە بگرن بەڵکوو دەیانهەوێ لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و نەزمی جیهانیدا وەک سووژەیەکی ڕەش و مرۆڤێکی پلە یەک ژیان بە سەر بەرن و ڕووبەڕووی ئەم قەوارەیە ببنەوە کە هەوڵی بە زنجیرکێشانی ڕەگەز، ڕەچەڵەک و پلەی کۆمەڵایەتیی ئەوان دەدات. بۆیە باربارا ئیسمیت، مافزان و فێمینیستی ڕەش دەڵێ: "واتای هاوکاتی ستەمەکان ئێستاش یەک لە دژوارترین پرسەکانی فێمینیزمی ڕەش بۆ تێگەیشتن لە حەقیقەتی سیاسیە، کە من پێموایە یەک لە گرینگترین بنەماکانی تێئۆری ئیدئۆلۆژیکی ئەندێشەی فێمینیزمی ڕەشە"

لەلایەکی دیکەوە ژنانی ڕەنگینپێست کە خۆیان لە چوارچێوەی گوتاری فێمینیزمی ڕەشدا دەبیننەوە، ئەو ڕەخنەیە ئاراستەی ڕەوتی سەرەکیی فێمینیزم دەکەن کە سەرنج ناداتە چەوساندنەوەی ژنانی ڕەچەڵەک، نەتەوە و قەومێکی جیاواز بە دەست ژنانی ڕەچەڵەک و نەتەوەیەکی دیکەوە و ئەو پرسیارە دێننە ئاراوە کە: "ئایا زانیارییەکمان لەسەر جیاوازییەکانی ژنان هەیە"؟ (ڕێتزێر، ١٣٨١).

"کیمبێرلی کرێنشاو" پسپۆڕی مافی ڕەشپێستەکان داهێنەری واتای "ئینتێرسێکشناڵیتی" یا "تیۆریی تەلاقی"یە. لەم ڕوانگەیەوە هەڵاواردن وەک ترافیکی چوارڕێیانێک وایە کە مومکینە لە هەر لایەکەوە ڕوو بدات. ئەگەر ڕووداوێک لەسەر چوارڕێیانەک ڕوو بدات، دەتوانێ کاریگەریی لە سەر هاتوچۆی ماشێنەکان لە یەک یا هەموو لایەکانەوە هەبێ. ئەگەریش ژنێکی ڕەشپێست لەم ڕووداوەدا زیانی وێ بکەوێ ئەم خەسارە ڕەنگە بە هۆی هاڵاواردنی ڕەگەزایەتی یا ڕەچەڵەک پەرەستانەوە بێ، بەڵام کێشانەوەی ڕەسمی ڕووداوەکە کارێکی ئاسان نییە؛ زۆر کات هێڵی تورموز و ئاستی خەسارەتەکە باس لە کاریگەری چەند هۆکار دەکەن، هەر بەم هۆیە هەوڵ بۆ دۆزینەوەی شۆفیری تاوانبار بە ئاکام ناگات.

کرێنشاو لە سەر ئەو بنەمایە جەخت دەکاتەوە کە ژنانی ڕەشپێست بە هۆکاری جیاواز دەکەونە بەر پەلاماری هەڵاوردن و ستەمەوە، بەڵام ناتوانرێ قامک لەسەر جۆرێک لە ستەمەکان داندرێ بەڵکو دەبێ بگوترێ کە سەرجەمی ئەم ستەمانەیە بوونەتە هۆی ئەم دۆخە.(ئیسمیت و... ١٣٩٣). کەواتە تیۆریی ئینتێرسێکشناڵیتی بۆ کاریگەری ستەمەکان لەسەر کەسایەتیی ئافرەتی ڕەشپێست و تیوریی ستەمە چەندفاقەکان و شوناسە چەندفاقەکان کە باسی سەرەکیی شەپۆلی سێهەمی فێمینیزمن دەتوانن ئەم بنەما تیۆرییە بدەن بە دەست هەر توێژەرێک لە نەتەوە، ڕەچەڵەک، ئایین، چین و شوناسێکی جیاواز لەو کۆمەڵگەیانەی کە بزووتنەوەی ژنان و ڕەوتە مافخوازە نەتەوەتی، ڕەچەڵەکی و ئێتنیکیەکان لە ئارادان. (درێژەی هەیە)

# ناوەندی هاوکاری: سیناریۆسازیی ڕێژیم بۆ سەندنەوەی ئابڕووی لەدەستچووی خۆیەتی



لە ڕۆژانی ڕابردوودا پاش بڵاوبوونەوەی ڕاگەیەندراوی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لەبارەی دەستگیرکردنی ژمارەیەک پێشمەرگەیان لە نێوخۆی کوردستان لەکاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکی ڕێکخستن و تەشکیلاتیدا، هێرشێکی بەربڵاو لەلایەن دەزگای ئیتلاعات و دامودەزگاکانی کۆماری ئیسلامی بڵاو کرایەوە کە چالاکیی ئەو پێشمەرگە گیراوانەی بە پیلانی وڵاتانی دەرەوە و پەیوەندییان لەگەڵ ئیسراییل بەستەوە.

تۆمەتبەخشینەوە و تۆمەتبارکردنی هەر دەنگێکی ئازاد و هەر ڕەوتێکی خەباتکاری کوردستان بە هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دیکە یەکێک لە سەرەکیترین کار و پیشەکانی کۆماری ئیسلامی بووە و لە ماوەی دەسەڵاتی خۆیدا بە دەیان جار حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بزوتنەوەی ڕەوای خەڵکی کوردستانی بە "دەستی دەرەکی" و "هاوپەیمانیی ئەمریکا و ئیسراییل" و .. تۆمەتبار کردوە.

هەڵمەتی ناڕەوای ئەمجارەی کۆماری ئیسلامی لەکاتێکدا کە ئەم ڕێژیمە سەرەڕای قەیرانی نێوخۆیی و ناڕەزایی بەرینی توێژە جیاجیاکانی خەڵک کە خوازیاری نەمانی ئەم ڕێژیمەن، بارودۆخی دەرەکییشی تووشی قەیرانێکی گەورە بووە کە بۆی چارەسەر نابێت، هەر لە بابەتی دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی تا دەستوەردانی لە وڵاتانی ناوچەکە و برەودان بە سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی توشی قەیرانی جیدی بووە. بەم دواییانەش لێدانی ناوەندە ئەتۆمی و موشەکییەکان و، کڕینی ژمارەیەک کەسی پلەبەرز لە هێزە ئەمنییەکان و باقی دامودەزگاکانی ئێران لەگەڵ ئیسراییل، بووەتە هۆی ئەوەی ڕێژیم بۆ سەندنەوەی ئابڕووی لەدەستچووی خۆی جارێکی دیکە سیناریۆسازی بکات و ئەمجاریش ئەم سیناریۆیەی تۆمەتلێدان لە بزووتنەوەی کوردستان و حیزبەکانی ڕێکخست.

ئێمە وەک ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران ئەم سیناریۆسازی و تۆمەتە بێ بنەمایانەی کۆماری ئیسلامی بەتوندی ڕەت دەکەینەوە و بە مایەی داماوی و بێدەرەتانیی دەسەڵاتدارانی ڕژیمی دەزانین. لەلای هەمووان ئاشکرایە کە کورد و بزوتنەوە ڕەواکەی هەڵقوڵاوی ناخی ئەو ستەم و بێ مافییەیە کە لە ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا لە کوردستان پەیڕەو کراوە و سازکردنی بوختان و درۆ و تۆمەتی بێبنەما بۆ سەر بزووتنەوەی کورد و حیزبەکانی بێجگە لە مایەپوچبوونی ئەم ڕێژیمە زیاتر نییە.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٧ی گەلاوێژی ١٤٠١**

# تیرۆر و کۆماری ئیسلامی

## (بەبۆنەی ساڵیادی تیرۆری شەهید مووسا باباخانی)





شۆڕش شاباز

خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ڕزگاری و مافە نەتەوایەتییەکانی تێچووی زۆری بۆ ئەو نەتەوەیە هەبووە، بەڵام سیاسەتی سەرکوت و زەبروزەنگی ڕێژیمە ناوەندگەراکان گەلی کوردی بەچۆکدا نەهێناوە. لە قۆناغی سەردەمی خەباتی کورد لەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی چی جینایەت و کارەساتی مرۆییە ئەو ڕێژیمە دەرحەق بە کورد خوڵقاندوویەتی و دەستی لە هیچ چەکێک و یەک لەوان تیرۆر نەپاراستوە.

تیرۆر چەکی دەستی دەسەڵاتە نادێموکراتیک، دوگم و داخراوەکان و هەروەها نیشانەی زەبوونی و دەستەوەستانیی ئەوان لە بەرەوڕووبوونەوەی لۆژیکییە. واتە کاتێک سیستمێکی سیاسی پەنا بۆ تیرۆری کەسێک یان لایەنێک دەبا، هەم لە مەترسیی بیر و ئاوەزی ئەوان بۆ سەر دەسەڵاتەکەی تێگەیشتوە، هەمیش ناتوانێ دێموکراتیک لەهەمبەر ئەو ئیرادەیە بەربەرەکانی بکا. کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی پاوانی دەسەڵات لە ئێرانەوە هەتا ئێستا بەهۆی پێکهاتەی دوگماتیزمی ئایینی و سیاسی و بێبایەخیی بیروبۆچوونە جیاوازەکان لای کاربەدەستانی ئەم ڕێژیمە هەوڵی داوە دژبەرانی خۆی بە توندوتیژی لە مەیدانەکە وەدەر بنێ. لەو ڕێژیمەدا مافە دێموکراتیکەکان و مافی ڕەوای ئەوانیدی مانای نییە و بۆ بڵاوکردنەوەی کەشی ترس و تۆقینیش بەردەوام چەکی تیرۆری بەکار هێناوە؛ لەو نێوەشدا کورد و بزووتنەوەی سیاسیی کورد زۆرترین قوربانیی دەستی تیرۆریزمی ئەم ڕێژیمەیە.

تیرۆری سیاسی کاتێک ڕوو دەدا کە نیزامی سیاسیی وڵات کەسێکی تیرۆرکراو بە مەترسییەکی زۆر بۆ سەر خۆی دەزانێ، بۆیە ئامادەیە بە هەموو نرخێک و تەنانەت بە گرتنەبەری ناجوامێرانەترین شێواز و بە پێشێلکردنی هەرچەشنە بەها و بایەخێکی مرۆیی لەنێوی ببات. شەهید مووسا باباخانی یەک لەو کەسانە و لە ڕێبەرانی لاوی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە سیستمی ویلایەتی فەقیهـ لێی دەترسا. ئەوەی زراوی ڕێبەرانی ڕێژیمی بردبوو دێموکراسیخوازی، ئازادیخوازی، شوناسویستی و خەباتی بەکردەوەی شەهید مووسا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بوو. بەڵام شەهید مووسا نە یەکەم ڕێبەری کوردە کە بە دەستی غەدر و تاوان لە بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازیی نەتەوەکەی دەستێندرێ، نە هەتا ئەو خەباتەش بە ئاکام و دوامەنزڵی خۆی دەگا دەکرێ دوا ڕێبەری شەهیدی تیرۆرکراو بێت.

جیا لەو مەبەستە ئامانجێکی دیکەی ڕێژیم لە تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات، وەستاندنی خەبات و لە جووڵەخستنی بزاوتی سیاسیی کورد بووە؛ بەڵام ئەو سەنگەرە پارێزەرانی پیرۆزی خۆی هەیە، پارێزەرانێک کە قوربانیبوونی خۆیان خستۆتە پێش هەموو بەرژەوەندییەک. پارێزەرانێک کە سەرکوت و تیرۆر باوەڕمەندتر، و لە بڕینی ئەو ڕێگایەدا ڕژدتر و سوورتر و شێلگیرتریان دەکا.

خاڵێکی جێی سەرنجی دیکە لە بەشێکی زۆر لە تیرۆرە سیاسییەکان ڕاکێشانی متمانەی قوربانی بۆ لەداوخستنیەتی، وەک ئەوەی لە تیرۆری شەهید د. قاسملوودا بە بیانووی وتووێژێک بۆ چارەسەری پرسی کورد ڕەکێشی کوشتنگەیان کرد و چ لە تازەترین تیرۆری ڕێژیم لە حیزبی دێموکراتدا متمانەکردنی شەهید مووسا بە مۆرەیەکی ڕێژیمیان بۆ لەداوخستنی بەکار هێنا. کەسی خەباتکار متمانەکردنەکەی بە خەڵکەکەی تا ڕادەیەک سروشتی دەنوێنێ، ئەوە بە مانای ناپێویستبوونی ڕەچاوکردنی ڕێوشوێنە ئەمنیەتییەکان نییە، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە کەسی خەباتکار گیانفیدای بیروباوەڕەکانیەتی و دەیەوێ ئەو بۆچوون و ویژمانە بۆ هەموو توێژەکانی کۆمەڵ شۆڕ بێتەوە. لێرەدا ئەوەی پڕدیارە بێپرەنسیپی دوژمنێکە کە بۆ زەبرلێدان لە جووڵانەوەی سیاسیی کورد هیچ سنوورێک و هیچ بەها و بایەخێک و تەنانەت یاسا و ڕێسا جێکەوتووەکانی شەڕیش ناناسێت.

مووسا باباخانی، ئەندامی ڕێبەریی لاو و شاییبەخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە دەستی غەدر و تاوان شەهید کرا. بەڵام وەک چۆن د. قاسملوو کە خۆی دیارترین قوربانیی تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامییە دەفەرموێ: "باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەپێدانی ڕێگەیانە." بیچمداکوتانی کولتووری خەبات و پێداگری لەسەر درێژەدان بە ڕێبازی شەهیدان لە ماوەی دەیان ساڵ خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پرستیژێکی تایبەتیی بە جووڵانەوەی سیاسیی کورد بەخشیوە. جووڵانەوەیەک کە بۆتە چقڵی چاوی کۆماری ئیسلامی و ئەوەندەی زەبوون و دەستەوەستان کردوە کە ناتوانێ لە مەیدانی ڕاستەوخۆدا بەربەرەکانیی بکا و دواتر بە فێڵ و دەهۆ کە پیشەی هەمیشەییانە بەرەنگاری تێکۆشەرانی کورد دەبێتەوە.

پەرەسەندن و ڕەگداکوتانی خەباتی نەتەوەیی و چوونەسەرێی ئاستی وشیاری سیاسیی کۆمەڵانی خەڵک و کاریگەریی حیزبە سیاسییەکان لەسەر ڕێکخستنی وزەی خەباتگێڕیی خەڵک هۆیەکی دیکە بۆ فازێکی دی لە کردەوە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتە. بەتایبەت لەبارەی شەهید مووسا باباخانی کە بەهۆی دەور و شوێندانەریی ئەو لە قووڵبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی و ڕێکخستە سیاسییەکان لە ناوچەی خوارووی کوردستان ناوەندە ئەمنییەتییەکان تەواو هەستیان بە مەترسی کردبوو و چارەسەریشیان تەنیا لە تیرۆر و لەنێوبردنی فیزیکیی ئەودا دیتەوە.

ڕوحی شەهید مووسا شاد، بەڵام بێگومان سەنگەری خەبات و تێکۆشانی هەمیشە ئاوەدان دەمێنێت.

# ڕەوتناسیی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

## (لە دەسەڵاتی میرنشینەکانەوە هەتا ژێکاف ٢-١)



شارۆخ حەسەنزادە

**ڕەوتی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵات، سەرەتا بە بزووتنەوەی شێخەکان لە کۆتاییهاتن بە دەستەڵاتی میرنشینە کوردەکان و بۆشایی نێوان کۆمەڵگە و درێژەی ڕەوتی سیاسیی کورد دەست پێ دەکا و دواتر بە دامەزرانی یەکەم ڕێکخراوی کوردی پەنگێکی بەڕۆژ دەداتەوە و لە دامەزرانی دووهەم ڕێکخراودا دەگاتە سەرچڵەپۆپەی داخوازییە شۆڕشگێڕییەکانی خۆی. حیزبی دێموکراتی کورستان وەک یەکەم حیزبی مۆدێرن، ڕەوتی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵات دەگرێتە دەست و ڕیالیستییانە درێژە بە خەبات دەدا.**

ڕەوت بریتییە لە دامەزراوە، کۆمەڵە و گرووپێکی دیار کە بێجگە لە بناخەی هزری، جۆرێک ڕەوشتی کۆمەڵایەتیشی هەیە. (خسروپناە، ١٣٨٨) ڕەوتەکان سێ تایبەتمەندیی سەرەکییان هەیە کە بریتین لە:

١- کۆمەڵایەتیبوون و هەبوونی جۆرێک لە ڕەوشتی تایبەتیی کۆمەڵایەتی.

٢- بوونی دامەزراوە و کۆمەڵە.

٣- هەبوونی بیرۆکە، هزرێکی بەرچاو و دیار و هەڵسوکەوتی تایبەت بە ئەو.




کە وابوو ڕەوتناسی بریتییە لە ناسینی وێژمان، چلۆنایەتیی بیچمگرتن، ناساندنی دامەزرێنەران و کەسایەتییە ناسراوەکان، هەروەها کاریگەرییان لەسەر دامەزراوە، گرووپی هزری، کولتووری، سیاسی و ئابووری هەیە. ڕەوتێکی سیاسی بە مانای شەبەنگێکی بەربڵاوی هزری، ئایدئۆلۆژی، سیاسی و بڕواییە. ڕەوتێکی سیاسی مێژوویەکی دیاری هەیە و لایەنەکانی گووران هەتا گەشە و ئامانج و شێوازی خەباتی سیاسیی خۆی دەناسێنێ. بە شێوەیەکی گشتی ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکان بە سەر چوار لێڕوانین دابەش دەبن:

١- ڕەوتی هزری؛ دامەزراوە و کۆمەڵەیەکی کۆمەڵایەتیین کە لەسەر بناخەی هزر و ڕوانینی زانستی هەڵچنراوە و زیاتر لە بەستێنی بیر و ئەندیشەدا چالاکن.

٢- ڕەوتگەلی کولتووری؛ دامەزراوە و کۆمەڵەیەک کە بەر لەوەی باس لەسەر پرسگەلی فەلسەفی و کەلامی بکەن، چالاکی کولتووری و پڕۆپاگەندایان هەیە و زۆرتر لەسەر فەرهەنگ و کولتوور کار دەکەن.

٣- ڕەوتی سیاسی؛ دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییە کە ئاراستە و چالاکییەکانی سیاسییە و زۆرتر لە بەستێنی سیاسیدا کاریگەریی هەیە.

٤- ڕەوتی ئابووری؛ ئەو دامەزراوانەی ڕوانینیان ئابوورییە و لەم بوارەدا چالاکن.

یەکێک لە کارکردەکانی کۆمەڵناسیی سیاسیی ڕەوتی سیاسی، شکڵدان بە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی سەقامگیرە کە گوورانی لەنێو کێشمەکێشی سیاسی بە ڕوانگەی"گرامێشی" مەمنوونی "هەژموونییە"، کەوابوو ئەمرێکی سیاسییە (خرم شاد، سادات، ١٣٩٢).

ڕەوشی جۆراوجۆر بەستێنی دامەزراندنی ڕەوتەکان وێنا دەکەن، ناسین و شرۆڤەی دۆخی بەر لە هەبوونی ڕەوت بنەمای ناسینی لایەنی هزری و مێژوویی پێک دێنێ. لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هاتنی زاراوەکانی سیاسی و خۆخستنە سەر مێشک و زاران (سوسیالیزم، کۆمۆنیزم، ناسیۆنالیزم، دێموکراسی و...)، شەڕە مەزنەکانی یەکەم و دووهەمی جیهانی و مەودای نێوانیان، ڕەوشی هەڵسوکەوتی دەسەڵاتی سیاسی، دۆخی کۆمەڵگە بەستێن بۆ سەرهەڵدانی ڕەوتێکی پڕکاریگەر خۆش دەکا.

ڕەوتناسیی سیاسیی دەرکەوتنی بیری نەتەوەیی بەشێکی بۆ هاتنی چەمکگەلی وەک ناسیۆنالیزم، دێموکراسی، کۆمۆنیزم، سۆسیالیزم و... لە ڕۆژئاوا بۆ ڕۆژهەڵات و لەوێشەوە کوردستان دەگەڕێتەوە. ئەگەر لە فەڕانسە "مۆنتێسکیۆ"، "ژان ژاک ڕۆسۆ" ئاوانگاردی هزری سیاسیی سەردەمی خۆیان بوون، "جێفرسۆن" و "توماس پین" لە ئەمەریکا و "جێرمی بێنتام" و "گلادستۆن" لە ئینگلیس، "گاریباڵدی"، "مێزینی" لە ئیتالیا لە مەزنترین تیۆریسیەنەکانی ناسیۆنالیستی و پێکهاتنی جۆرێک لە نۆرمی نوێی سیاسی و ڕوانینی تایبەت بە جیهانبینی ئیتالیایی بوون و، "بیسمارک" لە ئاڵمان ئاڵاهەڵگری نەتەوەگەرایی بووە. ئەگەر لەسۆنگەی لەمێژەبوونی، باسی ئەحمەدی خانی و میرشەرەفخانی بدلیسی لە کوردستان و نەبوونی نەزمێکی سیاسیی بەرچاو لە میرنشینەکانی نەکەم، ناکرێ ماڵباتی بەدرخان، بزووتنەوەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا، سمایل ئاغا و... نەهێنینە بەرباس کە ئاڵوگۆڕێکی گەورەی فکریی لە دەزگای بیرکردنەوە و ئاستی وشیاری نەتەوەیی کۆمەڵگەی کوردی ڕۆژهەڵات کردەوە.

کاتێک دەسەڵاتی میرنشینەکان نامێنن، بۆشایەکی سیاسی ئەمنی بوروکراتیک ڕوو دەدا، شێخەکان بە تەکیە و دامەزراندنی خانەقاکان دێنە مەیدان و تەنانەت جڵەوی دەسەڵاتی سیاسی و بزووتنەوەکانیش دەگرنە بەدەست. دوو تەریقەتی گرنگی کوردستان "قادری" و "نەقشبەندی"، لە شکڵگرتنی نوێی ڕەوتی سیاسیی کورددا ڕۆڵی بەرچاویان گێڕاوە کە پشکی تەریقەتی نەقشبەندی لەم ئاستەدا زۆرترە.

مەودای نێوان شەڕی یەکەمی و دووهەمی جیهانی، ئەو ڕێککەوتننامانەی "سایکس پیکۆ"(١٩١٦ز)، "سێڤەر"(١٩٢٠ز) و "لۆزان"(١٩٢٣ز)، شۆڕشەکانی کورد لە سەدەی نۆزدە و بیست هەموویان سەرەتا بە دەستپێکی ڕوانینێکی "نەتەوەیی-ئایینی" دواتر ڕەوتی چەپ(سۆسیالیزم-کۆمۆنیزم) و (ناسیونالیزم-نەتەوەیی) کاریگەریان لەسەر بیچمگرتنی سێ ڕێکخراوی "ح. ا. ک "(حیزبی ئازادیی کوردستان ١٩٣٨)، "ک. ژ. ک" (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد ١٩٤٢) و "ح. د. ک"(حیزبی دێموکراتی کوردستان ١٩٤٥) هەبووە.

هەر کردەوەیەک دژکردەوەیەکی هەیە، هەموو ئەو نەهامەتی و کردەوە دژە کوردانەی، دەورانی بیست ساڵەی دەسەڵاتی پڕ لە زوڵم و خەفەقانی ڕەزاشا، پرۆژەی قاڵکردنەوەی کورد و شوڤینیزمی فارس (گۆڕینی ناوی شار و ئاواییەکان، بەراوەژووکردنی مێژوو و چەواشەکاری، دژایەتی لەگەڵ کولتووری ڕەسەن و خۆماڵیی گەلی کورد و پێداگری لەسەر زوڵم و ستەمی نەتەوەیی، سەرکوتی شۆڕشەکانی کورد، (سمکۆ لە ورمێ و شنۆ، جافرسوڵتان لە هەورامان، حەمەڕەشیدخانی بانە، مەحموودخانی کانی سانان لە مەریوان، مەلا خەلیل گۆڕئومەری (١٣٠٧-١٣٠٨)، بیرهۆ و فەرزەندە لە ناوچەی ماکۆ) هاوکات دەگەڵ گۆڕینی بیروهزری کۆمەڵگە بەنیسبەت پرسی نیشتمان و نەتەوە بوونە دنەدەری ڕەوتی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

### حیزبی ئازادیی کوردستان ١٩٣٨

لەگەڵ دەستپێکی شەڕی جیهانیی یەکەم (١٩١٤-١٩١٨ز) سپای ڕووسیە خۆی دەخزێنێتە ئێران و تەنانەت لە بەشێکی خاکی ئێراندا دەگەڵ عوسمانلییەکان دەکەوێتە شەڕ و پێکدادان. لە ناوچەی موکریان و بەتایبەت لە شاری مەهاباد کەسانێک دەکەونە ژێر کاریگەریی بانگەشە و بیروبۆچوونی ئەو ئەفسەرانەی کە لایەنگری حیزبی سۆسیال دێموکراتی (کۆمۆنیست)ی ڕووسیە بوون و لە سپای ئەو وڵاتەدا بوون. سەرۆکی ئەمانە کەسێک بوو بە ناوی "حەمە هەتیو". ئەوانە بە بەڵشەڤییەکانی مەهاباد ناوبانگیان دەرکرد و دروشمەکەیان ئەوە بوو کە دەبێ، فەقیر و هەژار سەرکەوێ و دەوڵەمەند نەمێنێ (بازیار، ٢٠١٩). دواتر کرماشان وەک شوێنی دەرکەوتنی سۆسیال دێموکراسیێ لێ دێ و "ئەبولقاسم لاهووتی" ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە جووڵە سیاسییەکانی سۆسیالیستە چەپەکان و لەلایەکی تریش چالاکییەکانی حیزبی توودە لە کوردستان و خۆ بەخاوەنکردنی پرسی کورد ڕەوتی چەپی بەسەر فەزای کوردستاندا زاڵ کرد و ئیدی هێدی هێدی ڕەنگی ئایین و سەرکردایەتیی شێخ و ئاغا کە پێشتر جڵەوی بزووتنەوەکانی کوردیان لەدەستدا بوو، کاڵ دەبێتەوە.

یەکەم ڕێکخراوی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵات لە هەلومەرجێکدا دامەزرا کە سیاسەتی نەتەوەسازی و یەکڕەنگکردنی کولتووری، ئاسیمیلەکردنی نەتەوەکانی غەیرە فارسی ڕەزاشا لە ئێران، تێکشکانی بزووتنەوە خێڵەکی و چەکدارییەکانی کورد، بوونە هۆکاری دامەزراندنی یەکەم ڕەوتی ڕێکخراو بە ناوی "حیزبی ئازادیی کوردستان" کە لە پووشپەڕی ١٣١٧ لەنێو ئەو هۆکارانەی باسمان کرد هەڵقوڵا. لەبەر نهێنی بوونی کار و چالاکییەکانیان هەروەها ڕەوشی پۆلیسی و پڕمەترسیی ئەو قۆناغە ناوی دامەزرێنەرانی بەتەواوی ڕوون نییە، بەڵام ناوی بەشێکیان بۆ ئێمە ئاشکران کە بریتین لە "حوسێن فروهەر (زێڕینگەران)، کەریم یاهوو، مەحموود ڕابتی، حوسێن میکائیلی، محەمەد نانەوازادە، بە سەرۆکایەتیی ڕووناکبیری مهابادی عەزیز مەلا زەندی کە دوکتور عەزیز زەندی و عەزیز ئەڵمانییش بەناوبانگ بوو (سەردەشتی، ٢٠١١).

هەر زۆر زوو ناکۆکیی فکری لەنێو ئەو حیزبە بووە هۆی هەڵوەشانەوەی و دابەشبوونی بەسەر دوو بەرە. عەزیز ئەڵمانی کە سەردانی ئەڵمانی کردبوو و لە نزیکەوە شاهیدی پێشکەوتنەکانی ئە وڵاتە بوو، لەلایەک و لەلایەکی تر عەبدولڕەحمان زەبیحی و حوسێن فروهەر بوون کە بەلای سۆڤیەتدا شکانەوە (باباخانی ١٣٧٨). بەرنامەی ئەم حیزبە لە ٢٨ خاڵدا گەڵاڵە کراوە و لایەنی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری لەخۆ دەگرێ (بازیار، ٢٠١٩). شکڵگرتنی یەکەم ڕەوتی ڕێکخراو بە تەکووزییەکی نیوەدیار دەگاتە حیزبێکی دێموکراسیخوازی ئانتی فاشیزمی پێشکەوتنخوازی کوردستانی. ئەوان بڕوایان بە کوردستانێکی ئازاد، فرە نەتەوە، فرەزمان و کولتوورە کە تەواوی نەتەوەکانی کورد و ئاسووری و ئەرمەن لە سایەی کۆمارێکی عەلمانی و سێکۆلاردا ئازاد بن.

بە ورد بوونەوە لە مەرامنامەی ئەو ڕەوتە دەردەکەوێ کە لایەنگری لە "چینێکی" (زاراوەیەکی سیاسییە کە مارکس دایهێناوە) ڕەنجبەران و کرێکاران دەکا، دامەزراندنی مەجلیس و ئەنجوومەنی ڕەنجبەران و کرێکاران لە هەموو شوێنێک بە مەبەستی ئازادی و دژ بە دیکتاتۆڕی و دامەزراندنی هەرەوەزییەکان و هەڵوەشاندنەوەی هەموو کۆت و بەند و ئیمتیازێک کە ژیانی جووتیاران نائاسوودە دەکا، هیچ گومانێک ناهێڵێتەوە کە یەکەم ڕێکخراوی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەوتێکی چەپ بووە (بازیار، ٢٠١٩).

بەشی دووهەم و کۆتایی لە ژمارەی داهاتوودا

***

**سەرچاوەکان:**

١- خسروپناە، عبدالحسین، جریان شناسی فکری ایران معاصر، قم:موسسه حکمت ١٣٨٨

٢- خرم شاد، محمدباقر، سادات، سید ابراهیم، جریان شناسی بەمثابە روش، فصلنامە علمی پژوهشی، دورە ٥ شمارە ٢

٣- بازیار، سمایل، کاریگەری بیری چەپ لەسەر بزاڤی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک نمونە ١٩٩١-١٩٤٥)، هەولێر ٢٠٢١

٤- سەردەشتی، د. یاسین، کوردستانی ئێران لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جووڵانەوەی ڕزگاری خوازیی نەتەوەیی گەلی کورد (١٩٣٩-١٩٧٩)، سلێمانی ٢٠١١

کوردستان
• ژمارە: ٨٢٨
١٥ی گەلاوێژی ١٤٠١ _ ٦ی ئاگوستی ٢٠٢٢

# ئێهود باراک:
# ئێران دەتوانێ خۆی بکاتە خاوەن چەکی ناوکی و بۆ وەستاندنی بە هێرشی ئاسمانی زۆر درەنگ بووە



و: کەماڵ حەسەنپوور

هەوڵەکان بۆ پێشگرتن بە ئێران لە بوون بە هێزی ناوکی لە نزمترین ئاستدان و ڕوونە کە بەرەو شکست دەچن. لە ٢٠١٥، ڕێککەوتنەکە بە ڕێبەرایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ وەدواخستنی بەرنامەی ناوکیی ئێران بەگوێرەی پێویست بەهێز نەبوو و کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ٢٠١٨ لە هەمان ڕێککەوتن، هەلی بۆ ئێران ڕەخساند تا "ڕەوایی" بە هەوڵە خشکەییەکانی بەرەو "لێواری بوون بە خاوەن چەکی ناوکی"، واتە ڕێژەی پێویست ئۆرانیۆمی پیتێندراو لە ئاستی بەرزدا بۆ ئامێرێک و تەکنۆلۆژیای پێویست بۆ کردنی بە چەک، ببەخشێ. لە ٢٠١٨ ئەوان ١٧ مانگ لە گەیشتن بەو لێوارە دوور بوون. ئەمڕۆ ڕەنگبێ ١٧ ڕۆژ دوور بن.

### کاتی ئەوە هاتوو بەرەوڕووی ڕاستی ببینەوە

کاتێک نۆ مانگ لەوەپێش وەزیری کاروباری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان، ئانتۆنی بلینکن، گوتی بێتوو لە ماوەی چەند حەوتوودا ڕێک نەکەوین، واژۆکردنەکە بایەخێکی نابێ، ڕاستی دەکرد. ئەو بۆچوونە ئەورۆ زۆر ڕاستترە. ئێران لە پیتاندنی ئۆرانیۆم بەردەوام بووە و لە وڵاتێکەوە کە لەژێر چاودێریی ڕووسیەدا بوو، بۆتە وڵاتێک کە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ ڕووسیە دابین دەکات. هەنووکە، ڕێککەوتنێکی نوێ تەنیا بۆ دەرکەوتن بەسوودە، "بیانووی حاشا کردن" بۆ پێویستیی نێوخۆ دەستەبەر دەکات، بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان، خۆبواردن لە ڕاستیی تاڵتر و بژاردەی ناخۆشتر و، بۆ ئێرانییەکان، درێژەدان بە ڕاگرتنی سەپاندنی ئابلۆقەکان لە نزمترین ئاستدا.

ئەو هاوینە ئێران بەکردەوە دەگاتە لێواری بوون بە دەوڵەتی خاوەن چەکی ناوکی. بەڵێ، ئێستاش ١٨ تا ٢٤ مانگ دەخایەنێ تا ئەوان بتوانن تواناییەکانیان لە هەڵسوکەوت دەگەڵ ئورانیۆم باشتر بکەن و بیخەنە نێو کڵاوەی مووشەکی جەنگی. بەڵام ئەو هەنگاوانە دەکرێ لە تاقیگایەکی بچووک یان کارگەیەک جێبەجێ بکرێن و ناکرێ بە هاسانی چاودێری بکرێن، چ بگا بە وەستاندنیان. ئەگەری ئەوەش زۆرە، تەنانەت کاتێک کە ئێران بوو بە وڵاتێکی خاوەن چەکی ناوکی، مەلاکان حاشای لێ بکەن و لە پەیماننامەی بڵاونەکردنەوە (NPT)یشدا بمێننەوە تا خۆیان لە کەوتنە ژێر ئابلۆقەی بەهێزتر ببوێرن. بەڵام ئەوە شتێک لە ڕاستییەکە ناگۆڕێ. دوای زیاتر لە ٢٠ ساڵ هەوڵ و تێکۆشان، ئێران خەریکە بگاتە خاڵی بێگەڕانەوە و ببێتە ئەندامی "یانەی ناوکی." ئەوە لە سەرەتاوە خولیای مەلاکان بووە.

ئەوان سەرکەوتووانە ڕێچکەی کۆرەی باکوور و پاکستانیان گرتە بەر، کە دژی هەموو دنیا سەرکێشییان کرد و بوونە خاوەن چەکی ناوکی. ئەوان هەروەها خۆیان لە کۆتایی زۆرەملیی بەرنامەی لیبی و ئەفریقای باشوور و، چارەنووسی بەرنامەکانی عێراق و سووریە، کە بە هێرشی نەشتەرگەرانەی ئیسرائیل لە ١٩٨١ و ٢٠٠٧ لەنێو چوون، بوارد. بەڵام لە ١٩٨١ و ٢٠٠٧، ئەو بەرنامانە نەگەیشتبوونە ئاستی پێشکەوتووی بەرنامەی ئێران.

لەبەر هۆی نادیار، دوای کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەرجام لە ٢٠١٨، نە ئەمریکا و نە ئیسرائیل "پلانی B"ی سەربازییان، واتە هێرشێک کە بتوانێ بەرنامەی ئێرانییەکان لانی کەم چەند ساڵ وەدوا بخات، ئامادە نەکرد. بەڵام لە کاتێکدا کە ئێران ١٧ مانگ لە "تێپەڕین"ی سەرکەوتووانە دوور بوو، ئەو ئامانجە دەکرا دەستەبەر بکرێ. بەڵام دۆخەکە لە کاتێکدا ئەوان ١٧ ڕۆژ دوورن بەتەواوی جیاوازە. "تێپەڕین" کورتکراوەی بڕیارە و دوای ئەو هەنگاو دێ، واتە گواستنەوە لە بەرنامەی ناوکی مەدەنی، ئەوەی بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا بەکار دێ، بۆ بەرنامەی بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی. ئەو پیتاندنی ئۆرانیۆم بە ئیزۆتۆپی ٢٣٨ تا ئاستی سەرووی ٪ ٩٠ دەگرێتەوە. پیتاندنەکە لە سانتریفیوژاندا دەکرێ و پرۆسەی بەرز کردنەوە لە ٪٦٠ بۆ "ئاستی پێویست بۆ چەک" گەلێک لە پرۆسەکانی پێشووتر هاسانترە. ئەو دوایین قۆناخە پێویستیی بە جێگای کەمە، ڕەنگبێ لە تونێلی گەلێک قووڵدا کە هیچ چەکێک نایگاتێ. کەوابوو، تەنانەت بێتوو هەواڵگریی نایابت هەبێ (کە هەمیشە وا نییە) و بزانی کەنگێ دەقەومێ، ڕەنگبێ بەو ئاکامە بگەی کە هیچت لەدەست نایە. ئەوە هەر ئێستا، زیاتر لە جارێک، لە پێوەندی دەگەڵ کۆرەی باکوور، لە ئەمریکا قەوماوە.

کەوابوو ڕاستییەکە ئەوەیە: هەم ئیسرائیل (بێگومان) و ئەمریکاش دەتوانن لە ئاسمانی ئێرانەوە دژی ئەو بنکە یان دامەزراوەیەکی دیکە شتێک بکەن و لەناوی بەرن. بەڵام کاتێک ئێران بەکردەوە گەیشتە لێواری بوون بە دەوڵەتی ناوکی، ئەو جۆرە هێرشانە ناتوانن پێش بەو وڵاتە بگرن تا چەکی ناوکی دروست بکات. بەڕاستی، لە هەلومەرجی دیاریکراودا ڕەنگبێ ئەوان خێراییەکەیان بۆ دروستکردنی بۆمب زیاتریش بکەن و بە بیانووی بەرگریی لە خۆیان، ڕەوایی بە هەوڵەکانیان بدەن.

بە واتایەکی دیکە، بە پێچەوانەی هێرشی نەشتەرگەرانەی کە ١٢ ساڵ لەوە پێش بیریان لێ دەکراوە، یان دەبوو ٤ ساڵ لەوەپێش بیری لێ بکرێتەوە، ئۆپەراسیۆنێک کە دەیتوانی برنامەی ئێرانییەکان گەلێک وەدوا بخات (لە کاتێکدا کە مەترسیی جەنگ دەگەڵ ئێران هەبوو)، بژاردەکانی ئێستا هەموویان مەترسیی جەنگیان (بە تایبەتی بۆ ئیسرائیل) بەدواوەیە، بە ئەگەرێکی زۆر کەمەوە کە بتوانن بەرنامەی ناوکی ئێرانییەکان وەدوا بخەن.

هێشتا وڵاتە یەکگرتووەکان دەتوانێ ئێران لە چوون بەرەو چەکی ناوکی، بە ئۆلتیماتۆمێکی سیاسی بۆ وەستاندنی بەرنامەکە، کە پشتئەستوور بە هەڕەشەی جێگای باوەڕ بۆ جەنگی بەربڵاو بێ، چاوترسێن بکات. هیچ شتێک لەوە کەمتر ئاکامێکی نابێ. هیوادارم ئەوە هێشتا کەتوارانە بێ. دەنا ئێمە تووشی ئاڵوگۆڕێکی قووڵ، بەرەو خراپتربوونی هاوسەنگیی ئاسایشی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دەبین.



ئێران هەر ئێستا ڕکەبەرێکی سەخت و لاسارە و دژی ئیسرائیل و وڵاتی دیکە کار دەکات، ڕاستەوخۆ و بە بەکرێگراوەکانی لە عێراق، سووریە، لوبنان و یەمەن خەریکی بڵاو کردنەوەی تیرۆر، پشێوی و سەرهەڵدان لەهەر شوێنکە کە بتوانێ. من بۆ چاوترووکاندنێکیش گومانم لە تواناییەکانی بۆ هەراسانکردنی ئیسرائیل و ئەوانی دیکە، تێکدانی ژیانی ئاسایی یان خولیای بەچۆک داهێنانی ئیسرائیل نییە.

بەڵام، کاتێک باس لە توانایی ناوکی دەکرێ، دەبێ لەبیرمان بێ بۆ دروستکردنی جبەخانەیەکی ناوکیی سەرەتایی دەساڵ یان زۆرتر دەخایەنێ. ئەوە تەنیا لە درێژمەودادا دەبێتە هەڕەشەی مان و نەمان بۆ سەر ئیسرائیل. بمانهەوێ کەتوارگەرانە بدوێین، ئەوە باسی پێدادانی بۆمبێک بە ئیسرائیل نییە. مەلاکانی ئێران کۆنەپەرست و توندئاژۆخوازن، بەڵام گەمژە و شێت نین. ئەوان نایانهەوێ بگەڕێنەوە چاخی بەردین. بەپێچەوانە، بۆ ئێران بوون بە خاوەن توانایی ناوکی، پرسی مانەوەی ڕێژیمە. ئەوە دەبێتە هۆی دڵنیابوون کە هیچ کەس نەوێرێ بە شێوەی بەربڵاو لە ئێران دەستێوەردان بکات، جا هەرچەند ڕێژیمەکە لەرۆزکیش بێ. توانایی ناوکی هەروەها "هاوسەنگی" ئەوان بەرانبەر بە ئیسرائیل ڕادەگرێ و دەستی ئێران ئاواڵا دەکات تا ناکۆکی و پشێوی لە سەرانسەری ناوچەکەدا بڵاو بکاتەوە.

مەترسییەکی ڕاستەقینە، لەپێش هەموو شتێکدا، ئەگەری هەرسهێنانی پەیماننامەی بڵاونەکرنەوەیە (NPT). بێتوو ئێران بڕیار بدا ببێتە خاوەن چەکی ناوکی، بڕیارێک کە تەنیا ڕێژیمی ئێران دەیدا، تورکیە، میسر و بە شێوەی جیاواز عەڕەبستانی سعودیش هەست پێ دەکەن کە ناچارن ببنە خاوەن چەکی ناوکی. ڕەنگبێ ئەوە دەساڵ یان بیست ساڵ بخایەنێ تا بە ئاکام بگات، بەڵام هەرەسهێنانی NPT دیکتاتۆرە پلە سێیەکانی دنیا هان دەدات بۆ پاراستنی ڕێژیمەکانیان هەمان ڕێچکە بگرنە بەر. لەوەش زیاتر، ڕەنگبێ ڕێگای وەڕاستگەڕانی مۆتەکەیەکیش ئاواڵا بێ، کە گراهام ئالیسۆن مامۆستای زانستگای هاروارد وەک تێرۆریزمی ناوکی باسی کردوە، ئەوەش بەو مانایەیە کە هەرچی دەوڵەتی خاوەن چەکی ناوکی زیاتر بن، مەترسیی دەستپێڕاگەیشتنی تاقمێکی تێرۆریستی بە ئامێرێکی خاوی ناوکی زیاتر دەبێ. کەوابوو، چار چییە؟ یەکەم، سەیری ڕاستییەکە بکە و کاری لەسەر بکە، نەوەک لەسەر ئاوات و خەیاڵ پڵاو. دەست بکە بە بیرکردنەوە و خۆ ئامادە کردن بۆ دۆخە ڕاستەقینە نوێیەکە.

ئەگەر ڕێککەوتنێکی نوێ دەگەڵ ئێران، تەنانەت یەکێکی جێگای گومان، یارمەتی بە پاراستنی پەیماننامەی پێشگرتن بە بڵاوبوونەوە (NPT) دەکات، ئەوە دیسان بۆ ئامانجەکان بەکەڵکە. بەڵام واژۆی ئێران لەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان دەیکات بایەخی کەمترە. واشینگتۆن دەبێ یانەیەکی بچووک لە وڵاتانی پێوەندیدار، لە نێویاندا ئیسرائیل، دروست بکات و خۆی لە وەبەرهێنانی پێویست لەسەر هەواڵگریی بۆ کەمکردنەوەی مەترسی تووش بوونی نائاگادارییی لە هەر پێشوەچوونێکی یەکلاکەرەوە، دڵنیا بکاتەوە. دەبێ کاری زۆر لە بواری هاوکاریی ئۆپەراسیۆنی و سیاسی بکرێت، لە ئۆپەراسیۆنی شاراوە تا سیاسەتی گشتی، تا ئامادەکردنی ئابلۆقەی گەلێک بەهێزتر و هەروەها پلانی ئامادە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە دەگەڵ ڕووداوی پێشبینی نەکراو، ئەگەر یان کاتێک ئاشکرا بێ ئێران هەنگاوەکانی بۆ سەریەک خستنی چەکێک خێراتر دەکات، واتە کاتێک بیهەوێ لە خاڵی بێگەڕانەوە بەرەو بۆمبی ناوکی تێپەڕ بێ.

ئیسرائیلیش دەبێ بەو ئامرازانە تەیار بێ کە توانایی ئەوەی پێ ببەخشێ تا بە شێوەی سەربەخۆ هێرش بکاتە سەر بەرنامەی ناوکیی ئێران، بێتوو هەردوو دەوڵەت بەو ئاکامە بگەن کە بەتەواوی پێویستە. هاوبەشە بچووکترەکە دەبێ ئەو تواناییەی هەبێ، چونکە لە کاتی تێپەڕینی ئێران لە هێڵەکە، ڕەنگبێ وڵاتە یەکگرتووەکان سەرقاڵی قەیران لە شوێنێکی دیکە بێ، جا ئەو شوێنە ڤێنێزوئێلا بێ، دوورگەکانی دەریای باشووری چین، تایوان، ئوکراین یان کاتی دەستاودەست کردنی دەسەڵات دوای هەڵبژاردن بێ.

دەبێ سەرنجی تایبەتی بدرێتە قەناعەت پێهێنان بە تورکیە، میسر، عەڕەبستانی سعودی و ئەوانی دیکە لە ناوچە کە ئەوان بەشێوەی شیاو دژی گوڕەشە گیریی ناوکی ئێران پارێزراون و پێویست ناکات ببنە خاوەن چەکی ناوکی.

دەسەڵاتی ئایەتوڵلاکان تاهەتایی نابێ. زۆر جار شۆڕشی ئەوتۆ لە کاتی جیلی سێهەمیاندا هەرەس دەهێنن (بڕوانە بۆ وێنە شۆڕشی کۆمۆنیستی). کۆمەڵگەی لە ڕادەبەدەر لاوی ئێران لە یەک دوو دەیەی دیکەدا دەگاتە ئەو قۆناخە. خەڵکی ئێران خەڵکێکی مەزنە و لە سەرەتای مێژووەوە خاوەن شارستانییەتێکی مەزن بووە. ئەوان تەنیا ٤٥ ساڵ پێش ئێستا باشترین دۆستی ئیسرائیل لە ناوچەدا بوون. ئێمە دەبێ لە پێشگرتن بە کۆماری ئیسلامی ئێران ڕاوەستاو بین. لە کاتێکی دیاریکراودا، بەو هیوایە زوو بێ و وە درەنگی نەکەوێ، ئەوان هەرس دەهێنن و لاپەڕەیەکی نوێ دەکرێتەوە.

با بەیەکەوە بەرەو ئەو قۆناخە کار بکەین.

**تایم – ئێهود باراک**

## زیندان بەزێنەکانی ئێمە




بەندکراوانی سیاسیی کورد لە ڕیزی باشترین، شەریفترین، ئەرکوەخۆگرترین و بوێرترین توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا جێ دەگرن. ئەوان لەپێناوی ئازادی، مافی نەتەوایەتی، یەکسانی، دادپەروەری، نەهێشتنی هیچ چەشنە فەڕق و جیاوازییەکی ئێتنیکی، ئایینی و ڕەگەزی و؛ لەپێناو وەپێناو وەدی هێنانی ئارمانە مرۆییەکاندا تێکۆشاون و لەو سۆنگەیەوە تێچووی قورسیان داوە. لەم ژمارەی زیندان بەزێنەکانی ئێمەدا باس لە ژیان و بەسەرهاتی "خالید زەمانی" یەکێکی دیکە لە زیندانییانی سیاسی کورد دەکەین. بەندکراوێکی سیاسیی کورد کە بە تۆمەتی هەوڵدان دژی ئەمنییەتی نەتەوەیی ئێران! سزای ٣٠ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپاوە و ئێستا خەریکی کێشانی چاردەیەمین ساڵ لە ماوەی حوکمەکەی لە زیندانی ناوەندیی یەزددایە.

خالید زەمانی خەڵکی شارۆچکەی کوتول (قوتوور) سەر بە شاری خۆی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. خالید (سادق) ڕۆژی ١٠ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٨٧ لەلایەن هێزەکانی حیفازەتی ئیتلاعاتی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامییەوە بە تۆمەتی ئەندامەتیی حیزبێکی دەستبەسەر کرا. ئەو بۆ ماوەی پێنج حەوتوو بە خراپترین شێوە خرایە ژێر ئەشکەنجەی جۆراوجۆری جەستەیی و ڕوحی بۆ ئەوەی ناچار بە داننانی زۆرەملێی بکەن. خالید زەمانی پاش ئەوەی لەلایەن ناوەندە ئەمنییەتییەکانەوە پەروەندەی لەدژی دروست کرا، لە لقی یەکی دادگای شۆڕشی شاری خۆی بە سەرۆکایەتی "قازی نەورۆزی" دادگایی کرا.

خالید زەمانی کە تۆمەتی "موحاربە لە ڕێگای ئەندامەتی لە پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)"ی درابووە پاڵ، سەرەتا سزای "بڕینی دەستی چەپ و لاقی ڕاستی" بەسەردا سەپا. پاش لێدانی تانە لەو بڕیارە و داوای پێداچوونەوە بەو پەروەندەیە، حوکمی دادگای شۆڕشی شاری خۆی لە دیوانی بەرزی وڵات هەڵوەشایەوە و دۆسییەکە بۆ دادگای پێداچوونەوەی ورمێ نێردرا و دواجار سزای ٣٠ زیندان و دوورخستەوە بۆ زیندانی یەزد لەسەر ناوبراو یەکلایی کرا. ئەو زیندانییە سیاسییە لە کاتێکدا تاوانی "موحاربە"ی درایە پاڵ، کە لە پەروەندی ئەودا هیچ بەڵگەیەک نەبووە لەسەر ئەوە کە ناوبراو لە عەمەلیاتی چەکدارانە لەدژی ڕێژیمدا بەشداریی کردبێ.

خالید زەمانی ڕۆژی ٣٠ سەرماوەزی ساڵی ١٣٨٨ پاش ساڵێک مانەوە لە زیندانی ماکۆ و بێبەشبوون لە مافی چاوپێکەوتن لەگەڵ بنەماڵە و کەسوکاری بۆ زیندانی ناوەندیی یەزد دوور خرایەوە.

ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ کە بەدواداچوونیان بۆ پەروەندەی خالید زەمانی کردوە، بەمجۆرە باس لە ڕووداوی گیرانی ناوبراو دەکەن: ساڵێک پێش دەستبەسەرکرانی خالید لە ناوچەی "جهنم درە"ی سەر بەشاری خۆی شەڕ و لێکدانێک لەنێوان سپای پاسداران و دەستەیەک لە گریلاکانی پژاکدا ڕوو دەدا. بەدوای ئەوەدا حیفازەت ئیتلاعاتی سپای پاسداران دوو کەس بە ناوەکانی فەیسح یاسەمەنی و فەهیم ڕەزازادە دەستبەسەر دەکەن و پاش دوو مانگ لە گیرانی ئەو دوو کەسە ناوەندە ئەمنییەتییەکان هەڵدەکوتنە سەر ماڵی خالید زەمانی و ئەویش دەگرن.

فەیسح یاسەمەنی لە بەفرانباری ساڵی ٨٨ ئێعدام کرا و "فەهیم ڕەزازادە" دادگایی و سزای ١٥ ساڵ زیندان و دوورخرانەوە بۆ زیندانی ناوەندیی شاری کرمانی بەسەردا سەپا. سەپاندنی سزای ٣٠ ساڵ زیندان بەسەر خالید زەمانی لە حاڵێکدایە کە زانیارییە باوەڕپێکراوەکان باس لەوە دەکەن ناوبراو نەک هەر لەو شەڕەدا بەشدار نەبووە، تەنانەت ئەندامی پژاکیش نەبووە، ئەوە نەبێ کە پێش تێکهەڵچوونەکان گریلاکانی پژاک ڕووی لێ دەنێن و ڕێگای دوو ئاوایی لێ دەپرسن و ئەویش ڕێگاکانیان پێشان دەدا.

دوا زانیارییەکان لەسەر پەروەندەی خالید زەمانی ئەوەن کە پارێزەی ناوبراو ڕۆژی ٢٠ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٩٨ بەپێی ماددەی نوێی یاسای سزادانی ئیسلامی داوای پێداچوونەوەی سەرلەنوێی بە پەروەندەکەی خالیددا کردوە کە سەرەڕای تێپەڕینی نیزیک بە ٣ ساڵ لەلایەن دستگای قەزایی کۆماری ئیسلامییەوە هیچ وەڵامێک بەو داواکارییە نەدراوەتەوە.

خالید زەمانی خێزندار و خاوەنی ٤ منداڵە. منداڵەکانی ناوبراو بەهۆی دۆخی نالەباری ژیان وازیان لە خوێندن هێناوە و بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆیان و بنەماڵەکەیان شانیان وەبەر کار ناوە. خالید لە ماوەی ئەو ١٤ ساڵەدا کە لە سیاچاڵەکانی کۆماری ئیسلامی بەندکراوە، تا ئێستا چەند جار دوای مەرخسیی کردوە و سەرەڕای ئەوەی کە شۆڕای ئینزباتیی زیندانی ناوەندی یەزد هیچ لارییەکی لەگەڵ داوای ناوبراو نەبووە، بەڵام بەهۆی ڕێگریی حیفازەت ئیتلاعاتی سپای پاسداران ئەو داوایە بەردەوام ڕەت کراوەتەوە. تەنانەت هەر لەسەر بڕیاری سپای پاسداران لە هەر ئیمتیازێک بێبەری کراوە کە بەهۆیەوە بەر لێبووردەیی بکەوێ یان بەشێوەی مەرجدار ئازدا بکرێ.

خالید زەمانی لە زیندان یەزد لەگەڵ قادر محەممەدزادە، زیندانییەکی سیاسیی دیکەی کورد لە بەندایە. قادر محەممەدزادەش ماوەی ١٧ ساڵە بە تاوانی ئەندامەتیی حیزبێکی کوردیی دژبەری کۆماری ئیسلامی بەند کراوە.

ئەو دۆخەی بەسەر زیندانییانی سیاسیی کورد دێ لە حاڵێکدایە کە بەپێی هەموو پێوەرە جیهانییەکان کەسی سیاسی لە کاتی دەستبەسەرکران و لە زیندان و لەبەردەمی دادگادا کۆمەڵێک مافی هەیە کە ئەو لە زیندانییەکی ئاسایی جیا دەکاتەوە. بەڵام دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە ٤٤ ساڵە گوێیان لە پێناسەکردنی تاوانی سیاسیی ئاخنیوە. ئەویش لە کاتێکدا کە ئەسلی ١٦٨ی قانوونی بنەڕەتیی نیزامی کۆماری ئیسلامی پەسندکراوی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی، بەڕوونی باس لە چۆنیەتیی پێڕاگەیشتن و دادگاییکردنی تاوانباری سیاسی دەکا؛ ئەسلێک کە هەر لەسەر کاغەز ماوەتەوە.


**ئا: دیاکۆ دانا**

## هەگبەی شاخ و شۆڕش



### دەست لە ئەستۆی سەنگەر تا دواڵۆپی خوێن

### شەهید محەممەدی مەلامینە



برایم چووکەڵی

"هەبوون" یا "نەبوون"؟ ئەوە گرینگ نییە و تەنیا وەسوەسەیە، مەسەلەکە ئەوەیە کە "بوون" چییە و "نەبوون" چییە؟ زۆر کەس هەبوون و ئێستاش نین، زۆر کەسیش نەبوون و ئیستا هەن، کەواتە گرینگ "چۆن بوون"ە، ئینسان بە مانای گەورەکەی، لە هەر دەورێکدا تەنیا لە سیمای ژمارەیەکی کەم لە مرۆڤەکاندا خۆ دەنوێنێ.
بەڵی ئەم جۆرە مرۆڤانە کەمن، ئەوانەی ئاگاهانە پێ دەنێنە گۆڕەپانی خەبات بەدژی زۆڵم و ستەم و چەوسانەوە و ئامادەن گیانی خۆیان لەو ڕێگایەدا بکەنە قوربانی، ئەوان لەو ئینسانە هەڵکەوتووانەن. ئەوان لەو کەسانەن کە تەنیا لە هەوێنی مەحیبەت و عاتیفە و سەداقەت و پاکی دروست بوون، بۆیە کە دێنە گۆڕەپانی خەبات، بۆیان گرینگ نییە چییان بەسەر دێ و چارەنووس بۆ کوێیان هەڵداوێ. دڵیان تەنیا بەوە خۆشە کە لەو ڕێگایەدا چ بژین و ج بمرن ڕووسوور و سەربەرز و لەخۆبوردوو و قارەمانی نەتەوەکەیان بن.
یەکێک لەو ڕۆڵە سەربەرزانەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە "هەگبەی شاخ و شۆڕش"ی ئەمجارەی "کوردستان"دا ڕێز لە یاد و ناوی دەگرین، شەهید محەممەد مەلا مینەیە لە ناوچەی پیرانشار.
محەممەدی مەلامینە ساڵی ۱۳۳۵ی هەتاوی لە ئاوایی شیناوێ لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشدا چاوی بە دنیای کوێرەوەرییەکانی ڕۆژگار کردەوە. قۆناغی منداڵیی لە باوەشی دایک و باوکی خۆشەویستیدا تێپەڕاند و پاشان لە ۷ ساڵی ڕەوانەی قوتابخانە کرا. ئەو زۆر زیرەکانە پۆلەکانی سەرەتایی خوێندنی بڕی، بەڵام لەبەر مەینەتییەکانی ڕۆژگار نەیتوانی لەوەندە زیاتر درێژە بە خوێندن بدا. محەممەد لە تەمەنی ۱۳ ساڵییەوە هاتە گۆڕەپانی بەربەرەکانی لەگەڵ سەختییەکانی ژیان و شانبەشانی باوکی زەحمەتکێشی کاری دەکرد و پێکەوە نانێکی شەرافەتمەندانەیان بۆ بژێوی باشتری ماڵەوە پەیدا دەکرد.
محەممەد کە کەمێک گەورەتر بوو بۆ کار و دەسخستنی داهاتی زیاتر ڕووی لە شارەکانی دیکەی ئێران کرد و لە شیرکەت و کورەخانەدا ئارەقەی ڕشت، هەمووش بۆ ئەوەی بەسەربەرزی ژیان تێپەر بکا. ئەو گەڕان و هاتوچۆیە بۆ شارەکانی دیکە بوو بە هۆی ئەوە کە زیاتر هەست بە چەوسانەوەی خۆی و بێبەشیی گەلەکەی لە مافە ڕەواکانی بکا و پتر لەگەڵ ژان و ئازارەکانی ژیانی پڕهەڵاواردن تێکەڵ ببێ. بۆیە بە دەستپێکردنی خۆپێشاندانەکانی ساڵی ۱۳۵۷ دژی ڕێژیمی پاشایەتی گەڕاوە کوردستان و شانی بەر بەرپرسایەتیی نەتەوەیی خۆی نا. پاش ڕاگەیاندنەوەی تیکۆشانی ئاشکرای حیزبی دیموکراتی کوردستان چەکی دیفاع لە پاراستنی مافە ڕەواکانی گەلی کوردی دەست دایە و لە هێزی ئاوارەی ئەوکاتدا سازمان درا.
شەهید محەممەد مەلامینە کوڕێکی هێدی و هێمن و لەسەرەخۆ و هەر لەو کاتەدا پێشمەرگەیەکی ئازا و بەدەستوبرد بوو. ئەو وەک هەڵۆیەکی بەرزەفڕ بەسەر دوژمندا زاڵ بوو، بەنەزم و بەدیسیپلین بوو، هەربۆیە لە ماوەیەکی کەمدا پلەکانی پێشمەرگایەتیی بڕی و ئەرکی سەرپەل و پاشان فەرماندەری لکی پێ ئەسپێردرا. محەممەد وەک فەرماندەیەکی لێزان و بوێر ئەرکەکانی بەڕێوە دەبرد. شەڕە حەماسیەکانی سۆغانلوو، بادیناوێ، قەڵاتەڕەش، قوڕووچاوێ، شنۆزەنگ، زەنگیاوێ، لاوێن، بەرکەمران و چەندین شەڕی قارەمانانەی دیکەی ناوچە کە لەژێر فەرماندەریی محەممەد مەلامینەدا بەڕێوە چوون، بۆ هەمیشە شاهیدی بۆ بوێری و لێهاتوویی ئەو قارەمانە کۆڵنەدەرە دەدەن.
شەهید محەممەد مەلامینە لە شەڕ لەگەڵ دوژمندا دوو جار بریندار بوو، بەڵام ئەو برینداربوونە هیچ شوێنەوارێکی لەسەر ورە و بیروباوەڕی دانەدەنا و پاش ساڕێژبوونەوەی برینەکانی دەمودەست دەگەڕایەوە سەنگەری تیکۆشان و خەبات. ئەو خۆشەویستی کۆمەڵانی خەلک بوو، ڕێزی لە خەڵک دەگرت و خەڵکیش خۆشیان دەویست. ئەو پێی وابوو ماندووبوون لە پێناو سەربەستی و ئازادی بۆ هەژارانی کورد بە هەموو بەهایەک و تەنانەت بە لەدەستدانی گیانی بە هەرزان دەزانی، چونکی باشی دەزانی ژیان بە ئازادی بۆ نەتەوەیەک چەندەی سەربەرزی پێوە دیارە؛ بۆیە لە هیچ فیداکارییەک خۆی نەدەپاراست. شەهید محەممەد ئاواتی ئەوە بوو کە ڕزگاریی نەتەوەکەی بە چاوی خۆی ببینێ، بەڵام بەداخەوە زۆرتر نەژیا تا خزمەتی زیاتر بە هەژارانی کوردستان بکا.
شەوی ١٤ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی پێشمەرگەکانی حیزب بۆ زەربەلێدان لە دوژمنی کۆنەپەرەستی ئیسلامی چووبوونە نێو شاری پیرانشار. ئەوان بە گرمەی ئارپیجی و قرمەی چەکەکانیان خەویان لە دوژمن تاراند و پایەگایەکی دوژمن لەو شارەیان دایە بەر ئاگری چەکەکانی خۆیان و زەبرێکی باشیان لە دوژمن وەشاند. لە جەنگەی شەڕدا شەهید محەممەد خۆی گەیاندە مزگەوت و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەسەر بلیندگۆی مزگەوتی شار قسە بۆ خەڵک کرد و سیاسەتی حیزبی بۆ ئەوان شی کردەوە. ئەو هەموو جارێ پاش قسەکردن دەهاتەوە مەیدانی شەڕ و هێرشی بۆ سەر دوژمن توندتر دەکرد. بەڵام بەداخەوە لە درێژەی عەمەلیاتەکەدا محەممەدی مەلامینە لە گەڵ هاوسەنەگەرێکی بە ناوی خودایار قوڵیزادە کەوتنە بەر گوللەی داگیرکەرانی کوردستان و دڵە گەورەکەیان بۆ هەمیشە لە لێدان کەوت.
شەهید محەممەد مەلامینە تێکەڵ بە کاروانی سوورخەڵاتی شەهیدانی کوردستان بوو، بەڵام لە دواساتەکانی ژیانیدا دڵنیا بوو کە ڕۆڵەکانی گەل ناهێڵن چەکی وی بکەوێتە عەرز و ئەم ڕێگایە و ئەم خەباتە پڕشانازییە هەتا سەرکەوتنی دواجار و وەدیهاتنی خەونی محەممەدی مەلامینەکان درێژەی دەبێت.

# کورد و ئەسڵی دەسەڵاتی جیهانیی دەزگای دادی وڵاتان



زانیار حوسێنی

یەکێک لە جۆرەکانی ئەسڵی دەسەڵات و سەلاحییەتی سزایی سەروووڵاتی ئەسڵی سەلاحییەتی جیهانییە. بەپێی ئەو ئەسڵە، هەر وڵاتێک بەبێ ئەوەی لە بواری هاووڵاتیبوونی تاوانبار یان هاووڵاتیبوونی تاوانلێکراو، شوێنی ڕوودانی تاوان یان بەرژەوەندیی وڵاتی خەسارلێکەوتوو، هیچ پێوەندییەکی نەریتی لەگەڵ تاوان نەبێ، بە مەبەستی پێشگرتن لە بێسزامانەوەی تاوانبار بەدواوەی بێت و سزای بۆ دیاری بکات.
سەرنجڕاکێش و جێی دڵخۆشییە کە زۆربەی وڵاتانی جیهان لەو سەردەمەدا ئەو ئەسڵەیان بەفەرمی ناسیوە، بەڵام لەبواری کردەیی ژمارەی ئەو وڵاتانەی کە ئەو ئەسڵە لەبەرچاو دەگرن و لە ڕەوتی دادپەروەریدا بەکردەوە دەیسەلمێنن کەمن. لەڕاستیدا ئەو ئەسڵە بەهۆی دووپاتبوونەوەی لەسەریەکی دوژمنایەتیکەری چەکدارانەی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی و بوونە قوربانیی بەمیلیۆن کەس لە ژن و منداڵ و پیاو و بەساڵاچووەکان و تێکەوتنیان لەناو گێژاوی نائەمنی و دڵەڕاوکێدا پەیدا بوو و بیرۆکەی بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو هەڵسوکەوتە بێبەزەییانەیە تا ئەو ئاستە پتەو بووە کە بەپێی ئەساسنامەی دیوانی سزای نێودەوڵەتی "بەژانترین جینایەتێک کە دەبێتە هۆی پەشێوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، نابێ بەبێ سزا بمێنێتەوە و بۆ بەدواداکەوتنی بکەرانی ئەو جینایەتانە دەبێ بە ڕەچاوکردنی ڕێوشوێنەکان لە ئاستی نیشتمانی و هەروەها هاوکاری نێونەتەوەیی دەستەبەر و گرەنتی بکرێ."



**دوای ئەوەی ڕێژیم پێشتر لە دادگای میکۆنووس و ئێستا لە دادگای حەمید نووریدا مەحکوم کراوە و لە وێژمانی سیاسیی هێندێک وڵات و کەسایەتی سیاسی دیار و بەرچاودا وەک پشتیوانی تێرۆریزمی جیهانی ئاماژەی پێ دراوە، ئەمە دەرفەتێکی باشە بۆ وەگەڕخستنی پەروەرندەی تێرۆر و جینایەتەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی. بەمجۆرە جگە لەوەی کە فشارێکی زیاتر لە بواری سیاسی و نێودەوڵەتییەوە دەخرێتە سەر ڕێژیمی مەلاکان و لەو پێوەندییەدا شوێنی ئەمن و خۆحەشاردانی کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە لە دەرەوەی ئێران بەرتەسک دەکرێتەوە؛ ئەگەری دەسبەسەر و دادگاییکردنیان لە وڵاتانی دیکەدا دەچێتە سەرێ.**

دیوانی سزای نێونەتەوەیی ئەساسنامەکەی لە ساڵی ۲۰۰۲ی زایینیدا کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە و ئێستاکەش ۱۰۸ دەوڵەت بوون بە ئەندامی ئەو دیوانە. بە ئومێدی ئەوەی کە زۆر زیاتر و باشتر لە جاران بەرهەڵستی تاوانە نێودەوڵەتییەکان ببنەوە. ژێنوساید، تاوانە جەنگییەکان، تاوانە دژە مرۆییەکان و دەستدرێژی وەک گرنگترین تاوانە نێودەوڵەتییەکان لە چوارچێوەی سەلاحییەتی ئەو ناوەندەدایە و دیوان لە بەدواداچوون بەوجۆرە کەیسانە بە تەواوکەری سیستەمی دادپەروەریی نیشتمانی دادەنرێ.
ئەسڵی سەلاحییەتی تەڤکۆیی (تەکمیلی) یەکێکە لە تایبەتمەندیی گرنگەکانی ئەو دیوانە کە پێوەندی لەنێوان دیوان و سیستەمی دادی نیشتمانیدا ڕێکدەخا. بەپێی ئەو ئەسڵە، دیوان لە بەدواداچوون بە جینایەتە نێودەوڵەتییەکاندا کاتێک سەلاحییەتی خۆی بەکار دەهێنێ کە دادگاکانی نێوخۆیی وڵات نەیانهەوێ یان نەتوانن بۆ ئەم کەیسانە بەدواداچوون بکەن (ماددەی ۱۷ی ئەساسنامەی ڕۆم). بۆیە لە پلەی یەکەمدا ئەوە ماف و هەروەها ئەرکی دەوڵەتەکانە کە سەلاحییەتی سزایی خۆیان بەسەر ئەو کەسانەی کە بەرپرسیار و تاوانباری جینایەتی نێودەوڵەتین بەکار بێنن. لەڕاستیدا ئەو تەڤکۆییبوونی سەلاحییەتی دیوان جگە لەوەی مافی پێشێتیی سەلاحییەت دەدا بە دەوڵەتەکان، هاوکات دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەوڵەتان ئیمکانی دەستپێڕاگەیشتنی زیاتریان هەبێ بە بەڵگە و شایەتحاڵ و سەرچاوەکان و بتوانن بە شێوەیەکی باشتر لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ ئەو کەیسانە بکەن. نیزامی سیستەمی دیوان بە شێوەیەکە کە هەوڵ دەدا دەوڵەتەکان هان بدا و ئامادەیان بکا بۆ ڕۆڵگێڕانی سەرەکییان لەو لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونانەدا، بەڵام لەکاتێکدا کە دەوڵەتی گۆرین و لایەنی بەرپرسیار، ئەرکی خۆی بەجێ نەگەیەنێ؛ دیوان بەشێوەی ڕاستەوخۆ بەپێی ئەساسنامەکەی هەڵسوکەوت دەکا.
گرنگترین بەشی ئەو ئەسڵە ئەوەیە کە سەلاحییەتی جیهانی دەبەخشرێ بەو دادگا نیشتمانییانەی کە دەبن بە ئەندامی ئەساسنامەی دیوانی سزایی نێودەوڵەتی؛ بۆیە ئەو ئەسڵە ئیزن بە وڵاتان دەدا کە بەدووی ئەو دەستە لە تاوانبارانەدا بن کە نە لە چوارچێوەی وڵاتی ئەواندا تووشی تاوان و جینایەت بوون، نە هاووڵاتین، نە بەدژی بەرژەوەندی بناژۆیی ئەو وڵاتانە جووڵاونەتەوە و نە بەرانبەر بە هاووڵاتیانی وڵاتی بەردەنگ دەستیان بۆ جینایەت بردوە. تەنیا پێوەری گرینگ و لەبەرچاوگیراو بۆ بەکاربردنی ئەو سەلاحییەتە "شوێنی دەستبەسەرکردنی تاوانبارە."
ئەو پێناسە کورتەی کە باسمان کرد، پوختەیەک بوو لە ئەسڵی سەلاحییەتی جیهانی بە زمانێکی سادە. بەڵام گرنگیی ئەو ئەسڵە بۆ کورد چییە و کورد چۆن دەتوانێ لەو ئەسڵە بە قازانجی خۆی کەڵک وەرگرێ و بەو ئەسڵە هەم هەوڵ بدا کە عەداڵەت تا ڕادەیەک لەبارەیدا جێبەجێ بکرێ و هەم بتوانێ سنووری دەستدرێژی و کردەیی دەوڵەتانی داگیرکەر و پێشێلکار تا ئاستێکی بەرچاو کورت بکاتەوە؟
ئەوە لە هیچ تاکێکی کورد شاراوە نییە کە هەریەک لە دەوڵەتانی داگیرکار لە هەر بەشێک لە کوردستان و لە قۆناغە جیاوازەکانی داواکاری و خواستی کورد لە بازنەی خەباتی ڕەوایاندا تا چ ڕێژە و ڕادەیەک و بە چ شێوەیەک لەبەرانبەر ئەو گەلەدا جینایەتیان کردوە. بەداخەوە بەهۆی نەبوونی دەوڵەت و بێدەسەڵاتیی سیاسیی کورد وەک وڵات، کورد هیچکات نەیتوانیوە لە ئوسوول و پرەنسیپی نێودەوڵەتی بۆ سکاڵا لەو دەوڵەتانە لە دادگا جیهانییەکاندا کەڵک وەرگرێ؛ هۆکارەکەشی ئەوەیە کە تەنیا دەوڵەتانن کە دەتوانن لەو شوێنانە سکاڵای خۆیان تۆمار بکەن و خۆی ئەوەش لە بواری حقووقیی و سیاسییەوە خەسارێکی زۆری بووە بۆ کورد. لەلایەکی ترەوە بەهۆی بەرژەوەندی و دانوستانی سیاسی لەنێوان وڵاتانی دیکە لەگەڵ وڵاتانی مافپێشێلکەری کورد و داگیرکەری کوردستان، هیچکات وڵاتێک حازر نەبوە کە کەیسی کورد بگەیەنێتە ئەو جۆرە دادگایانە؛ ئەوەش بۆتە هۆی دەستدرێژی زیاتر و ئەرخەیانی داگیرکارەکان کە بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە سنوورەکانی جینایەت و تاوانکارییان لەدژی کورد و خەباتی گەلی کورد لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستاندا بەربڵاو و گەورەتر بکەنەوە.
لەو ماوەیەدا لە وڵاتی سوئێد بینرا کە ئەو وڵاتە بەهۆی سکاڵای کۆمەڵێک کەس چۆن لە ئەسڵی سەلاحییەتی جیهانی بۆ بەرەنگاری لەگەڵ تاوانبار یان تاوانباران ڕووبەڕوو بۆوە و دیمان تاوانێک کە لە تارانی ئێران کرابوو، چۆن لە ستۆکهۆڵمی سوئێد لێی دەکۆڵرایەوە. حەمید نووری یەکێک لە تاوانبارانی کووشتنی بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی و ڕۆڵگێڕ لە ئێعدامەکانی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی ئەو کەسە بوو کە سزای تاوانەکانی خۆی کە لە ئێران کردبوونی، لە شوێنێکی دیکەی ئەم دنیایەدا وەرگرت.
وڵاتی سوئێد بەپێی ئەو ئەسڵە و بەهۆی ئەندامەتی لە ئەساسنامەی ئەو دیوانە و تۆمارکردنی سکاڵا لەلایەن کۆمەڵێک خەڵکەوە لە پێوەری شوێنی دەسبەسەرکردنی تۆمەتبار یان تاوانباران کەڵکی وەرگرت و حەمید نووریی گرت، کەیسی تاوانەکەی وەگەڕ خست و دیکۆمێنت و بەڵگە و شایەتی شایەتحاڵانی وەرگرت و ناوبراوی بە تۆمەتی هاوبەشی و ڕۆڵگێڕی لە کووشتنی بەکۆمەڵی خەڵک بردە دادگای نیشتمانیی خۆی کە بەو ئەسڵە سەلاحییەتی نێودەوڵەتیی پێ بەخشراوە. لە پرۆسەی دادگاییەکەشدا ئەو تۆمەتانە لەسەری سەلمێنران و بەتاوانبار ناسێندرا و حوکمی زیندانی هەتاهەتایی لەسەر درا و حوکمەکەش چووە بواری جێبەجێ کردنەوە. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە هیچ وڵاتێک یان دەسەڵاتێک بەپێی ئەو ئەسڵە و ئەندامبوونی سوئێد لەو دیوانەدا، ناتوانێ ڕەخنەی یاسایی و حقووقی لەو وڵاتە بگرێ، جگە لە ڕێژیمی ئێران کە ئەویش تەنیا کارێکی لەدەستی هات ئەوە بوو کە بڵێ ئەو کەیسە، کەیسێکی سیاسییە.
کورد کە لە ماوەی کەمتر لە سەد ساڵی ڕابردوودا بە دەیان کەیسی وای هەیە، لە هەر بەشێک بە کۆکردنەوەی دیکۆمێنت، بەڵگە و شایەتی شایەتحاڵی جینایەتەکان، دەتوانێ بە لەسەرخەت بوون لەو وڵاتانەی کە ئەندامی ئەساسنامەی دیوانی سزایی نێودەوڵەتین و هاوکاری کەسانی بیانی و چالاک لەو بوارەدا هەم بازنەی هاتوچۆی ئەو دەستە لە جینایەتکارانە کە دەستیان بە خوێنی ڕۆڵەی کورد سوورە و جینایەت و کارەساتی گەورەیان خولقاندوە بەرتەسک کەنەوە؛ هەم لە ئەگەری مانەوە، نیشتەجێبوون یان هاتوچۆیان لەو وڵاتانەدا بەپێی ئەو ئەسڵە بتوانن حوکمی دەسبەسەرکرانیان بۆ وەربگرن و پەروەندەی دادئەستێنییان لەدژ وەگەڕ بخەن. بۆ نموونە کەیسی تێرۆری دوکتور قاسملوو، کارەساتی قارنێ و قەڵاتان، ئێعدامی بەکۆمەڵی لاوانی کورد بەشێوەی سیستماتیک لەدوای شۆڕشی گەلانی ئێران، تێرۆری کەسایەتییە سیاسییەکان و هتد دەکرێ بە بەڵگەمەندکردنی ئەو جینایەتانە و دیاریکردنی دەور و ڕۆڵی کەسانی بەرچاوی ئەو ڕێژیمە لە بواری سەرچاوەی ئینسانی و سیاسییەوە گوشار بخرێتە سەریان، و هەرکاتیش هەلومەرجێک لەو وڵاتانەی کە بۆ ئەو کەیسانە کار کراوە لەبار بوو؛ ئەو کەیسانە بخرێنە بواری یاسایی و حقوقییەوە و بەداواکاری لە سیستەمی دەزگای دادی ئەو وڵاتانە، لێکەوتە و دەسکەوتی باشی بەدوادا هەبێ. خۆی ئەوە دەتوانێ عەداڵەت لە هێندێک حاڵەتدا بەدی بکات، بەتایبەت لە کەیسی دوکتور قاسملوودا دەکرێ جگە لە وڵاتی ئۆتریش لە وڵاتانی دیکەدا کە ئەندامی ئەساسنامەی ئەو دیوانەن بەدواداچوون بۆ ئەو کەیسە بکردرێ.
ئێستا کە ڕێژیم لەو بوارەدا چ لە میکۆنووس و چ لە دادگای حەمید نووریدا مەحکوم کراوە و لە وێژمانی سیاسیی هێندێک وڵات و کەسایەتی سیاسی دیار و بەرچاودا وەک پشتیوانی تێرۆریزمی جیهانی ئاماژەی پێ کراوە، دەرفەتێکی باشە بۆ وەگەڕخستنی ئەو کەیسانە. بەمجۆرە جگە لەوەی کە فشارێکی زیاتر لە بواری سیاسی و نێودەوڵەتییەوە دەخرێتە سەر ڕێژیمی مەلاکان و لەو پێوەندییەدا شوێنی ئەمن و خۆحەشاردانی کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە لە دەرەوەی ئێران بەرتەسک دەکرێتەوە و کورد کوتەنی کونەمشکیان لێ دەبێتە قەیسەری؛ ئەگەری دەسبەسەر و دادگاییکردنیان لە وڵاتانی دیکەدا دەچێتە سەرێ.
لەڕاستیدا پەرەسەندنی ئەو سەلاحییەتە جیهانییە لە وڵاتاندا ئاکامەکەی دەبێتە بێسزا نەمانەوەی جینایەتکاران و تەواوبوونی یەڵدای پارێزبەندییان.

# قەیرانی سەرەکیترین خواستەکان لە کۆمەڵگەی ئێران و هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامی



دانش شەهباز

ئەمەوێ لە سەر قەیرانێک لە کۆمەڵگەی ئێرانی ئەمڕۆدا بنووسم کە هەموان لێی ئاگادارن و باسێکی نەبیستراو نییە، بەڵام بە جیددی ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە. قەیرانی ویست و خواستەکانی کۆمەڵگە، ئەو خواستە بنەڕەتییانەی بەدینەهاتنیان دەبێتە هۆی گرژیی دەروونی تاکەکان و بەرەبەرە قەیرانی ڕۆحی و تەنانەت جەستەیی مرۆڤەکانی لێ دەکەوێتەوە.

لە ڕوانگەی تیۆریی هەڵبژاردنەوە کە ویلیام گاسلر پۆلێنبەندیی کردوە، خواستەکانی مرۆڤ پێنج بوار لە خۆ دەگرێ کە بریتین لە خواستی مانەوە، خواستی ئازادی، خواستی عیشق و خۆشەویستی، خواستی هێز و توانا، خواستی گەشت و سەیران.

لەم خواستانە یەکیان پێوەندە بە ژێنێتیکی مرۆڤەوە (مانەوە) و چوارەکەی دیکەیان پێوەندیی دەروونناسانەی بە مرۆڤەوە هەیە. وەدینەهاتنی هەرکام لەم خواستانە و سەرکوتکردنیان لەلایەن دەسەڵاتەوە لە وڵاتێکی وەکوو ئێران کەلێنێکی گەورەی لەنێوان خواستەکان و دەسکەوتەکانیاندا دروست کردوە، ئەم کەلێنانەش بۆتە هۆی سەرهەڵدانی کێشە و گرفتە دەروونییەکانی کۆمەڵگەی ئێستای ئێران. لە درێژەی بابەتەکە بۆ هەرکام لەم خواستە بنەڕەتییانە بە هێنانەوەی چەند نموونەی هەستپێکراو هەوڵی دۆزینەوە و زۆرتر ڕوونکردنەوەی قەیرانی خواستە بەجێنەهاتووەکانی کۆمەڵگەیەک دەکەین لەژێر گوشاری دەسەڵاتێکی دوگم و سەرکوتکەردا.

خواستی مانەوە وەکوو یەکەمین نموونە و ئەو خواستەی کە بنەمای لە بایۆلۆژیی مرۆڤدایە، بە جەوهەر لەنێو هەموو بوونەوەرەکانی ڕووی ئەم عەردە هاوبەشە و لە کۆمەڵگەی مرۆڤەکاندا لە پێداویستییە ئابوورییەکاندا خۆی دەنوێنێ، بۆ نموونە داهات و مووچەکان بۆ گوزەرانی ژیان، زەینییەتی تاکەکان بۆ وەگەڕخستنی سەرمایەکانیان، ئەمنییەت و ئاسایش و سەرپەنای تاکی کۆمەڵگە، سەقامگیری و جێگیربوونی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە وڵاتدا دەستەبەر نەکرێ، قەیرانی برسیەتی و داخوازە بنەڕەتییەکانی ژیان سەرهەڵدەدا و لە کۆبوونەوە ناڕەزایەتییەکاندا خۆی دەنوێنێ. بۆ نموونە کۆبوونەوە و مانگرتنە سەراسەرییەکانی کرێکاران و مامۆستایان و خانەنشینانی شارەکانی ئێران لەم دواییانەدا خۆی نیشان لە مەترسییەکانی سەر خواستی مانەوە و بەقای تاک بە تاکی خەڵکانی ڕیزبەستووی نێو ڕیزە جۆراوجۆرەکانی خوراک و خواردەمەنییەکانە.

دووهەمین خواست، عەشق و خۆشەویستی شوێنە، ئەم خواستە پێوەندی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، بۆ نموونە پێوەندیی نێوان تاکەکان لە بنەماڵەکاندا، پێوەندی دۆستانەی هاوڕێیان لە شوێنە جۆراوجۆرەکان، مژارەکانی بەخشین، لێکتێگەیشتن، دڵسۆزی، هاوکاری، هاودەردی و هتد... ئەگەر لە کۆمەڵگەدا ڕوو لە داکشان و داڕمان بکات ئیدی قەیرانی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە کەمترین حاڵەتدا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دڵساردی و ناهومێدی کە ڕیشەی زۆرێک لە نەخۆشییە جۆراوجۆرە دەروونییەکانە. لەو نێوەدا کۆماری ئیسلامی سەرەڕای دروشمە ئایدۆلۆژیکەکانی وەکوو "ئیسلام ئایینی برایی و بەرابەرییە" هیچ هەوڵێکی نەداوە لەکردەوەدا بۆ برایی گەلان و تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێرانی و تەنانەت شوێنکەوتوانی خۆی.

خواستی سێهەم، ویستی هێز و توانایە. ئەم خواستە خۆی دبێتە سێ بەشەوە، هێزی زاڵبوون لە سەر خەڵکانیتر، هاوهێزی لەگەڵ خەڵکانیتر و هێزی دەروون، بەداخەوە کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرتای هاتنە سەرکاریەوە بە داسەپاندنی هێزی دەوڵەتی و گشتگیر بە سەر خەڵکی تازەڕزگاربوو لە دەستی ڕێژیمی دیکتاتوری پەهلەوییەکاندا، توندتر و بێڕەحمانەتر، شێوازی دەمکوت و سەرکوتی گرتەبەر و هەر بۆیە هەست بە هەبوونی هێز و توانا لە تاکی ئێرانیدا تا ئاستی کۆیلایەتی دابەزیوە و هیچکات مرۆڤی ئێرانی هەستی بە تواناکانی خۆی لە بەرانبەر ئاقاری دەوروبەریدا گەشەی نەکردوە و بەشی تاکی کۆمەڵگەی ئەم وڵاتە گریان و چێژ لە گێڕانەوەی تراژدیاکانی شکست و هەرەسهێنی نێو ئایینەکان وماڵوێرانی بووە هەر بۆیە مرۆڤێک کە هیچکات تامی توانایی و زاڵبوونی سەربەخۆیانەی نەچەشتبێ چۆن دەتوانێ لە مانای هاوهێزی و دابەشکردنی دەسەڵات لە نێو هاوڕێیانیدا تێبگات!؟ هەروەها هێزی دەروون پێوەندی ڕاستەوخۆی هەیە لە گەڵ ئەو دوو شێوەکەیتری هێزداربووندا، مرۆڤێک لە وەدەسهێنان و دابەشکردنی هێز و توانا لە نێو کۆمەڵگەدا بێبەش کرابێت، وردە وردە تووشی داڕمانی دوایین بەرگرییەکانی خۆی لە دەروونیدا دەبێتەوە و تا ئاستی کۆیلایەتی و ژهراویبوونی هزر و بیری دادەبەزێت، ئەمەیە هۆکاری سەرلێشێواوی کۆمەڵگەیەکی گرفتار لە گرداوی حکوومەتێکی کۆیلەدار و چەقبەستووی هاوچەشنی سەدەکانی نێوەڕاست.

خواستی چوارەم هەستی ئازادییە، ئەم ویستە بۆ مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا بە دوو شێوە پێناسە دەکرێت، یەکیان بە کەمکردنەوە و نەهێشتنی ئەو کۆسپ و لەمپەرانەی خەڵکانیتر دەیهاوێنە بەر پێی مرۆڤەوە و دووهەمین شێوە پێوەندی بەهێز و ئیرادەی خودی مرۆڤەوە هەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی.

لە پێکهاتەی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیدا، ئازادی هیچ پێناسەیەکی ڕوونی بۆ نەکراوە، ڕێبەران و بناغەدانەرانی ڕژێم بۆ خافڵاندن و خاپاندنی جارجار ناچار بە دووپاتکردنەوەی وشەی ئازادی ناچارکراون بەڵام لە شیکردنەوەی ئەم وشە لە سەر منبەرەکاندا تەنیا مەبەستیان دەستاوەڵایی بووە لە بەڕێوە بردنی فەریزە ئایینییەکاندا، هەر بۆیە گوشار و کۆسپ و تەگەرەکانی ڕژێم لەهەمبەر ئازادیخوازە ڕاستەقینەکاندا نە تەنیا هەموو فاکتەرەکانی مرۆڤی ئازادی لەناوبردووە بەڵکوو زۆربەی ئەم کەسایەتییە ڕووناکبیر و جیابیرانەی ناچار بە کۆچ و دوورکەوتنەوە لە زێد و وڵاتی خۆیان کردوە. هەموان لەم چل ساڵ تەمەنی دەسەڵاتدارێتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەدا شاهیدی زەوتکردنی ئازادییەکانی تاکی بێ دەرەتانی نێو ئێرانین لە هەر چین و توێژێک، بۆ نموونە ڕادان و وەدەرنانی مامۆستایانی بژاردە و هەڵکەوتەی زانکۆکانی ئێران، زیندانیکردنی ڕۆژنامەوانان و چالاکانی مەدەنی و سیاسی و کرێکارانی ناڕازی و زۆر نموونەی دیکەی لەناوبردنی مافی ئازادبوونی تاک لە کۆمەڵگەی ئێرانی ئەمڕۆدا. دەوڵەت لەجیاتی دەستەبەرکردنی ئەو مافە ئینسانییە بۆ خەڵکی وڵاتەکەی زۆربەی بەرهەڵستکارانی ڕێژیمەکەی ڕووبەڕووی بڕیاری قورسی دادگاکان بە تۆمەتی کێشەی ئەمنییەتی دەکاتەوە.

لە تیۆریی مافی هەڵبژاردندا هاتوە هیچکەس ناتوانێ بە زۆرەملی ناچارمان بکاتە ئەنجامی ئیش و کارەکانمان و لە ڕاستیدا خواستی ئازادی خواستێکی فراژوویە و ئامانجەکەشی وەدیهێنانی هاوسەنگییە لە نێوان خواستی تۆ بۆ ناچارکردنی من بە شێوەژیانێک کە باوی مەیلی تۆیە و خواستی من بۆ ڕزگاربوون لەو ناچارکردنە.

خواستی پێنجەم، کات ڕابواردن و گەشت و سەیرانە. مەبەست لە گەشت و سەیران و ڕابواردن تەنیا سەفەر کردن نییە کە بەڕاستی خواستێکی زۆر پێویستە لەسەدەی بیست و یەکدا، بەڵکوو ئەم خواستە ڕووگەشی و شادمانی و پێکەنین و سەرگەرمی و خۆخلافانەکانیش لە خۆ دەگرێت لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا، بەڵام زۆر بەداخەوە لە فەلسەفەی گریان و شەپۆڕە ئایینییەکانی مەلاکانی ڕێژیمدا شادی و ڕووگەشی بابەتی مرۆڤی سووک و خەمساردە و هەر بۆیە خەمۆکی و دڵساردی و ناڕەحەتی نیشانەی پابەندبوونە بە ڕێگای مەزڵوومانی مێژووی پەسەنکراوی دەسەڵاتدارانەوە.

هەر بۆیە تا ئەو ڕۆژەی ڕێژیمی دژبەخواستی کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتی بە سەر ئێرانەوە بێت هیچکام لەو پێنج خواستە سەرەکییانە کە فاکتەری کۆمەڵگەیەکی تەندروست و ڕوو لە گەشەیە نایەتە دی و ڕۆژبەڕۆژ خێرایی قەیرانی وەدینەهاتنی ئەم خواستانانە بەرزەڕوویە و کۆمەڵگەی ئێران بەرەو هەڵدێرێکی تاڵ و تاریک و ناخۆش هەنگاو دەنێت.

# سیناریۆی حکوومەتی ئێران دژی ٤ چالاکی سیاسیی کورد

هەر وەک ئاگادارن، ڕۆژی ١ی گەلاوێژ هەواڵی دەستبەسەرکرانی تیمێک لە ئەندامانی "کۆمەڵە" بە ناوەکانی "محەممەد فەرامەرزی، موحسین مەزلووم، پژمان فاتحی و وەفا ئازەربار" لە ڕاگەیاندنێکدا لەلایەن کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانەوە بڵاو کرایەوە. بەدوای ئەوەدا ڕاگەیاندنەکانی سەر بە حکوومەتی کوماری ئیسلامیی ئێران بە پشتبەستن بە ڕاپۆرتی "وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران" لەم پێوەندییەدا هەواڵی گرتنی تیمێک لە ئەندامانی "کۆمەڵە"یان بڵاو کردەوە.

ئەوەی هەر لە سەرەتاوە ئاشکرا بوو، ڕاگەیاندنەکانی سەر بە دەوڵەتی ئێران بە مەبەستی چەواشەکاری و بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی، دەستبەسەرکرانی ئەم چالاکە سیاسییانەیان بە هەوڵدان بۆ کردەوەیەکی خرابکارانە و تێرۆریستی ناودێر کرد و هاوکات حیزبەکانی کوردستانی بە هاوکاریکردن لەگەڵ ئیسرائیل بۆ کردەوەی ترۆریستی تاوانبار کرد. ڕاگەیاندنەکانی سەر بە دەوڵەتی ئیران بۆ ئەوەی سیناریۆی ئامادەکراوی وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران تەواو جێ بخەن، ڕایانگەیاند کەلوپەل و پێداویستییەکانی ئەو تیمە لە ڕێگای کۆڵبەرانەوە هاتۆتە نێو ئێرانەوە.

هەرچەندە ماوەی چەند ڕۆژ لە دەستبەسەرکرانی ئەم چوار چالاکە سیاسییەی ئەندامی کۆمەڵە تێدەپەڕێ، سەرەڕای بەدواداچوونی بنەماڵەکانیان، بەڵام هیچ زانیارییەک لەسەر بارودۆخی ئەم چالاکە سیاسییانە لەبەردەستدا نییە.

ئەم چوار چالاکە سیاسییە کە لە هەموو مافە سەرەتایی و سروشتی و ئینسانییەکانیان بێبەش کراون، هەروەها بەلەبەرچاوگرتنی ڕاگەیاندنەکانی پێشووی وەزارەتی ئیتلاعات و لێدوانەکانی ئەم دواییانەی وەزیری ئیتلاعات لە مەجلیس و لە سەفەرەکەیدا بۆ کوردستان و پارێزگای سنە، شیمانەی ئەوە دەکرێ ناچار بە دانپێدانانی زۆرەملێیان بکەن و سنیاریۆسازی ناوەندە ئەمنییەکانی دژی ئەم چالاکە سیاسییانە لە ئارادایە. هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی حکوومەتی ئێران حیزبەکانی کوردستانی بە "هەوڵی تێرۆریستی" تۆمەتبار کردوە و لە بەشێک لە ڕاگەیاندنەکەی "وەزارەتی ئیتلاعات"دا لەمبارەوە هاتووە کە: "کەلوپەل و پێداویستیی ئەم تیمە لە ڕێگای کۆڵبەرانەوە هاتووەتە خاکی ئێرانەوە"؛ پێمان وایە سیناریۆسازیی ئەم دواییەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕاستای ڕەواییدانە بە هێرشی چاوەڕوانکراو بۆ سەر بنکە و بارەگای حیزبەکانی کوردستان و سەرکوتی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کوردستان، کوشتاری کۆڵبەران و درێژەدان بە قەتڵ و کوشتار لە کوردستان و خەڵکی ستەملێکراو لە ئێران.

ئێمە کۆمەڵێک ڕێکخراوی مافی مرۆڤی بە لەبەرچاوگرتنی پێشینەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بابەت ناچارکردن بە ئێعتراف و دانپێدانانی زۆرەملێ و سیناریۆسازی لەژێر ئەشکەنجە و ئازاری جۆراوجۆر و شاهیدی زۆرەملی بەندکراوان دژی خۆیان، نیگەرانیی قووڵی خۆمان لە پێوەندی لەگەڵ کەیسی ئەم چوار چالاکە سیاسییە دەردەبڕین و لە سەر ئەم باوەڕەین دەبێ پرۆسەی دادگایی ئەم چوار چالاکە سیاسییە بەپێی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و پەیماننامەی نێونەتەویی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و بە چاوەدێری وردی کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان و ناوەندەکانی مافی مرۆڤ بەڕێوە بچێ، دەنا هەر جۆرە تۆمەت و ئێعتراف و دانپێدانانێک نایاسایی و ناپەسەندە.

١٣ی گەلاوێژی ١٤٠١

***

**ئەو ڕێکخراوانەی ئەو نامەیەیان ئیمزا کردوە:**

١- کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان
٢- ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان "چاونیوز"
٣- ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هانا
٤- کەمپەینی پشتیوانی لە بەندکراوانی سیاسی و نا بۆ سێدارە
٥- ناوەندی مافی مرۆڤی ئەحواز
٦- کەمپەینی چالاکانی بلووچ
٧- ناوەندی هاوپشتی ئێرانیان
٨- ناوەندی چالاکانی مافی مرۆڤی کوردستان
٩- کەمپەینی پارێزگاری لە بەندکراوانی سیاسی و مەدەنی

دارسمە
دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

# گەلاڵەی سەرکەوتووانەی ڕێژیم بۆ خزمەت بە فراوانکردنی دەسەڵاتی جوولەکان

لەم چەند دێڕەی خوارەوەدا بەوردی جیاوازیی نێوان سیاسەتی هەڵەی حکوومەتی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی لە بەرانبەر ئیسرائیلدا ڕوون دەکرێتەوە و دەسەلمێنرێ دەسەڵاتی پاشایەتی یان پاشای ئێران هەرچەندە لە سەرەوە دۆستی ئیسڕائیل بوو و نێوانی لەگەڵ ئەم وڵاتە زۆر خۆش بوو، بەڵام لە ژێرەوە یان دوژمنی ئیسرائیل بوو، و یان زۆر نەزانانە زیانی بەم وڵاتە و بە بەرژەوەندیی جوولەکان دەگەیاند.

شای ئێران پێچەوانەی هەموو وڵاتانی عەرەب و ئیسلامیی دوور و نزیکی ئیسرائیل نوێنەرایەتیی سیاسیی لەم وڵاتە هەبوو. جوولەکەش لە تاران و شاری گەورە گەورەی ئێران باڵیۆزخانە و کۆنسوڵخانەیان هەبوو و هاتووچۆ و تێکەولێکە بەپێی فیلان بوو. بەڵام کۆماری ئیسلامی وای نەکرد و سیاسەتی پێچەوانەی گرتەبەر.

کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا خۆی وەک دوژمنی ئیسرائیل و جوولەکە و سەهیۆنیزم ناساند و بە تیرۆر و هێرشکردن و تەقاندنەوەی کۆڕ و کۆمەڵی جوولەکان لەملا و لەولای جیهان هەمووانی وا تێگەیاند کە دوژمنی جوولەکانە. خومەینی هەر زوو داوای کرد هەموو موسوڵمانانی جیهان یەکە و سەتڵێک ئاو بە ئیسرائیل دابکەن، بەڵکوو ئاو بیبات. ئەو دەیزانی ئیسرائیل ئاو نایبات و بەهۆی ئەوەی موسوڵمانان خۆیان لە دەیان فرقە و گرووپی جیاواز پێکهاتوون، بە جیا ئاوەکە بە ئیسرائیل دادەکەن و لەئاکامدا ڕیشەی داری جوولکە پاراو دەبێت و ڕەگی زیاتر دادەکوتێت. بۆ ئەوەی زیاتر بچینە نێو ئەم گەلاڵەیەی کۆماری ئیسلامییەوە، تەنیا لە لێدوانی وەزیری نەوتی ئێران لە پەراوێزی کۆبوونەوەی ئەم دواییانەی "ئۆپێک (وڵاتانی هەناردەکاری نەوت) ورد دەبینەوە:

وەزیری نەوتی ئێران دەڵێت واباشە وڵاتانی ئورووپا خەمی زستانیان لەبەر بێت و ئیزن نەدەن زستانی داهاتوو میللەتی ئەم وڵاتانە ئاگردانانیان سارد بێتەوە و لەسەرمان هەڵلەرزن. سەرچاوەی هەواڵی ئێران لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بڵاویان کردەوە جەواد ئەوجی، وەزیری نەوتی ئێران لە پەراوێزی کۆبوونەوەی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت، کەوتە یادی زستانی ساردی وڵاتانی ئورووپا و گوتی واباشە ئەم وڵاتانە بیر لە سەرمای سارد و سەخڵەتی زستان بکەنەوە، دیارە مەستی ئەوە بوو ئەوان نەوت و گازی زیاتر بکڕن.

بێ هۆکار نییە وەزیری نەوتی ئێران لە چەقی کۆبوونەوەی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت باسی سەرماوسۆڵەی زستانی داهاتووی ئورووپای کردوە و لێدوانی لەم بارەیەوە هاویشتووەتە نێو پەراوێزی کۆبوونەوەکە. هۆکارەکەی ئەمەیە ئەگەر لە پەراوێزی کۆبوونەوەدا باسی شتی نابەدڵی ڕووسیەش بکرێت، زۆر گرنگ نییە و ئەم وڵاتەی دۆست و برا پێی نارەنجێت و تووڕە نابێت.

بابەتێکی دیکەی سەر لێدوانی وەزیر نەوت عەرەبستانی سعوودییە. سعوودییە وەک سوورەکوانی لاملی کۆماری ئیسلامییە. ئەگەر دەوڵەتانی ئورووپا بەهۆی گەمارۆی سەر نەوت و گازی ڕووسیە و سەرماوسۆڵەی زستان، نەوتی زیاتر لە وڵاتانی دیکە بکڕن، ئەوە لەبەر گەمارۆی ئابووریی ئەمریکا لەسەر ئێران، زیاتر نەوتی سعوودییە دەکڕن و ئێران نەوتێکی بەرچاوی بۆ نافرۆشرێت. بەڵام ئەگەر نەوتی سعوودییەش بفرۆشرێت هەر بۆ ئامانجی درێژخایەنی کۆماری ئیسلامی خێری تێدایە. ئەوەی کۆماری ئیسلامی لە درێژمەودا دا دەیهەوێت، بەهێزبوونی ئیسرائیل و پەرەسەندنی جوولەکان لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستە. بەم لێکدانەوەیە ئەگەر سعوودییە نەوتی زیاتری بۆ بفرۆشرێت و پارەی زیاتری دەست بکەوێت، دوای ڕێککەوتنی ئەم دواییانەی سعوودییە و ئیسرائیل، پەیوەندیی نێویانیان گەرموگوڕتر دەبێت و لە دۆستایەتیشدا هەرکام لە لایەنی دۆست باری داراییان باش بێت، بە قازانجی ئەوی دیکەشە. دەی بەمجۆرە خێری سعوودییە خێری ئیسرائیلیش بەدوای خۆیدا ڕەکێش دەکاتن.

ئەم میرزا جەوادەی وەزیری نەوتی ئێران خۆ بەمە نییە لە بەرەی جەنگی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران یان ئێران و عێراق، شەپۆل واتە مەوجی تەقینەوە لە مێشکی داوە و مەوجی بووە و ئێستا لە جیات جواد "ئەوجی" دەتوانین بڵێین جواد "مەوجی". ئەو سەرەڕای مەوجی بوونی، زۆری پێ باشە ئێستا ئێران لەگەڵ بەشێک لە دەستوپێوەندی عێراقی ڕێککەوتووە و نەوتی ئێران بە گەمیی هەڵگری نەوتی عێراق و هەر بە پسوولە و قەباڵەی عێراق هەناردەی دەرەوە دەکەن و بەم جۆرە بە ڕیشی گەماۆری ئەمریکا بۆ سەر هەناردی نەوتی کۆماری ئیسلامی پێدەکەنن. لەئەنجامدا ئەگەر دەوڵەتانی ئورووپا نەوتی ئێرانیش بە هەرجۆرێک بکڕن هەر پارەکەی لە قازانجی سیاسەتی حەکیمانە و درێژمەودای ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە پێناو پەرەسەندنی جیهانی جوولەکان خەرج دەکرێت.

ئەم پارەی نەوتە دوای ئەوەی گەڕایەوە وڵات و بەرپرسانی بەشێکی باشیان بۆ گیرفانی خۆیان و منداڵانیان گل دایەوە بۆ ئەوەی لە کانادا و ئەمریکا و ئورووپا وەدوای گوزارانیان بکەون و بەشێکیشیان بۆ کوشتنی جودابیران لەم بلژیک و سۆئید و موئێد و عیراق و مێراقەدا دانا و هەندێکیان بۆ مووشەکی دوورهاوێژ و شتی وا بەلاوە نا، ئەوی دیکەی بە ناوی بەرەی خۆڕاگری و پارێزەرانی حەرمی زێنەب و مێنەب و جەماعتی حووسی و مووسی خەرج دەکەن بۆ ئەوەی ئەوان بە هەڵبەزدابەزیان لە سووریە و لوبنان و عێراق و یەمەن کۆشکی دەستەڵاتدارانی عەرەب وەلەرزە بخەن و ناچاریان کەن لە ئیسرائیلی برا نزیک ببنەوە و بەم جۆرە لە دوژمنانی ئیسرائیل کەم بێتەوە و دۆستانی زۆر بن.

ئەمەیە سیاسەتی حەکیمانەی خزمەت بە ئیسرائیل و جولەکە و سەهیۆنیزم. قسەی خۆمان بێت پاشا گەوجەکەی پێشوو ئاوا شارەزا نەبوو.

**وریا ژیان:**

# لە کوردستان ئالتێرناتیوەکە دیارە، خەڵک بەرنامە و ئامانجی حیزبەکانی خۆیانیان قبووڵە

**دیمانە: ب. کاوان**

ئاماژە: کە دەگوترێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەڵگەیەکی زیندووە، بەشی زۆری ئەو زیندوویەتیە بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی و گەشەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەو بەشە لە ئێراندا دەگەڕێتەوە. تایبەتمەندیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە کوردستان چین و کۆسپەکانی بەردەمی کامانەن؟ "کوردستان" بۆ تەتەڵەی ئەو بابەتە و کۆمەڵە سەرنجێکی دیکە لەسەر بزاوتە کۆمەڵایەتییەکان دیمانەیەکی لەگەڵ بەڕێز "وریا ژیان" پێک هێناوە. مامۆستا وریا ژیان ناوی خوازراوی یەکێک لە چالاکانی مەدەنیی کوردستانە.

**مامۆستا وریا با ئەو پرسیارە بکەینە دەروازەی باسەکەمان کە کۆمەڵگەی مەدەنی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان چ جۆرە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتین و چۆن پێناسە دەکرێن؟**

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە هەناوی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە هەڵدەقوڵێن. بە ڕوانینێکی دیکە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لقێکن لە کۆمەمەڵگەی مەدەنی و گووران و جۆری بیرکردنەوە و چالاکییەکەیان بەتایبەت لەم دوو دەیەی ڕابردوودا؛ پێوەندی ڕاستەوخۆی دەگەڵ بەجیهانیبوونەوە هەیە. جیهانیبوون کۆمەڵگەی مەدەنیی بەهێز کردوە بۆ ئەوەیکە کۆمەڵگەی مەدەنی ببێتە جێگرەوەیەکی باش بۆ کۆمەڵگەی سیاسی یان هەر ئەوەی پێی دەگوترێ حکومەت-دەوڵەت. بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵگەیەک کە سەندیکا، ئەنجوومەن، یەکیەتییەکان و ڕێکخراوە و دامەزراوەی سڤیل تێیدا چالاکن و کاریگەرییان لەسەر جۆری سیاسەتکردنی حکوومەتەکان هەیە، وەک کۆمەڵگەیەکی بەهیز و زیندوو پێناسە دەکرێن. ئەو چالاکییە کۆمەڵایەتییە خۆبەخشانە کە بە شێوەی ئاشیخوازانە بەدوای ئامانجەکانی خۆیانن، بەرگری لە خواستەکانی خۆیان دەکەن یان بەشێوازی جۆربەجۆر نارەزایەتی دەردەبڕن دەبنە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کە ئەمە قۆناغێکە لە کۆمەڵگەی مەدەنی لەبەرامبەر کۆمەڵگەی سیاسیدا. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دیاردەیەکی کاریگەری کۆمەڵایەتین کە بەودا دەتوانرێ خواست و داواکارییەکانی کۆمەڵگە بە چین و شەبەنگی جۆراوجۆرەوە بگەن، کەواتە یەکێک لە پرکاریگەرترین هۆکارەکانی ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەی مۆدێرن دەبێتە بزوتنەوە کۆمەڵایتییەکان کە دەکرێ بە کەڵکوەرگرتن لێی لە خواستی کۆمەڵگە یان بەشێک، چینێک بگەین.

**کۆمەڵگەی ئێران بەرەو ئەوە دەڕوا قۆناغی بەربزووتنەوەکان بۆ بزووتنەوە سەرتاسەرییەکان تێپەڕێنێ. ئەنگیزەی زۆربەی هەرە زۆری ئەو نارەزایەتییانەش بەتایبەت لە چەند ساڵی ڕابردوودا پرسی بژێوی ژیان، ئابووری و خواستە سیاسییەکانە، واتە هەبوونی نیزامێکی پلۆرالیزمی دێموکراتیک، خەڵک بتوانێ ئازادانە نوێنەرانی خۆی لە هەر نەتەوە و ئەتنیکێک بێ هەڵبژێری و داوا ڕەواکانی لەلایەن حکومەتەوە لەبەرچاو بگیرێن و وەرگیرێن**

بە پێناسەیەکی دیکە، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان جۆرێک ئاکاری کۆمەڵگەن کە لەنێوان پێوەندی هاوبەشی نێوان تاکەکانی نێو کۆمەڵگە پێک دێن. ئاکاری گشتی، وڵامدانەوەی بەشێک لە خەڵک (کۆمەڵگەی مەدەنی) لەهەمبەر ڕەوشێکی تایبەتە، ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە لەنێوان ئاکاری بۆروکراتیک و هەڵسوکەوتی شۆڕشگێڕانە هەڵدەکەوێت بەو تایبەتمەندییە کە لەوەی یەکەم کەمتر و لەوەی دووهەم زیاتر ڕێکخراوترە و خەڵک بەم شێوازە بەدوای ئامانجەکانی خۆیانن.

**لەماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا هۆکار و ئەنگیزەی سەرەکیی سەرهەڵدانەکان لە ئێران و کوردستان چ بوونە، ئایا جیاوازییان لەتەک یەکتر هەبووە؟**

دوای شەڕی ئێران و عێراق و هاتنەسەرکاری ئاغای ڕەفسەنجانی، حکوومەت بە ڕەچاوکردنی سیاسەتی دابەزینی ئابووری دوای شەڕ و هەڵکشانی هەڵاوەسانی ئابووری تووشی قەیرانێکی زۆر بوو. لەو سۆنگەیەوە خەڵک کەوتنە تەنگانە و گوشاریان بۆ هات. هەر ئەمە بووە هۆی شکڵگرتنی یەکەم بزووتنە جەماوەرییەکانی دوای دامەزرانی کۆماری ئیسلامی و لە شارەکانی مەشهەد خەڵک لەهەمبەر ئەو هەمووە گرانی و هەڵاوسانە نارەزایەتییان دەربڕی. لە کۆتاییەکانی دەیەی حەفتا وەرزێکی نوێ لە بزووتنەوەکان بە هاتنەئارای چالاکیی خوێندکارانی زانکۆ دەستی پێ کرد. ساڵی ١٣٧٨ ئەو ڕووداوانەی دوای داخستنی ڕۆژنامەی "سلام" ڕوویان دا بووە هۆی نارەزایەتیی خوێندکارانی زانکۆی تاران و ڕووداوی "کوی دانشگاه"ی لێ کەوتەوە. لە دوای هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماریی ساڵی ١٣٨٨ و گزی و موهەندیسیکردنی هەڵبژاردنەکان و براوە ڕاگەیاندنی ئەحمەدینژاد، ڕەوتێکی ڕاستەقینەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەستی پێ کرد کە بە بزووتنەوەی سەوز ناوبانگی دەرکرد. بەڵام دوای نزیک ساڵ و نیوێک ئەو بزووتنەوەیە بە گرتن و کوشتن و هەڵاتنی خەڵک لە زێد و نێشتمانی خۆیان بەتوندی سەرکوت کرا. دوایە دەگەینە دەیەی نەوەد کە دەیەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بوو. ئەمجارە داخوازییەکان و داواکارییەکان ئیدی وەک پێشوو نەمابوو و ڕادیکاڵتر ببوون، هۆکارەکەشی بۆ گوشارە ئابوورییەکان، داخرانی زیاتری کەشی ڕەخنە، هەستی بێهیوایی، گرانی و ...دەگەڕایەوە. ئەگە لە بزووتنەوەی سەوز دروشمەکان ئەمانە بوون: "دەنگی من کوا؟" یا "دەنگی من بدەنەوە"، لە خەزەڵوەر و بەفرانباری ١٣٩٦ و ١٣٩٨ دروشمەکان ڕێک ئاستی سەرەوەی دەسەڵاتی سیاسیی کردە ئامانج و خەڵک بەتێکڕا دەیانگوت: "نەمان بۆ دیکتاتۆر"، "مەرگ بۆ خامنەیی"، "نە غەززە نە لوبنان ڕوحم فیدای ئێران"! هەرچەند ئەم نارەزایەتییانە بێجگە لە بزووتنەوەی سەوز؛ مانگرتن و نارەزایەتیدەربڕینی کرێکارەکان، ماموستایان و خانەنشینان و... ناچنە خانەی بزووتنەوەکان و مانای ڕاستەقینەی بزووتنەوەیان لە بواری تیۆرییەوە نییە؛ بەڵام هەموو ئەو نارەزایەتییانە لە بواری ویست و داخوازییەوە دەتوانین بڵێین هاوبەشن و دەکرێ وەک بزووتنەوەیەکی بە خواست و ویستی هاوبەش بناسرێن.

بابەتێکی دیکە کە دەبێ ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە کە، ئەم ڕابوونانە بەرەو بوون بە بزووتنەوە دەچن و بە واتایەکی دی ئەمانە بەربزووتنەوەن، کۆمەڵگەی ئێران بەرەو ئەوە دەڕوا قۆناغی بەربزووتنەوەکان بۆ بزووتنەوە سەرتاسەرییەکان تێپەڕێنێ. ئەنگیزەی زۆربەی هەرە زۆری ئەو نارەزایەتییانەش بەتایبەت لە چەند ساڵی ڕابردوودا پرسی بژێوی ژیان، ئابووری و خواستە سیاسییەکانە، واتە هەبوونی نیزامێکی پلۆرالیزمی دێموکراتیک، خەڵک بتوانێ ئازادانە نوێنەرانی خۆی لە هەر نەتەوە و ئەتنیکێک بێ هەڵبژێری و داوا ڕەواکانی لەلایەن حکومەتەوە لەبەرچاو بگیرێن و وەرگیرێن. هەروەها لە تایبەتمەندییەکانی دەتوانی ئاماژە بەوە بکەین کە نزیک بە هەمووی ئەو نارەزایەتی و مانگرتن و ڕابوونانەی کە ئاماژەمان پێ کرد نیشانەی ئەوپەڕی بێزاری و دژایەتیی خەڵکە لەگەڵ ڕێژیم و ئەو سیستەمە بۆروکراتیکە. بەشی هەرەزۆری ئەو جووڵانەوانە لە شێوازی نافەرمانیی مەدەنی کەڵک وەردەگرن لە حاڵێکدا هەڵسوکەوتی هێزە نیزامییەکان و پۆلیس بەتوندترین شێوە زەبروزەنگ و سەرکوتە و، هەوڵ دراوە لە دەفرایەتیی ڕایەڵکە کۆمەڵایەتییەکان باشترین و زیاترین کەڵک وەربگیردرێ. لە هەندێک حاڵەتیشدا چینە جۆراجۆرەکانی وەک ماموستایان و کرێکاران پشتیوانییان لە دواخوازییەکانی یەکتر کردووە کە ئەمانە هەموو پێمان دەڵێن ئەم هێمایانە بەرەو بزووتنەوەیەکی هەمەلایەنەمان دەبا.

جیا لەم نارەزایەتییانە کە بەشێوەیەکی گشتی لە ئاستی ئێران باسمان کرد، لە کوردستان هەر لە سەرەتاوە و لە سەردەمی دامەزرانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە نارەزایەتی و ڕاوەستان لەبەرامبەر زوڵم و زۆریی ناوەند و لەبەرچاو نەگرتنی مافی گەلی کورد (هەڵبەت هەموو گەلانی دیکەش) بە شێوازێکی سیاسی بوونی هەبووە. ئەگە بمهەوێ باس لە چوار نموونە بکەم، دەبێ باسی کوژرانی شوانە سەیدقادری بکەم لە ساڵی ١٣٨٤ کە ئەم جینایەتە دژکردەوەی خەڵکی بەدوودا هات. نارەزایەتییەکان لە مەهاباد دەستی پێ کرد و شار و ناوچەکانی دەوروپشتی گرتەوە و بەرەو بزووتنەوەی سەرتاسەری کوردی دەچوو، کە دیارە بەتوندترین شێوازی مومکین سەرکوت کرا. بەڵام خەڵکی کورد دوای ئەم ڕووداوانە بۆ ماوەی چەند ساڵێک لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ مانگرتنی سەرتاسەریی بازاڕیان ڕادەگەیاند، هەم بە نیشانەی ڕێزگرتن بۆ گیانی پاکی شەهید د. قاسملوو و هەمژی جۆرێک نارەزایەتیدەربڕین لە هەمبەر ئەو تیرۆرە دەوڵەتییە. لە ساڵی ١٣٩٤ نارەزایەتییەکانی ناسراو بە "هوتێل تارا" لەهەمبەر خۆکوشتنی کچێکی کارمەندی هوتێل بەناوی "فەریناز خوسرەوانی" لە مەهاباد دەستی پێ کرد و شارەکانی دیکەشی گرتەوە و چەند ڕۆژ بەردەوام بوو. یان دوای هێرشی مووشەکیی سپای پاسداران بۆ سەر قەڵای دێموکرات لە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧، دوای چوار ڕۆژ لەسەر داوای کۆمەڵگەی مەدەنی و بزووتنەوەی سیاسیی کورد خەڵکی زۆربەی شارەکانی کوردستان دووکان و بازاڕیان داخست و بە نیشانەی نارەزایەتی بەم کارە قیزەونە مانیان گرت. ئەنگیزە و تایبەتمەندی هەموو جووڵەکانی کوردستان بۆ پرسە سیاسییەکان دەگەڕێتەوە، واتە کورد خوازیاری ئازادی و مافەکانی خۆیەتی و بۆ ئەو مەبەستەش تێدەکۆشێ. ئەمە لە هەموو بۆنەکانی تەنانەت ساڵانەش وەک نەورۆز دەردەکەوێ و دەبینین کە خەڵک هەموو دەرفەتێک بۆ هێنانەئارای ویستی ڕەوای خۆیان دەقۆزنەوە.

**لە بەختی باشی ڕێژیم هەنووکە کۆمەڵگەی مەدەنی، بزووتنەوە سیاسییەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی گشتی لەوپەڕی پاسیڤیسم، پەرشوبڵاوی، کێشەی نێوخۆیی، دژایەتی بۆچوونی یەکتر و پرسی ئەتنیکەکان و...دایە. ئەمە بۆتە لەمپەڕێک بۆ یەکیەتی و یەکگرتووی خەڵک و لایەنەکان بەو حاڵە جگە لە ڕێژیم کەس براوەی مەیدان نییە**

**جیا لەم باسانەی جەنابت ئاماژەت پێ کردوە، ئایا ڕادەی بەشداری و مانای بەشداری هەتا چەند بووە و ئەم دوو ئێلێمانە لەنێو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان هەبووە؟**

سرووشتییە ڕادە و ئاستی بەشداری بۆ ئامانجەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە هۆکارە گرنگەکانی سەرکەوتنە. سەرەتا دەبێ "سەمەنەکان" (ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی)، ڕاگەیاندنەکان، ڕووناکبیر و چینی هەڵبژاردە ئەو ڕوحییەتە لەنێو خەڵکدا بەرنە سەر و بیبەنە ناخی کۆمەڵگەوە، بەداخەوە ئەوەی ئێمە ئێستا دەیبینین -جگە لە بزووتنەوەی سەوز نەبێ کە لە قۆناغێ جۆراوجۆردا چەند میلیۆن کەسی هێنایە سەر شەقام- ڕادەی بەشداری مەخابن ئەوەندە کەمە هێزە سەرکوتکەرەکان خێرا کۆی دەکەنەوە و کۆتایی پێ دێنن. مانای بەشداریی خەڵکیش لەبەر هۆکارگەلی وەک ترس کە چۆتە ناخی کۆمەڵگە و هەناوی خەڵک جا ئەو ترسە لە گرتن، کوژران، شەڕی نێوخۆیی، دابەشبوون و هەروەها نەبوونی وێژمانێکی هاوبەش و جێگرەوەیەکی ڕاستەقینە بۆتە خۆرە و ڕەنگبێ مانای بەشداری لە ئاستێکی کەمدا وێنا بکات. لە بەختی باشی ڕێژیم هەنووکە کۆمەڵگەی مەدەنی، بزووتنەوە سیاسییەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی گشتی لەوپەڕی پاسیڤیسم، پەرشوبڵاوی، کێشەی نێوخۆیی، دژایەتی بۆچوونی یەکتر و پرسی ئەتنیکەکان و...دایە. ئەمە بۆتە لەمپەڕێک بۆ یەکیەتی و یەکگرتووی خەڵک و لایەنەکان بەو حاڵە جگە لە ڕێژیم کەس براوەی مەیدان نییە. بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان لانیکەم دەبێ ١٥٪ی خەڵک لە مەیداندا بن و مانەوەی ئەو ڕێژەیە لە شەقامەکان تەمەنی ڕێژیم کورت دەکا. بەڵام هەتا گەیشتن بەم ڕێژەیە ڕەنگبێ ماوەی زۆری مابێ.

**بەپێی ئەو کاروچالاکییانەی جەنابت لەناوخۆ هەتانە و دەیکەن هەندێک باسی ئەزموونی خۆتان لەهەمبەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بکەن.**

بە سەرنجدان بەوەیکە کار و چالاکییەکانی ئێمە سنووردارە بەڵام بەوحاڵەش بەردەوام بەدوای ویست و داخوازییەکانی گەلەکەماندا بووین. ئەو داوا ڕەوا سیاسیی و کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتوورییەی هەموو گەلێک دەبێ هەیبێ، زۆرمان هەوڵ داوە بە ڕێگای یاسا و بەپێی بەند و بڕگەکانی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی بچینە پیش، ئەوەی پێی دەگوترێ لە چوارچێوەی یاسا بەڵام مەخابن هەربەپێی یاسای خۆشیان دەگەڵمان ناکەن! بەپێی ماددەی ٢٧ی یاسای بنەڕەتی دەیان جار هەوڵمان داوە ڕێپێوانێک بەمەبەستی جۆراوجۆر وەڕێ بخەین بەڵام نەبووە یان مادەکانی ١٥، ٢١ و ...هیچ ئەنجامێکی نەبووە. بەڵام بەخۆشییەوە لە هەموو شارێکی کوردستان خەڵک ئۆگری کار و چالاکییەکانمانە و بەردەوام پشتیوانیمان لێ دەکەن و هاوکار و یارمەتیدەرمانن. من بۆخۆم چەندین جار لەلایەن هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی سپا و ئیتلاعاتی سیاسی گیراوم و بانگ کراوم بەڵام خەڵک و کۆمەڵگە بۆم لەسەر خەت بووە و بەردەوام پشتیوانمان بوون. هەوڵی خەڵک بۆ هێنانەدیی یەکیەتی و یەکگرتوویی هێز و لایەنەکان و ڕاکێشانی نارەزایەتییەکان بۆ سەرشەقام جێگای ڕێز و سپاسە. لە دوایەمین نارەزایەتیی مامۆستایەکان (٢٦ی جۆزەردانی ١٤٠١) لەهەمبەر ڕەوشی بژیوی ژیان و ڕێکخراویی خۆیان هەروەها بۆ وەدیهاتنی ئامانجەکانی ماددەی ١٥ و خوێندن بە زمانی دایکی لە شاری سەقز (هەڵبەت لە زۆر شاری دیکەش) دروشمی مامۆستایەکان ئەم دوو دێرە بوو "چاکە هەموو ڕابین... هاوڕێ وەرە هاوڕا بین". خەڵک لە سەرشەقام بەپێچەوانەی ئۆپۆزسیۆنی ئاڵۆز و نایەکگرتوو بە یەکیەتی و تەبایی داوای خواستەکانی خۆیان دەکرد. هەموومان دەزانین گۆڕانکاری لە سەرشەقام و بەردەوامبوونی نارەزایەتییەکان دەکرێ؛ هەڵبەت هەرچەند حەشیمەت زیاتر بێ تێچووی کۆکردنەوەی زیاتر دەبێ.

**ئایا ئەو جۆرە بزووتنەوانەی بەشێوەیەکی گشتی بەبێ لیدەر و سەرکردایەتیی تایبەت ڕێکدەخرێن، دەتوانن بە ئامانج و ئاکامی خۆیان بگەن؟**

سرووشتییە بزووتنەوەی بەبێ سەر ناتوانێ بە ئامانجە بەرزەکانی خۆی بگا، خەڵک جیا لە ئۆپۆزسیۆنی ئاڵۆزی پڕ دەعییە، لە دەوری ڕێکخراو و دامەزراوە سێنفی، ژینگەیی، کولتووری، کرێکاری، زمانی، سیاسی و... نێوخۆی وڵات کۆ دەبێتەوە یان لە دەوری کەسایەتییەکان بەبێ لەبەرچاوگرتنی جۆری ڕوانین و بیرکردنەوەی کۆ دەبێتەوە و لە هەموو دەرفەتێکدا هەوڵی پێکهاتەگەرایانە دەدا. هەڵبەت لەم نێوەدا لایەنی دواکەوتوو و دژە بەها دێموکراتیکەکان لەبەر گوشاری زۆری دەسەڵات و پەشیمانبوونەوەی خەڵک بۆ ڕابردووی خۆیان بەناوی سەڵتەنەت بوونی هەیە کە لەم ڕەوشە کەڵکاژۆ وەردەگرێ و دەخوازێ سواری شەپۆلی نارەزایەتیی هەندێک لەو خەڵکە وەزاڵەهاتووە بێ، ئەم لایەنە بە دیاریکراوی لە پەراوێزی ئێران و بەتایبەت لەنێو کوردان هیچ جێگە و پێگەیەکی نییە و لە شارەکانی ناوەند و مەزنەکانیش ئەوەندە زۆر نین خێرا ببێتە بەدیل. هەروەک باسم کرد بەشێک لە خەڵک لەداخی ڕێژیمی مەلاکان ئەو دروشمانە دەڵێنەوە و کوڕی شا لێی بووەتە ڕاستی و پێی وایە ئیدی ئەوە خەڵک بەو چەند دروشمە چەند دەکەسییە خۆی و باب و باپیریان لاپەسندە! واتە ئەو دژکردەوەی خەڵکیش هەر جۆرێک نارەزایەتی دەربڕین لە هەمبەر ڕەوشی گشتیی وڵاتە و بە دژایەتی دەستەڵاتدارانی ڕێژیمی ئیسلامی ئەوە دەکەن، خواستی بەشی هەرەزۆری خەڵک نیزامێکی دێموکراتیکی ناموتەمەرکزە و من دڵنیام لە داهاتوودا و بە درێژەپێدانی ئەو ڕەوتە نارەزایەتییە بۆخۆی سەرکردە و ڕێگای خۆی دەبینێتەوە. هەڵبەت لێرەشدا کوردستان لەگەڵ باقی ناوچەکانی ئێران جیاوازی هەیە و بە سەرنجدان بەو هەمووە خەبات و تێکۆشانە، نەبوونی ڕێبەری و سەرکردایەتی و تەنانەت ڕێکخراوێکی تەکوزمەند بەرچاو ناکەوێ و هەموو ئەو پێویستییانە بوونیان هەیە و ئەو حیزب و ڕێکخراوانە هەرکامیان بەپێی سەنگ و وەزنی خۆیان پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆیان هەیە. ئێستاش لە کوردستان و بەشێوەی هێمایی چەند شار لە کوردستان وەک کرماشان، سنە، مەریوان و سەقز بوونەتە سەنگەری سەرەکی و سەرتاسەری بزووتنەوەکان و لە بواری نەتەوەیی، سنفی، ڕێکخراوەیی و... فرەچالاکانە دەجووڵێتەوە. لە کوردستاندا ئالتێرناتیوەکە دیارە، خەڵک بەرنامە و ئامانجی حیزبەکانی خۆیانیان قبووڵە، گەیشتن بە ئامانج پێویستی بە هیوایە و خەبات و تێکۆشانە و هەرچەندە سیاسەت و دیپلۆماسی نێودەوڵەتی ڕۆڵێ بەرچاوی هەیە بەڵام لە کۆتاییدا دەبێ باوەڕمان بە سەرکەوتن هەبێ.

**ئاڵنگاری و کێشە و کۆسپەکانی سەرەکی بەردەم بزووتنەوەکان لە چیدا دەبینن؟**

ئەم پرسیارە بە دوو ڕوانینی جیاوە دەبێ وڵام بدرێتەوە، یەک وەک چالاکێکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دوو وەک کەسێک کە لە جوغرافیای ئێراندا دەژیت. لە کوردستان لەبەر ڕەوشی تایبەتی نێوخۆ، کێشە و گرفتی بژێوی ژیانی خەڵک، نەبوونی پشتیوانیی ماڵی، هزری، بەرهەمهێنانی بیرۆکەی نوێ و بەڕۆژ و زانستی لەوانە گرنگتر نەبوونی یەک گوتاری و یەکێتی و یەکگرتوویی هێزە کاریگەرە کوردییەکان، دەکرێ وەک مەزنترین کێشە و کۆسپەکانی بەردەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان پێناسە بکرێن. لەلایەکی دیکەشەوە سەرکوتی بێبەزەییانە، گرتنی بەکۆمەڵی خەڵک، هەرەشە و نەبوونی تەشکیلاتێکی بەهیز بۆ ڕێکخستنی ئەم بزووتنەوانە لە ئالنگارییە جددییەکانی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتن. لە نێو ئێرانیشدا و بەتایبەت لە ناوەند وەک هێزێکی جەماوەری بەجووڵە، ترس لە شەڕ، ترس لە دابەشبوونی ئێران، ترس لە گرتن و ئەشکەنجە و هەڵاتن و تەرکەوڵات، ترس لە پشێوی و لەوانەش گرنگتر نەبوونی وێژمانێکی هاوبەش و چەند بەرەکی بۆ لە دەوری یەک کۆکردنەوەی هەموو شەبەنگە جۆراوجۆرەکان، دەتوانم ئاماژە بکەم.

هەڵبەت دەبێ ئەوەش بڵێم بەگشتی خەڵکی ئێران تووشی جۆرێک "لەخۆ نامۆیی" بوونە وەک ئەو پێناسەیەی مارکس دەیکا بەو جۆرە کە، تاکی کۆمەڵگە لەبەر ئاڵۆزیی ئابووری و کیشە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان لە سرووشتی خۆیان دوور کەوتوونەتەوە و گەیشتوونەتە لەخۆنامۆیی. بۆ نموونە کرێ خانووبەرە، دووکان، دەواودەرمان، منداڵ، خێزان، بیمە، خواردن و خواردنەوە و هەموو بازار بە گشتی تێچوویەکی ئەوەندە زۆر بووە و نرخی کەلوپەلەکان ئەوەندە زیادی کردوە خەڵک لەبەر دەردی خۆی ئاگای لە هیچ نەماوە و توانای بیرکردنەوەی لێ ستێندراوە.

**وەک دواپرسیار. قسەیەک هەیە کە دەگوترێ، هەتا کۆمەڵگەی ناوەند بە شێوەی گشتی هەڵنەستنەوە، پەراوێز وەک ئەتنیکە جۆراوجۆرەکان هەڵوێستیان نابێ. ئایا ئەمە ڕاستە؟ ئایا لە ئێران هەبوونی ئەو هەمووە جۆراوجۆرییە هەڕەشەیە؟**

من لەگەڵ ئەمەدا نیم، ئەزقەزا پەراوێز زۆر زیاتر لە ناوەند چالاکترە، ئێمە بە شێوەی مامناوەندی ڕۆژانە چەندین نارەزایەتیمان هەیە کە لە ناوەند بەو بارستاییە نابینرێ یان زۆر کەمە، ئێستا ناوەند ئەو هەژموونییەی پێشووی نەماوە. لە زۆربەی ناوچەکان بزووتنەوە نەتەوەییەکان بەهێز بوون و داوای مافی خۆیان دەکەن، هەر ئەو ڕوانینەی ئۆپۆزیسیۆنی ناوەند وای کردوە ئەوەی ئێوە دەڵێن پەراوێز زۆر بە گوڕوتینتر بێنە مەیدان و داوای ڕەوای خۆیان لە شەقامەکان هاوار بکەن. هەتاکوو ئێستا ناوەند نەیتوانیوە سیستەمێکی دێموکراتیک دابمەزرێنێ کە هەموو نەتەوەکان خۆیان تێدا ببیننەوە و لەم بەشەدا شکستیان خواردوە، بۆیە پەراوێز بەبێ گوێدان بە ئەوان کاری خۆی دەکا. دیارە بوونی جۆراوجۆری ئەتنیکی لە کۆمەڵگە دێموکراتیکەکان دەرفەتە و بەپێچەوانەش لە حکومەتە توتالیتەر و دیکتاتۆرەکان هەڕەشەیە. مەگەر نەتەوەکانی ئێران جیا لە دێموکراسی و سیستەمێکی حوکمرانی دادپەروەرانە کە مافەکانی خۆیان بەشێوەی فێدراڵی تێدا ببیننەوە چی دیکەیان دەوێ؟ ئایا ئەمە ڕەوا نییە؟ دەبێ ناوەند ئەوە بسەلمێنێ بۆ گەیشتن بە ڕێگاچارەیەکی هاوبەش دەبێ ڕێز بە خواستە مەشروع و دێموکراتیکەکانی نەتەوەکانی ئێران دابنێ، بەدڵنیاییەوە یەکگرتوویی نێوان ئێمە و ئەوان نەمانی ئەم سیستەمە خێراتر دەکا و هەموومان قازانجی لێ دەکەین.

# ڕاوچیی ئاناوارزا

**یەشار کەماڵ / وەرگێڕ: هێمن مەروانی**



نێوانی چیای هەمیتە و ئاناوارزا دەشتێکی پان و بەرینە. ڕووباری ساروون ڕێک لە کلکەی ئاناوارزا تێکەڵی چۆمی جەیهان دەبێ. لەو شوێنەی ساروون و جەیهان لێک دەدەنەوە، تاکوو گوندی ڤایوایلی قامیشەڵانێکی چڕ و پڕە بەناوی ئاقچەساز. هەمیشە مەودای نێوان هەمیتە و ئاناوارزا و ڤایوایلی بەدرێژایی ڕۆژ تەنکەمژێک دایدەگرێ. ئەو کاتانەی مژ ئاقچەساز دەتەنێتەوە، وەکوو مژ ناچێ، بەڵکوو دەڵێی دووکەڵێکی چڕ و خەستە، کە لە هەوادا پەنگی خواردۆتەوە.

کە جەیهان دەگاتە کزیکگلین، لکێکی لێ دەبێتەوە و دەبێتە شەقەجۆگەیەکی بەرین و بە دەوری پەڵە زەوییەکی تەخت و ڕێکدا لێدەهاڵێتەوە و شێوەی نیمچەدوڕگەیەک دەدا. زەوی ئەوەندە ڕێک خۆی دەنوێنێ هەر دەڵێی مەڕمەڕی بریقەدارە. خاکی دوڕگە تا چاو بڕ دەکا ڕەشیڕەشە.

جستانان قاز و مراوی خۆ بەم شەتاو و جۆگەلانەدا دەکەن و بە بەرزاییدا دەسووڕێنەوە . تەپوتۆزی ڕێگاوبان هەتا ئەژنۆی ئادەمیزاد هەڵدەکشێ. تەپوتۆزەکە خەست و گەرمە؛ بۆ گەرمی لە ئاسنی سوورەوبوو دەچێ. لێواری ئاقچەساز بە قامیشەڵانی تەڕ و تازە و شین و تووسکەدار داپۆشراون، کە پێیان دەڵێن: بەردی. بەردیی شین... . لاسکی قاوەییڕەنگی بەردی بە لای ئاودا شۆڕ دەبێتەوە ... . جاڵجاڵۆوکە خەریکی تەنینی تان و پۆی نەپسێن و چەسپۆکن. تان و پۆیەکان هێندەی داوێک ئەستوورن. ئەم تان و پۆیانە کاتێک بای دێ حەلەمیشیان ناگاتێیە و لە جێی خۆیان هەڵناکەندرێن. هەنگەکان لەم قامیشەڵانە شینەدا پوورەی زێوینیان داوە و بە سەریانەوە دەسووڕێنەوە. هەر هەنگێک بە قەڕا مێروویەک دەبێ و نابێ.

لە قەراغەکانی ئاقچەساز ئینسان ناتوانێ خانوو ساز بکا، بێتوو سازیشی بکا لەبەر تەوژمی مێشوولەی ژاراوی و ناژاراوی حەیاتی ڕەشی لێ دەبڕێ. بە هۆی پێوەدانی ئەم مێشوولانە مرۆڤ دوای چەند ڕۆژێک مەلاریا دەگرێ و دەمرێ. هەرچەندە لە دەوروبەری ئاقچەساز هێندێک ئاوایی هەن، کەچی ژمارەی دانیشتووانیان لە پەنجا کەس تێناپەڕێ.

هەر چوار وەرزەی ساڵ دەستە ڕەق و ڕەشەکانی بە گەرما و سەرما ڕووتوقووت بوون. جستانان و هاوینان پاپۆڕەکەی، کە دوو سەوڵی هەبوو دەیئاژاوت و تاوی دەدا و بۆ ڕاوەماسی ڕووی دەکردە ئاقچەساز. دەچوو بۆ ئەو جۆبار و چۆمەڵەی کە لە ڕووباری جەیهان دەبۆوە. زۆرجاران تەنانەت پاش دوو حەوتووش لە ڕاو نەدەگەڕایەوە. زۆرترین ماوەی دیار نەمانی سەری دەگەیشتە سێ حەتوو. دوای یەکدوو حەوتوو وازی لە ڕاو دێنا و بە قەڵافەتێکی داشکاوی چڵکن و قوڕاوی و شەکەتەوە دەگەڕایەوە ماڵ. ژنەکەی لە دەم لاشیپانەی دەرگا ناچاری دەکرد جلەکانی داکەنێ، ئینجا ڕێگەی دەدا بچێتە ژوورەوە. هەر ئاوا بەڕووتی و بێئەوەی جلێک بکاتە بەر خۆی لە تەنیشت پێخەفەکەی ڕەق ڕادەوەستا تاکوو جێگەوبانەکەی بۆ ڕادەخرا، ئینجا وەک مردوو خۆی دەخزاندە نێو پێخەفەکەی و بێچورتە و بێهەستوخوست لێی ڕادەکشا. دەسبەجێ خەو دەیبردەوە. شەو و ڕۆژێک بەم شێوەیە دەخەوت. ئێوارەی ڕۆژی دووهەم لە خەو هەڵدەستا و تاوێکی خۆش چاوەکانی هەڵدەگلۆفی، پاشان لە پێخەفەکەی دەهاتە دەر و نان و چای دەخوارد و ئینجا چەکەکەی خاوێن دەکردەوە...!

بۆ جارێکی تر لە ڕاو گەڕابۆوە و خەوێکی قورس بردبوویەوە. پێنج کاتژمێری مابوو لە خەو هەڵستێ. خێزانی لە ژوورسەری دەستەکانی گرت و ناچاری کرد دانیشێتە سەر قوون و تێیڕاخوڕی و گوتی: مووسلۆ! مووسلۆ! هەستە حەوا! مناڵەکەمان ئەوە دەمرێ! مووسلۆ !"

دواتر دەستەکانی بەردا. مووسلۆ وەک مردوویەک کەوتەوە نێو جێوبانەکەی. ژنە چۆوە سوێی منداڵەکەی. بە چاوی بەگریانەوە سەیری کرد. مناڵەکە لەسەر عەرزی ڕەقوتەق درێژ ببوو. دایکی لە پڕمەی گریانی دا و وردەوردە گریانی بوو بە هاوار و ڕۆڕۆ. داهاتەوە و لە ئامێزی گرت و بردییە دەرێ. دەرێ زۆر گەرم بوو؛ کەش و هەواکە هێندە قورس و گران بوو، کە مرۆڤ هەناسەی سوار دەبوو. هێندێک لە بەر تیشکی خۆر ئەملاوئەولای کرد؛ لە پاشان لەخۆوە دەستی کرد بە ڕاکەڕاک. یەکدوو ژن کە هێشتا نەچووبوونە کاری مەزرایە، کاتێک دیتیان ئەوە وەکوو شێتان بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە، پیلیان گرت و بردیانەوە ژوور. کەمێکیان دڵداری دایەوە و ئیتر ڕۆیشتن. چاریان نەبوو، چونکە خەڵکی دێهات ئیشێکی زۆریان لەسەر ئەستۆیە.

دیسان ژنە مناڵەکەی، کە تووشی تا و یاو ببوو، لە باوەش گرتەوە و داسەکنی. پاشان منداڵەکەی ڕاکێشایەوە. مناڵەکە حاڵی زۆر شڕ بوو. ژنە زاری ویشک هەڵاتبوو. بەتووڕەیی بەرز بۆوە و چۆوە زگ مووسلۆ. دەستەکانی گرت و ئەوەندەی پێی دەکرا ڕایکێشان و پڕ بە گەرووی لە گوێچکەی مووسلۆدا زریکاندی: مووسلۆ! مووسلۆ! مووسلۆ! هەستە ئەوە مناڵەکە دەمرێ! مووسلۆ! کوڕە هەستە مووسلۆ!

ماوەیەک ئاوا بە سەریدا قیژاند. دوایە دەنگی هێور بۆوە و بەتەواوی کپ بوو. سەرلەنوێ پچڕپچڕ دەستی پێ کردەوە. منداڵەکە لەسەر دۆشەگێک لەسەرخۆ چووبوو. کەفی لە دەمی دەهاتەدەر و وەکوو فێگرتووان ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو.

ژنە دەیگوت: گوێت لێ بێ پیاوەکە، کە شووم پێ کردی دەتگوت بە شیری مەلان بە خێوت دەکەم. بە ساڵ و مانگ چاوەڕوانی من بووی. باوکم ڕازی نەدەبوو، بەڵام من وازم لە دایک و باوک و خوشک و براکانم هێنا بۆ خاتری تۆ. هاتمە لای تۆ. پازدە ساڵی ڕەبەق چاوم بە دایک و باوکم نەکەوت؛ بیرم دەکردەوە کە تۆ هەم باوکمی هەم دایک. تا چاومان لەسەر یەک دانا خێرا پازدە ساڵ تێپەڕی مووسلۆ! ئەو ماوەیە هەر خەریکی ڕاو بووی. ئەوە من بووم زەویم دەدایە بەر گاسن و دەمکێڵا! خەرمانم گێرە و شەن دەکرد و سەرەنجام گەنم و جۆم دەبردە بازاڕ و دەمفرۆشت. تۆ لەو پازدە ساڵەدا دەستت لە ڕەش و سپی نەدا. چەرمەسەرییەکان هەموو بۆ من بوون. سەیرێکی قژی سپیم بکە مووسلۆ! لەو تەمەنەدا من دەبوایە ئاوام لێ هاتبا؟ بۆ پشوویەکیش چییە بیرم لە بەجێهێشتنت نەکردەوە. شەوگاری جستان کە خەریکی ڕاوەمراوی بووی، خەوم بە چاویدا نەهاتووە! دەترسام ئەی نەکا مووسلۆ بکەوێتە نێو زەلکاو و بخنکێ. دایمە بیرم لە لات بوو. بەڵێ مووسلۆ، کاتێک سولەیمانیش مرد تۆ تەنانەت چاوت بە تەرمیشی نەکەوت. وەختایەک دەروێشیش مرد گۆڕت بۆ هەڵنەکەند. هێشتا لەشی ساردەوە نەببوو، کە تاوت دایە تفەنگە و چوویەوە ڕاو. دیسانیش هەر بێدەنگ بووم و فزەم لێوە نەهات، ئەی نەکا مووسلۆ لە دڵی گران بێ! قەت قسەیەکی وام پێ نەگوتی بڕەنجێی. هەستە! هەستە مووسلۆ! پێم بڵێ چ بکەم مووسلۆ؟!

مووسلۆ لەسەرەخۆ لە نێو پێخەفەکەیدا پشتەوقەفار تلوور بۆوە.

دیسانەوە ژنە چۆوە لای مناڵەکەی و مات و پەشۆکاو وێستا. دوای ئیستێک کەفی زیاتری لە دەمی هاتەدەر، نزگەرەیەکی هاتێیە و لەشی شل بوویەوە. سولەیمانیش بەو دەردە مردبوو. خۆی هاویشتە سەر مناڵەکەی. تازە دەنگ و پشووی نەدەهات. دایکە فرمێسکی لە چاوانی ویشک بوون. لەنێو ئاوایی تاقە کەسێک نەبوو فریایان کەوێ و تەرمی مناڵەکە لە گۆڕێ لابا! ئێوارە داهات. مووسلۆ وەکوو جاران جەنگەی خۆی لە خەو هەستا. ماوەیەکی زۆر چاوەکانی هەڵگلۆفی. ژنەکە گوتی: مووسلۆ، مناڵەکەمان مرد، مووسلۆ!

(ژنەکە بەدڵەڕاوکەوە وای گوت)، بەڵام مووسلۆ وەک ئەوەی گوێی لە هیچ نەبووبێ هەستایە سەر پێ و پڕی دایە چەکەکەی و خاوێنی کردەوە! بێئاوڕدانەوە ملی ڕێگای ئاقچەسازی گرتەوە بەر. ژنە مەتەقی لێ بڕا و دەمی بوو بە تەڵەی تەقیو!

لە سەرەتاوە دەیزانی ئاوای لێ دێ و هەر ئاواشی لێ چاوەڕوان دەکرد. لە دەروجیران عەلی ئوونباشی یانی ساریعەلی لە مەزرا گەڕابۆوە.

ڕۆیشتە لای و گوتی : ئاغا گیان! عەلیاغا مناڵەکەمان لەدەس چوو! ئێستە چ بکەین؟

عەلی شەکەت و داماو ڕۆیی و خەڵکی ئاوەدانێی ئاگادار کردەوە. ژنان بە هاوکاریی یەکتر منداڵەکەیان شۆرد و لە تاریکانی شەودا گۆڕێکی تەسک و تاریک و گچکەیان بۆ هەڵکەند و بە خاکیان ئەسپارد.

خەڵکی ئاوەدانی پێیان گوت: هەی داد و بێداد! بڕۆوە ماڵە باوکت. لەو مووسلۆیە هیچ خێرێکت پێ ناگا! ئەوەی ڕاستی بێ هەمیشە ئەو قسانەیان پێ دەگوت، بەڵام بە هێندی نەدەگرت؛ کەچی ئەمجارەیان وەکوو ئەوەی تیریان بە دڵییەوە نابێ کاری لێ کرد. تاکوو کازیوەی بەیانی خەوی لە چاوی نەکەوت و لەگەڵ خۆرهەڵات شتومەکی خۆی کۆکردەوە و بەروبوخچەی پێچایەوە و ملی ڕێگای گرت و بەرەو ماڵی باوانی تێیتەقاند؛ ئەو ماڵەی کە نیزیکەی پازدە ساڵی ڕێک بوو پێی تێ نەنابۆوە.

دوڕگەی ڕووباری جەیهان، زۆنگاوی ئاقچەساز... .

مووسلۆ کە ئازای ئەندامی دێشا، بە شل و شەکەتی گەڕایەوە ماڵ. ماڵێکی ساردوسڕ. ژنەکەی نەمابوو. چاوەڕوانیی هەموو شتێکی دەکرد، ئیللا ئەمە نەبێ؛ دەتگوت گوللەیان پێوەناوە. لە لای دەرانەی ماڵێ تلار بۆوە و لە قوڕ و چلپاو گەوزی و چورتەی لێ بڕا و ویشک هەڵات. جیرانەکان گەیشتنە سەری و ڕاستیان کردەوە و بردیانە سەر جێوبانی.

لە قەراخ ئاقچەساز ناکرێ خانوو دروست بکەی. ئادەمیزاد ناگاتە سەری مانگ و بە نەخۆشیی مەلاریا دەمرێ. تاکوو ئێستاش کەس نەیتوانیوە لەوێ خانوو چێ بکا. ئێستاش لە قەراخ و لێوارەکانی ئاقچەساز سەیوانێکی گچکە هەیە. دەوروپشتی سەیوانەکە پڕاوپڕە لە پەڕ و تووکی قاز و مراوی، سێروو، کەو و ئەو تەیر و باڵندانەی مرۆڤ ناویشیان نازانێت. پەڕ و تووک بە دەوەن و دڕووەلان وەنووساون... .

نێوانی چیای هەمیتە و ئاناوارزا دەشتێکی پان و بەرینە. لەو پێدەشتە پان و بەرینەدا پازدە بیست گوندێک خۆ دەنوێنن.

هەر لەو دەوروبەرانە کابرایەک دێ و دەچێ کە هەموو سەر و گیانی قوڕاوییە و چەک لەشانە. تووکی سەر و ڕدێنی تێکەڵ بوونەوە. ساڵەهای ساڵە خەریکی ڕاوە و گۆشتی نێچیر بە دێهاتییەکان دەفرۆشێ. ئەم کابرایە ناوی مووسلۆیە.


# ورەی باوکی شەهید

**هەتاو**

بەرەبەیان بوو، بەرەو ماڵی مام عەزیز دەڕۆیشتین.

ماڵێک کە گەلێ جاران جێگای چاوپێکەوتنی ئەندامانی حیزب بوو. زۆر جارانیش کۆبوونەوەی تەشکیلاتی تێدا دەگیرا. ئەو گەورەماڵە هەمیشە دەرکەی بە ڕووی پێشمەرگەدا کراوە بوو. بەڵام ئەمجارەیان ڕۆیشتنمان بۆ ئەوێ جیاواز بوو.

زۆر بەزەحمەت توانیم ئەو بڕیارە قورسە بدەم. لە دڵەوە ڕاهێنانم بە خۆم دەکرد کە چۆن لە ڕستەیەکدا هەواڵەکەی پێ بڵێم، بە جۆرێک کە هەم خۆم بەرگەی ئەو خەسارە گەورە بگرم هەم مام عەزیزیش. بتوانێ باری ئەو خەمە قورسە هەڵگرێ.



هاوکات کە گەیشتینە نێو ماڵ، خاوەن ماڵ بە هەیبەتێکەوە هاتە نێو ژوورەکە و بەخێرهاتنی کردین. دڵم بە توندی کەوتە لێدان، وەختا بوو لە سینگم بێتە دەرێ، زمانم وشەکانی تاوتوێ دەکرد. وا پێدەچوو زمانم و دڵم پێکەوە ڕاوێژ دەکەن کە چۆن بەرامبەر باوکێک ڕاوەستن و پێی بڵێن کوڕەکەت شەهید بووە. باوکێک کە بەئاسانی دەتوانی لە ڕوخساریدا سەدان لاپەڕەی ژیانی پێشمەرگایەتیی کۆماری کوردستان بخوێنێتەوە، باوکێک کە بە مانا کەسێکی چالاکی ساڵەکانی ٤٧ - ٤٦ بووە.

کات و زەمان لای من ڕاوەستابوو، بەڵام بە دەنگی پڕ لە ورەی مام عەزیز دیسان چرکەکانی زەمان کەوتنەوە خولڵێدان.

- هاوڕێیان بەخێر بێن، چی بووە؟ بۆچی وا مات بوون؟

دیار بوو ڕوخساری من و هاوڕێکانم هەمو شتێکیان بە مام عەزیز گەیاندبوو. بۆیە ئیدی مشتومڕی دڵ و زمانم کۆتایی پێ هات.

- نیگەران مەبە مام عەزیز، شتێکی وا نییە کوڕەکان لە چالاکییێکدا کەوتوونە کەمین و ڕەسووڵ بریندارە.

دیمەنێک دروست بوو کە هەرگیز فەرامۆشی ناکەم. دیمەنی فەرماندەیەکی دێرین. هەنگاوێک هاتە پێشەوە. وەک چیا ڕاوەستا و بە دەنگێکی بێگەردی کوردانە گوتی: تەرمی شەهیدەکەتان بۆ هێناومەوە یان کەوتۆتە دەست دوژمن؟

سەیری چاوی ئەو پیاوە گەورەم کرد، ئەویش تێگەیشت کە دەمهەوێ چی پێ بڵێم: بەڵێ تەرمی شەهید لای خۆمانە.

پیری سەربەرز درێژەی بە قسەکانی دا: دڵتەنگ مەبن نامهەوێ ڕەنگی شکان و هەڵبزرکان بە ڕوخسارتانەوە ببینم. من شانازی دەکەم کە باوکی دوو شەهیدی ڕێگای ڕزگاریی کوردستانم. هەروەها زیاتر شانازی دەکەم کە ئێستا ئێوە هەموو کوڕی منن و دەتوانن جێگای شەهیدەکانم لە دڵی مندا و لە ڕیزەکانی خەباتدا پڕ کەنەوە. بەڵام ئەوە بزانن کە ئێوە پێشمەرگەن و دەبێ تا گەیشتن بە "کاروان"ی ئاوات و ئامانج "کارزان"ی ڕێگای خەبات بن. ورەتان بەرز بێ ڕێگایکی دوور و درێژتان لەپێشە تا گەیشتن بە سەربەرزی. جا ئەو سەربەرزیە شەهیدبوون بێ یان ڕزگاریی نیشتمان.

مام عەزیز وەک فەرماندەیێک، وەک پێشمەرگەیەک، وەک باوکێک دڵخۆشیی ئێمەی دەدایەوە.

پاش ئەو دیدار و دیمەنە پرسیارگەلێ لای من درووست بوون، کە وڵامی ئەو پرسیارانەم لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا وەرگرتەوە. بەڵێ چرای خەباتی دێموکرات ناکوژێتەوە تا خاوەنی ڕۆڵەی فیداکار بێت، ناکوژێتەوە تا خاوەنی باوکی شەهیدی وا بەورە و بەئیمان بێت.

***


(بیرەوەرییەکی کاک حەسەن خۆشکەلام لە دیدار لەگەڵ مام عەزیز عەزیزی، باوکی دوو برای شەهید کاروان و کارزان عەزیزی کە کراوەتە ئەو بەسەرهاتە).

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO:828 6 August 2022

مالْپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanukurd.com
+9647501771202
ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
kdp.taskilat@gmail.com
+9647508483312

# « سوارەکەی تاقوەسان و بێستوون»




«سوارەکەی تاقوەسان و بێستوون»، یادنامەی شەهید مووسا باباخانی بەرهەمی نوێی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە لە توێی ٢٥٦ لاپەڕەدا چاپ و بڵاو بۆوە.

ئەم کتێبە هەم بەڵگە و دێکیۆمێنتێکە لە جینایەتە سامناکەکەی کۆماری ئیسلامی و، هەم ڕیزە وتار و نووسینی کۆمەڵە کەسایەتییەکی سیاسیی لەسەر تیرۆری شەهید مووسای لەخۆ گرتوە. چەند وتووێژێک و کۆمەڵە دڵنووسی بەشێک لە هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی شەهید مووسا و پەیامی هاوخەمیی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی و ئێرانی و جیهانی چەند بەشێکی دیکەی ئەو کتێبەن.

عەلی بداغی، بەرپرسی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکرات کە ئەرکی ئامادەکردنی ئەو کتێبەی لەئەستۆ بووە، لە لێدوانێکیدا بۆ «کوردستان و کورد» ڕایگەیاند: «ئەم کتێب و یادنامەیە ئەمەگناسییەکە لەپێناو ڕوحی نەسرەوتوو، بەڵام هەمیشە زیندووی شەهید مووسا باباخانیدا. دڵنیام ڕۆژێک دێ گڵکۆی پیرۆزی مووسا لە گەرمێنەوە دەچێتەوە بێستوون یان تاقوەسان لە بەری کوێستان و، دەبێتە زیارەتگەی ئەویندارانی سەربەستیی نیشتمان.»

«سوارەکەی تاقوەسان و بێستوون» لە بەرەبەری یەکەم ساڵیادی شەهیدبوونی مووسا باباخانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بڵاو بۆتەوە. شەوی ١٤ی گەلاوێژی ١٤٠٠ی هەتاوی شەهید مووسا باباخانی لە شاری هەولێر لەلایەن تیمێکی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە گیانی لێ ئەستێندرا.

# یادی ١٥ ساڵەی دامەزرانی کوردکاناڵ بەرز ڕاگیرا

ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێوڕەسمێکدا یادی ١٥ ساڵەی دامەزرانی «کوردکاناڵ»، تەلەڤیزیۆنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بەرز ڕاگرت.

ڕۆژی شەممە، ١٥ی گەلاوێژ بە بەشداریی بەرپرسی گشتیی ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەڕێوەبەرانی ئێستا و پێشووی تەلەڤیزیۆنی کوردکاناڵ و لە کۆڕی دەیان کەسیی کادر و پێرسۆنێلی ڕاگەیاندنی حیزبدا، یادی ١٥ ساڵەی دامەزرانی «کوردکاناڵ» بەرز ڕاگیرا.

لە سەرەتای ئەو کۆڕەدا سامان فەقێ نەبی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و جێگری بەڕێوەبەری کوردکاناڵ وتەی کردنەوەی کۆڕیادەکەی پێشکێش کرد. دواتر کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر پێگەی کوردکاناڵ لەنێو خەڵکی کوردستان و کارکردی وەک دەزگایەکی ڕاگەیاندنی نەتەوەیی و دەروەست بە پرسەکانی کۆمەڵگە قسەی بۆ ئامادەبووانی کۆڕیادەکە کرد.



بەرپرسی ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە قسەکانیدا لەگەڵ ناردنی ڕێز و سپاس بۆ هەموو هاوڕێیان و پێرسۆنێلی کارگێری کوردکاناڵ، تیشکی خستەسەر ئەوە کە کوردکاناڵ لە بارودۆخێکدا بوو بە تریبوونی حیزبی دێموکرات و دەنگی بزووتنەوەی سیاسیی کورد کە پێویستیی هەبوونی مێدیایەکی بینراو بەو تایبەتمەندییە و بەو پڕەنسیپانەی کە ئەم تیڤییە بۆ کار و هەڵسووڕانی خۆی دیاریی کردبوو، بۆ حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و جووڵانەوەی حەقخوازانەی گەلەکەمان بە تەواوی هەست پێدەکرا. بەمجۆرە کوردکاناڵ هەر لە ماوەیەکی زۆر کەمدا توانی بە ڕوومالْکردنی هەواڵ و پرسە سیاسییە ڕۆژەڤەکانی کوردستان، بە پووچەڵکردنەوەی درۆودەلەسە و پڕوپاگەندەی دەزگا تەبلیغاتییەکانی ڕێژیم، بە بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونی نەتەوەیی، نیشتمانی و ڕزگاریخوازانە و، لە هەمان کاتدا دەرفەتدان بە بڵاوبوونەوەی دەنگە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بوو بە پردی پێوەندی لە نێوان حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستاندا.



لە بەشێکی دیکەی کۆڕەکەدا مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لەسەر هەلومەرجی دامەزرانی کوردکاناڵ و ئەو قۆناغانەی لە مەیدانی بەکردەوەی کار و تێکۆشانیدا بڕیویەتی و هەروەها ئەو ئەرک و بەرپرسایەتیانەش کە لە دوای یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان دەکەوێتە سەرشانی؛ کۆمەڵە سەرنج و ڕاسپاردەیەکی خستەڕوو.

## بەر لە ماڵاوایی

# ئەو شۆڕشگێڕەی بوو بە گوڵێکی سوور بۆ بەرۆکی نیشتمان


قادر وریا

ساڵێک لەمەوبەر دەستی تێرۆریزمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نێوەندی شاری هەولێر، لە قوڵی زۆڵەکوردێکی خەیانەتکار هاتەدەر و گیانی کادرێکی لێوەشاوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئەستاند.

مووسا باباخانی، ڕۆڵەیەکی هەڵکەوتوو لە پارێزگای کرماشان و لە نێو هاوزمانانی یارسانیمان بوو. هاوڕێ مووسا تێکۆشانی سیاسی و حیزبیی ئاشکرای خۆی لە پێشمەرگایەتیی هێزی پارێزگاریی حیزب لە ساڵی ١٣٧٨ دەست پی کرد. دوای چەند ساڵ پێشمەرگایەتی لە هێزی پارێزگاری، هاتە کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزب و لە بەشی فەننیی ڕۆژنامەی «کوردستان» دەست بەکار بوو و بووین بە هاوکار.

هەر لە سەرەتای تێکۆشانی حیزبایەتییەوە، تینوێتی و هۆگرییەکی زۆری بۆ فێربوون و خۆپێگەیاندن هەبوو. سەرماوەزی ١٣٨٥(دێسەمبری ٢٠٠٦)لە کاتی لەتبوونی حیزبی دیموکراتدا، کاک مووسا لە بەشی چاپەمەنیی حدکا و دواتر لە تەلەڤیزیۆنی «تیشک» درێژەی بە تیکۆشان دا. ئەو، ئامادەکاری بەرنامەیەکی تەلەڤیزیۆنیی تایبەت بە کرماشان بوو و لە ڕێگای «تیشک تیڤی»یەوە، هەستم دەکرد کە لە ڕووی ئاگایی سیاسییەوە باش خۆی پێگەیاندووە. لەگەڵ تێکۆشەران و ڕۆشنبیران هەڤپەیڤینی پێک دێنا و بەرنامەی پڕ نێوەرۆکی ئامادە دەکرد. کاک مووسا ئەو کاتانەش کە لە بەشی ڕاگەیاندن کاری دەکرد، لە کاری تەشکیلاتی و پێوەندی لەگەڵ دۆستان و دڵسۆزانی حیزبی دیموکرات لە پارێزگەی کرماشان، غافڵ نەبوو. ئەم خۆپێگەیاندنە و پێوەندیی بەرینی لە گەڵ تێکۆشەران و چالاکانی شارو ناوچە جۆراوجۆرەکانی کرماشان، بوو بە هۆی ئەوە لە کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرێ.

لەنێوان کۆنگرەکانی ١٥ و ١٦ی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، کاک مووسا ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی بۆ تێکۆشان هەڵبژارد. بەو هۆیەوە کە لە هەر دوو بواری ڕاگەیاندن و ڕێکخستندا، بەمایە و بەتوانا و خاوەن ئەزموون بوو، لە هەر دووی ئەم بوارانەدا، درێژەی بە تێکۆشان دایەوە. ئەگەر کار و بەرپرسایەتییەکەی بەڕەسمی لە کۆمیسیۆنی تەشکیلات بایە، ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزب، دەستیان لێ هەڵنەدەگرت و بەردەوام داوای هاوکارییان لێ دەکرد. ئەویش بە سینگفرەوانییەوە بە دەنگیانەوە دەچوو. پێچەوانەکەشی هەر ڕاست بوو. ئەو کاتانەی ئەرک و بەرپرسایەتییە سەرەکییەکەی لە ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزب بوو، نەماندەهێشت پێی لە کۆمیسیۆنی تەشکیلات ببڕێ. خۆشی حەزی نەدەکرد لە کاری تەشکیلاتی و پێوەندی بە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی شار و ناوچەکانی کوردستان داببڕێ.

لە ڕاستیدا هاوڕێ مووسا باباخانی، هەم ڕاگەیاندن و هەم کاری تەشکیلاتیی بۆ ڕاکێشان و جووڵاندنی خەڵک، بۆ کاریگەریدانان لە سەر باوەڕ و بیرکردنەوەیان دەویست. ئەو ڕاگەیاندن و کاری ڕێکخستنی بۆ ئەوە دەویست تا بە هۆیانەوە لەگەڵ تاکەکان لە پارێزگەکانی کرماشان، ئیلام و تەنانەت ناوچەکانی خوارووتر، پێوەندی بگرێ و لە ئاست ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان وریایان بکاتەوە و بۆ پاراستن و بەرگریکردن لەو ناسنامەیە و بۆ بە بەشداری لە بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هانیان بدا. بەڵام لە گرنگیدان بە خەباتی پێشمەرگایەتی و کاریگەریی جموجۆڵی هێزی پێشمەرگە لە سەر ورە و باوەڕی خەڵکیش، غافڵ نەبوو. بۆیە پێشمەرگەبوون و وەک پێشمەرگە خۆدەرخستن و هەڵسوکەوتکردن و هاندانی حیزبەکەی بۆ گرنگیدان بە جموجۆڵی پێشمەرگانە لەسەر سنوورەکان و لە نێوخۆی وڵاتی بە ئەرکی خۆی دەزانی. لە ڕیزی پێشەوەی ئەو کادر و پێشمەرگانەدا بوو کە خوازیاری بەشداری لە تیمەکانی پێشمەرگە بۆ چوونەوە بۆ نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بوون. لەم بارەیەشەوە، هەموو ناوچەیەکی ڕۆژهەڵات بۆ ئەو، هەر کوردستان بوو و خۆی تەنیا بۆ ناوچە و پارێزگەیەک نەدەویست.

کاک مووسا بە خۆپێگەیاندن و بە هەوڵ و تێکۆشانی دڵسۆزانە و شوێندانەربوونی لە بوارە جیاوازەکانی تێکۆشاندا، وای کردبوو لە حیزبی دیموکراتی کوردستانیشدا، سەردەمێک وەک ئەندامی ڕاوێژکار و دوای کۆنگرەی ١٧یش وەک ئەندامی ئەسلیی کۆمیتەی ناوەندی، شوێن و جێگەی خۆی هەبێ. بە جۆرێکیش بۆ خەڵکی کرماشان ببووە سیما و تێکۆشەرێکی دیار و سەرنجڕاکێشی نێو حیزبی دیموکرات، کە داموودەزگا ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لەو ناوچەیە بە تایبەتی کە ئاگاداری پێوەندیی بەرینی ئەو لە گەڵ لاوان و کەسە چالاکەکانی نێوخۆ بوون، لێی بە ڕقداچووبوون؛ بە شێوەی جۆراوجۆر کەوتنە داودانانەوە و پیلانگێڕی بۆ زەبرلێدانی. کاک مووسا لەو هەوڵانە ئاگادار بوو، هەر بۆیە بە وشیاری و پارێزی خۆی، توانیبووی بەشێکیان بێئاکام بکاتەوە. بەڵام دەزگای تیرۆر و ئینسانکوژیی کۆماری ئیسلامی لە درێژەی پیلانگێڕییەکانیان بۆ لەنێوبردنی، نەوەستان و سەرئەنجام بە سوودوەرگرتن لە متمانەی کاک مووسا بە بەکرێگیراوێکی خۆیان کە ساڵانێک بوو پێوەندیی بە ڕواڵەت دۆستانەی لەگەڵ هاوڕێ مووسا دامەزراندبوو، لە داویان خست و هەر بە هۆی ئەو خەیانەتکارە، لە نیوەشەو و لەکاتێکدا خەوی لێکەوتبوو، تیرۆریان کرد.

مووسا باباخانیی تێکۆشەر، کەسێکی ڕوحسووک، هەڵسوکەوت جوان و خاوەن خوو و خدەی شۆڕشگێڕانە بوو. پێوەندیی هاوڕێیانە و دۆستانەی لەگەڵ هاوکاران و هاوسەنگەرانی گەرم و بەهێز بوو. ئەوەندە بە دڵگەرمی و بیر و باوەڕەوە شانی دابووە بەر ئەرک و بەرپرسایەتییەکانی، جێگایەکی دیاری لە تێکۆشانی حیزبەکەیدا هەبوو. ئەگەرچی ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پیلانێکی ناجوانمێرانەدا، ئەو هاوڕێ خۆشەویستەی بە جەستە لێ ئەستاندین، بەڵام بەدڵنیایەوە یادی خۆشەویستی لە نێو هاوسەنگەران و درێژەدەرانی ڕێگاکەیدا، هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

گیانی هاوڕێ مووسا باباخانی شاد و یادی بەڕێز. بە دڵنیاییەوە لاوانی کوردستان بە تایبەتی لاوانی کرماشان، شانازی بە بوونی ناوی ئەو تێکۆشەرە بەوەجەی مەڵبەندەکەی خۆیان لە ڕیزی کاروانی شەهیدانی سەربەرزی نەتەوەکەیان و حیزبی دیموکراتی کوردستاندا دەکەن و لە بەرزڕاگرتنی ناو و یادی و هەروەها لە بەردەوامڕاگرتنی ڕێگای خەبات و تێکۆشانی تا وەدیهاتنی ئاواتە بەرزەکانی ئەو شەهیدە و شەهیدانی تر، درێخی ناکەن.